سەکۆ
بۆ نیشتیمانسازی

# کاریگەریی ڕووبەڕووبوونەوە ئایینییە-سیاسییەکانی ئیمپراتۆریەتە ئیسلامییەکان لە کوردستان دا، لە سەرەتاوە تا کۆتایی خەلافەتی ئیسلامی(١)

سەباح موفیدی

پوختە

هاوکات لەگەڵ کۆڵینەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە ئایینییە-سیاسییەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتە ئیسلامییەکان و دواهاتە کۆمەڵایەتییە-سیاسییە گرنگەکانیان لە کوردستان لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی مێژووییەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات کێشەی مێژوونووسی و ڕوانگە لە توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکان، بەتایبەت کورد، بخاتەڕوو. بە زاڵبوونی خەلافەتی ئیسلامی سەرەتایی لە سەدەی حەوتەمی زایینییەوە، دەسەڵاتە سیاسییەکانی باوباپیرانی کوردان لەنێوبران و ژمارەی جەماوەری ناموسڵمان بە توندی دابەزی. لە ناوەڕاستی سەردەمی خەلافەتی عەباسی یەوە (٧٥٠-١٢٥٨) میرنشینە کوردییەکان دیسانەوە گەشەیان کرد. پاش عەباسییەکان، فیرقە ئیسلامییە جیاوازەکان گەیشتن بە دەسەڵات و کوردستان وردەوردە بوو بە شەرگەی دەسەڵاتە سیاسییە جیاوازەکان. بە سەرهەڵدانی دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سوننە و سەفەوی شیعە (جێگرەکانیشی) لە سەدەی شازدە دا، ململانێی ناوخۆیی لە جیهانی ئیسلامی دا گەیشت بە لووتکەی خۆی و تاکوو سەرەتای سەدەی بیستەم درێژەی خایاند. لە نێوان سەدەی حەوتەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕووبەڕووبوونەوە ئایینییە-سیاسییەکانی ئیمپراتۆریەتە جۆراوجۆرەکان لە کوردستان دا بە توندی دۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسیی خاکەکەی خستە ژێر کاریگەریی. ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی ئەوە دەکات کە چۆن ئیمپراتۆریەتە ئیسلامییەکان لە ڕووی سیاسییەوە لە ئایین وەکوو ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکتر و هەروەها لە دژی ڕاپەڕینەکانی کورد کەڵکیان وەردەگرت.

پێشەکی

لە توێژینەوەکان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مێژووی وڵاتانێکی فرەنەتەوە وەک ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا بە شێوەی ئاسایی لە ڕێگەی چاویلکەکانی نەتەوە باندەستەکان و دەوڵەتەکانیانەوە سەیر کراوە. مێژووی بنەماڵە و هۆزە جیاوازەکانی خاوەن دەسەڵاتێکی بانتر کە بە شێوەی پرژوبڵاو و پچڕ پچڕ لە خاکێکی نادیار و گۆڕاودا زاڵ بوون، وەک بەشێک لە مێژووی بەردەوامی دەوڵەتە باسکراوەکان دێتە ئەژمێر و پێوەند دەدرێت بە نەتەوە زاڵەکانەوە. بۆ وێنە، تا سەدەی بیستەم، هۆزە نافارسە جیاوازەکان وەک سەفەوییەکان، ئەفشارییەکان، زەندەکان و قاجارەکان، لەگەڵ زۆر بنەماڵە و هۆزی بچووکی تر، خاکە پێوەندیدارەکانیان بەڕێوە دەبرد. لە سەرەتای سەدەی بیستدا، ئەم تێکەڵە نادیارە مێژووییە وەکوو مێژووی فارسی/ئێرانی پێشکەش کرا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێی تاقە نەتەوەیی لەسەر بنەمای نەتەوەی فارس. بە واتایەکی تر، لە وێژمانی فەرمیدا مێژووی نەتەوەکانی تر سڕدرایەوە یان کەم کرایەوە. "مێژووی ئێرانی کەمبریج" چاپکراو لە چەندین بەرگدا لە ساڵەکانی ١٩٦٨-١٩٩١، نموونەیەک لەم توێژینەوانەیە کە لەڕاستیدا هەوڵێک بوو بۆ نووسینەوەی مێژوو لە بەرژەوەندی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی فارس. بەپێچەوانەی ڕەوتی سەرەکی توێژینەوە عەرەبی و تورکی و ئێرانییەکان کە کاریگەریی سیاسەتی دەوڵەتە ناکوردەکانی ناوچەکەیان لەسەرە، ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشکی خستووەتە سەر کوردستان وەک خاڵی ناوەندی شیکاریی بۆ پێشکەشکردنی ڕوانگەیەکی مێژوویی-شیکارانە کە دەکرێ بەکاربهێنرێت بۆ شیکردنەوەی پرسە سیاسییەکان و سیاسەتی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە ئایینییە-سیاسییەکانی هاوچەرخ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ئایین، نەتەوە، ناسیۆنالیست و دەوڵەتە جیاوازەکان، بەتایبەت لە نێوان کورد و نەتەوەکانی تردا،

دەکرێ ڕەگ و ڕیشەی مێژوویییان هەبێت و بگەڕێنرێنەوە بۆ کێشەکان لە ئیمپراتۆریەتە دێرین و ئیسلامییەکاندا. لەڕاستیدا، دەسەڵاتە ئیسلامییەکان، بەتایبەت ئیمپراتۆریەتەکانی عوسمانی سوننە و سەفەوی شیعە، ئایینیان وەک ئامرازێکی سیاسی بەکارهێنا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئەمەش کاریگەر بوو لەسەر کوردستان وەک ناوچەی بەیەکگەیشتنی ئەو دەسەڵاتانە. ناسیۆنالیست و دەوڵەتە مۆدێرنەکان، چ ئایینی چ سێکولار، یەک شێوازیان درێژە پێ داوە و لە کردەی ئایین بەپێی کۆمەڵگەکانیان کەڵکیان وەرگرتووە. ئەم توێژینەوەیە کاریگەرییەکانی ڕووبەڕووبوونەوە ئایینییە-سیاسییەکان لەسەر کوردستان –وەکوو شوێنی مێژوویی وەها ململانێگەلێک– لە سەردەمی ئیسلامی دا لێکدەداتەوە، بەمەش دواهاتەکانی ئەو جۆرە کردەوانە لەسەر بارودۆخی هاوچەرخ لە ناوچەکەدا دەخاتە ڕوو. ئەو پرسیارانەی کە لێرەدا هەوڵ دەدرێت وەڵام بدرێنەوە، ئەمانەن: کاریگەریی ڕووبەڕووبوونەوە ئایینییە-سیاسییەکانی ئیمپراتۆریەتە ئیسلامییەکان لەسەر کوردستان چۆن بووە؟ چۆن ئەوانە لە ئایینەکەیان بۆ پەرەپێدانی تەشەنەیان لە کوردستان دا کەڵکیان وەرگرت؟ بە ڕوونکردنەوەی پێوەندی نێوان ئایین و سیاسەت لە سەردەمی ئیسلام دا و ئەو ڕێگایانەی کە دەسەڵاتە سیاسییەکان ئایینیان بەکارهێنا لە ململانێیە ئایینییە-سیاسییەکانیاندا، ئەم توێژینەوەیە مێژوومەندیی بەکارهێنانی کردە سیاسییەکانی ئایین لە کوردستان دا پیشان دەدات. هەروەها سەرنجی کاریگەریی کۆمەڵایەتی-سیاسیی ململانێیەکان لەسەر کوردستان لە بەستێنی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتەدا دەدات.

لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان دا، پێویستە بە کورتی بگوترێت کە کورد بە ناوی ئێستاکەیەوە لە سەرچاوە عەرەبییە-ئیسلامییە سەرەتاییەکاندا لەوانە لە بەرهەمەکانی دینەوەری (سەدەی نۆیەم)، تەبەری، ئیبن وەحشییە، بەیهەقی، هتد، ناسراو بووە. ئەوان زۆرتر لە ناوچەیەکی بەرینی شاخاوی و دەوروبەریدا دەژیان بریتی لە بەشگەلێک لە مێزۆپۆتامیا و زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس، کە لە

ســەدەکانی ناوەڕاســتەوە، بەتــایبەت لە ســەدەی یــازدەهەمەوە لە ســەردەمی ســەلجۆقییەکانەوە (١٠٣٧-١١٩٤)، وەکــوو کوردســتان/کــوردەواری، واتە خــاک و وڵــاتی کــورد، ناســراوە و بەڵگێنــدراوە (بــــــــــــــڕوانە: Cheriff Vanly, 1992, 143; Nebez, 2004, 56; Zaki, 1931, 9-11; White, 2000, 15دەقە ئەرمەنییەکــانی ســەدەی دوازدە لە گێــڕانەوەی هەنــدێ ڕووداوی ســەدەی یــازدە دا بە ڕوونــی ئامــاژە بە نــاوی کوردســتان دەکەن .(Asatrian, 2009, 19-20) بە وتەی شــەرەفەدین بدلیســی (١٥٩٧)، کوردســتان خــاکی نێــوان زەریــای هۆرمــوز، کێوەکــانی ئــارارات (قەوقــاز) و زەریــای مەدیــتەرانەی لەبەر دەگــرت. بە هــۆی هێرشــی خەڵکــانی تــر لە هەر چوارلاوە، توانــدنەوە و گــۆڕانی دیمۆگرافیــک، ســنوورەکانی خــاکی کــورد بە درێژایــی مێــژوو گــۆڕاوە. بەوەشــەوە، کوردســتانی گەورە ئێســتا نــاوچەیەکی ســتراتیجک هەڵکەوتــووە لە نێــوان ئێــران و تورکیــا و عێــراق و ســووریا. هەروەهــا، بەشــی پێنجەمــی خــاکی کوردســتان هەبــوو کە لە ســەردەمی یەکێتیــی ســۆڤییەت دا بە "کوردســتانی ســوور" ناســرابوو، کە لەلایەن ستالین ـەوە هەڵوەشــایەوە و ڕەوەنــدێکی کــوردی لە وڵاتــانی تــری ناوچەکەی لێکەوتەوە.(Nebez, 2004, 53)

کوردســتان بە شــێوەی مێژوویــی لە ســەردەمی دێــرینەوە ناوەنــد و شــوێنی بەیەکگەیشــتنی ئــایینە جیاوازەکــان و گۆڕەپــانی ڕووبەڕووبــوونەوە سیاســییەکانی دەســەڵاتە جۆراوجۆرەکــان بــووە، کە لە بــاری سیاســییەوە ئایینیــان بەکارهێنــاوە. لە ســەردەمی خەلافەتــدا، دەســەڵاتدارانی موســڵمان لە کــردەی سیاســی ئیســلام بــۆ بەڕێــوەبردنی ناوچەکــانی کوردســتان کەڵکیــان وەرگــرت هەروەهــا کە لە وڵاتە ئیســلامییەکانی تریشــدا ئەو کارەیــان کردبــوو. وردەوردە، لە نــاو ســنووری خەلافەتــدا هەنــدێ میرنشــینی کــوردی ســەریان هەڵــدا. دواتــر کوردســتان کەوتە ژێــر کــاریگەریی ســەرهەڵدانی ئیمپراتــۆریەتە ئیســلامییە جیاوازەکــان، بەتــایبەت ئەوانەی عوســمانییەکان و ســەفەوییەکان، بە ئــایینزای جیــاوازەوە. ئیمپراتۆریەتەکــان هەوڵیانــدا کە بەشــگەلێک لە کوردستان پاشــکۆی خــاکی

خۆیان بکەن. حکوومەت و میرنشینە کوردییە نێوەندگیرەکان لە نێوان ئەوانەدا لە جوڵاندا بوون. هەرچۆنێک بێت، ئایین ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا و کاریگەریی لەسەر سیاسەتی ئیمپراتۆریەتەکان بەتایبەت لە کوردستان دا هەبوو.

بۆ لێکدانەوەی ڕووبەڕووبوونەوە ئایینیە-سیاسییەکان لە نێوان ئیمپراتۆریەتەکان و ئەو دواهاتە کۆمەڵایەتی-سیاسییانەی کە ئەوانە لە کوردستان دا هەیانبوو، مێتۆدی شیکاریی-مێژوویی بۆ ڕاپۆرت لەسەر ڕووداوە مێژوویی-سیاسییەکان و شرۆڤەی دۆخی سیاسی بەکارهێنراوە. بەم جۆرە، پێداچوونەوە بە دۆخەکەدا دەکرێت و خوێندنەوەیەک لەسەر دیاردەی بەکارهێنانی کردەوەیی ئایین لەلایەن دەسەڵاتدارە جیاوازەکان و دەسەڵاتە سیاسییەکان لە مێژووی سیاسی کوردستان دا لە کاتی گەیشتنی ئیسلامەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم پێشکەش دەکرێت. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و دەرخستنی کردەی سیاسی ئایین و ئەوەی کە چۆن ئیمپراتۆریەتەکان ئایینیان لە دژی یەکتر بەکارهێنا بۆ پەرەپێدانی تەشەنەیان، زۆرتر لە بەرهەمەکانی مێژووزانە مۆدێرنەکان لەسەر ئەم سەردەمە مێژووییە کەڵک وەرگیراوە. ئەو زانیاریی و سەرچاوانە بەکاردەهێنرێن بۆ لێکدانەوەی کاریگەریی ڕووبەڕووبوونەوە ئایینی-سیاسییەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە. لەبەرئەوەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرتر لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی ناسیۆنالیستە زاڵەکان و ڕوانگەی دەوڵەتانی ئێستاکەدا بووە، دەرکەوتەی سەرچاوە جیاوازەکان ڕەچاو دەکرێن بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان. لەڕاستیدا، بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و دۆخی سیاسی جیاوازی کوردستان، یەکێک لە ڕێگاکانی جێبەجێکردنی وەها توێژینەوەیەک، بەتایبەتی لە بواری زانستی سیاسیدا، خوێندنەوەی ئەو سەرچاوە مێژووییانەیە کە ڕوانگە جیاوازەکان سەبارەت بە ئایین پیشان دەدەن. لێرە بەدوا، ئەم توێژینەوەیە ڕووبەڕووبوونەوە ئایینی و سیاسییەکان لە سەردەمی ئیسلام دا لە کاتی گەیشتنی

ئیسلام تاکوو کۆتایی سەردەمی خەلافەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لێکدەداتەوە. لە دواییدا کاریگەریی ئەو ململانێیانە لەسەر کوردستان و سیاسەتی مۆدێرن لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا باس دەکات.

لە گەیشتنی ئیسلامەوە بۆ کۆتایی سەردەمی عەباسییەکان

لە سەردەمە دێرینەکاندا، شەڕی نێوان دوو ئیمپراتۆریەت بە دوو ئایینی جیاوازەوە بە توندی لەسەر کوردستان، وەک شەڕگەیان و شانشینە نێوەندگیرەکانی کاریگەر بوو. لەگەڵ هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر کوردستان، تەشەنەی دوایین ئیمپراتۆریەتەکان و ئایینەکانیان بەرەبەرە کۆتایی پێهات. بە زەبری هێز بێت (بڕوانە al-Tabari, 1970, V. 4, p. 186-7) یان بە ئاشتی، کوردستان دەستی بەسەردا گیرا. عەرەبەکان سەرەتا لە ٦٣٦ی زایینی لە قادسیە دا و لە کۆتاییدا لە ڕێگای کرماشان، پێتەختی هەرێمی ماد، لە ٦٤٢دا لە نەهاوەند لە نێو هەرێمی ماد، ساسانییە زەردەشتییەکانیان بەزاند) بڕوانە .(al-Khalil, 2011, 120; Frye, 1975, 16-19) بەوەشەوە، هەندێ بەشی کوردستان وەک شەڕگە مایەوە لە نێوان ئیمپراتۆریەتەکانی ئیسلامی و بێزەنتی تا سەدەی یازدەم کاتێ کە بەرەکانی خەلافەتی ئیسلامی لە کوردستان دوورکەوتەوە، بەتایبەت پاش بەزاندنی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی لەلایەن سوپای سەلجووقییەکانەوە –زۆرتر بریتی لە تورک و کورد– لە مەلەزگر لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ/ئاناتۆلیا لە ١٠٧١. لەو کاتەدا، حکوومەت و میرنشینە کوردییەکان ملکەچی دەسەلاتی سەلجووقییەکان بوون (Imber, 2019, 3; Boyle, 1968, 44-5; Zaki, 1931, 137).

بەم شێوەیە، کوردستان کەوتە بندەستی خەلافەتی ئیسلامی. لەگەڵ ئەوەشدا، کورد بۆ چەندین سەدە بەرەنگاری دەسەڵاتی عەرەب و بەئیسلامیکردن بووەوە. لە ٦٤٢دا شەڕێکی وێرانکەر لە نێوان کورد و عەرەب لە شارەزووردا ڕوویدا. دواتر، هەر لە سەدەکانی سەرەتایی ئیسلام دا کورد هەندێ جار لە دژی دەسەڵاتدارە عەرەبە موسڵمانەکان ڕاپەڕی. ڕاپەڕینەکانی میر جەعفەر کوڕی حەسە (جعفر بن فهرجس) لە زنجیرە دەسەڵاتدارانێکی کوردی ئێزدی/داسنی لە موسڵ لە نزیکەی ٨٤٠ و ڕاپەڕینی محەمەد کوڕی بیلال لە هۆزی هەزەبان لە ٩٠٦ دا (Zaki, 1931, 125-129, 238 & 278)لە گەورەترین ڕاپەڕینەکان بوون.(٢) لە سەدەی دوازدەم دا هێشتا پێڕەوانی ئایینە کۆنترەکان لە ناوچەکەدا هەبوون لەوانە "فیرقەی فریشتەپەرستەکان"، جوو، مەسیحی و زەردەشتی(Nebez, 2004, 26; Barkey & Fuller, 1998, 67) ؛ هەندێکیان هێشتاش لەوێ هەن.

تاکوو کۆتایی خەلافەتی عەباسیی هەموو حکوومەت و میرنشینە ئیسلامییەکان لە سەرزەوییە ئیسلامییەکاندا، بریتی لە ئێرانی ئەوڕۆکە، یان لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خەلافەتدا بوون یان ملکەچی بوون و لەلایەن ئەوەوە دانیان پێدا نرابوو، بریتی لە دەسەڵاتە عەرەب، تورک و کوردەکان – سەلجووقییە تورکەکان و ئەییووبییە کوردەکان، هتد.(٣) دەسەڵاتدارانی سەر بە دەزگای خەلافەت بوون. بەشە جیاوازەکانی کوردستان، بۆ نزیکەی سێ سەدە، لە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی والییە عەرەب و ناعەرەبەکانی خەلیفەکاندا بوون. بۆ نموونە، لە ٧٩٢ دا ڕەشید خەلیفەی عەباسی بۆ ماوەی سێ ساڵ فەزڵ بن یەحیای بەرمەکی کرد بە والی جیبال (کوردستان)، تەبەرستان، دەماوەند و ئەرمەنستان. دواتر، بەرەبەرە ژمارەی ئەمیرە/والییە کوردەکان زیاتر بوو و لەلایەن خەلافەتەوە دانیان پێدا نرا. لەم سەردەمەدا کوردەکان هێشتا بە گشتی لە خاکی ماد دا، بریتی لە مادی بچووک واتە ئازەربایجان، دەژیان. لەو پێوەندییەدا، هەندێک سەرچاوەی مێژوویی ئاماژە بە زنجیرە دەسەڵاتدارە کوردەکان، سەرۆکە کوردەکان و شەڕکەرە کوردەکان لە ناوچەکە تا

قەراخاوەکـــانی زەریـــای کاســـپیەن/مازنـــدەران دەکەن) بـــڕوانە ;Frye, 1975, 70-83, 163, 226 236 : Zaki, 1931, v. 2).

خەلـــیفە و والییەکـــانی ڕاســـتەوخۆ کۆمەڵگەیـــان هەڵنەدەســـووڕاند، بـــۆیە کوردســـتان لەگەڵ میرنشـینەکانی زیـاتر لە ژێـر دەسـەڵاتی جێبەجێکـارە خۆجێییەکانـدا مـایەوە. لەڕاسـتیدا، خەلیفەکـان لە بەغـدا وردەوردە دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـی سیاسـەتەکانیان لە دەسـت دەدا. بـۆیە خەلافەت بـوو بە هێمـا/ڕەمـز و خەلـیفەش ڕێبەرێکـی واتـاویی/ڕۆحـی. حـوکمڕان و سـەرکردەکان دەسـەڵاتی ڕاستەقینەیان لە نـاو دەوڵەتەکـان/سـەڵتەنەتەکان بریتـی لە زۆرێـک زنجیـرە دەسـەڵاتدار و میرنشـین و هـۆزە سـەربەخۆوەکان، جێبەجـێ دەکـرد. لەگەڵ گۆڕانکـارییە سیاسـییەکان، هەنـدێک لە زنجیـرە دەسـەڵاتدارە کوردەکـان گەشـەیان کـرد و سـەڵتەنەتی خۆیـان پێـک هێنـا. هەنـدێکی تـر مـانەوە و ملکەچـی سـوڵتانە ناکوردەکـان بـوون. هەنـدێک لەنێوچـوون و هەنـدێکی تـر سـەریان هەڵـدا. زۆربەی کـات سـەرکردە کوردەکـان لەگەڵ خەلیفەکـان هاوپەیمانییـان پێـک دەهێنـا و بە هێزەکانیـان وەک شـەڕڤانانی ئـایینی گرنـگ پاڵپشـتییان لە سـوڵتانەکان دەکـرد. هەنـدێ جـار هاوسـەرگیری سیاسـی هەبـوو لە نێـوان والـی و سـوڵتانە ناکوردەکـان و کوردەکـان دا. والییەکـانی خەلـیفە لە پێوەنـدی هاوسـەرگیری بـۆ پێکهێنـانی هاوپەیمـانی لەگەڵ زنجیـرە دەسـەڵاتدارەکان، بنەمـاڵە دەسـەڵاتدارەکانی پێشـتر و سـەرۆک هـۆزە کوردەکـان لە سـەدەکانی نـۆ و دەیەم دا کەڵکیـان وەرگـرت. بـۆ وێـنە، خەلـیفە مەروان لە دایکێکـی کـورد بـوو. ئەو و بـاوکی والـی هەنـدێک بەشـی کوردسـتان بـوون و پاشـان کوردەکـان یارمەتییـان دا وەک خەلـیفە بگـات بە دەسـەڵات) بـڕوانە-Boyle, 1968, 44-62, 121 : 132, 168-200 & 245; Frye, 1975, 233 236; Zaki, 1931, 127).

گەرچـی خەلافەتی ئیسـلامی یەک ئـایین و لە ڕێگـای ئەوەوە زمـانی عەرەبـی دەسـەپاند، وردەوردە لە ڕووی سیاسـییەوە کـرایەوە بـۆ بەشـداریی و تەشـەنەی خەڵـکە جیاوازەکـان. پـێش گەشەسـەندنی

میرنشـــینە کوردییەکـــان، بەهـــۆی پشـــتگیرییان لە بەغـــدا، هەنـــدێ کـــورد وەک هەزەبانەکـــان (Frye, 1975, 234)و زنجیـــرە دەســـەڵاتدارانی بـــووەیهی وردەوردە تەشـــەنەیان کـــرد و ڕۆڵیـــان لە سیســـتەمی خەلافەتـدا گێـڕا بە جـۆرێ کە تەنـانەت لە نێـوان کوردەکانـدا ڕکـابەریی ئـایینیی-سیاسـیی هەبـوو.(٤) لە دژی تەشـــەنەی بووەیهییەکـــان، کە لە ژێـــر کـــاریگەریی ئـــایینە کۆنەکـــانی گرێـــدراو بە ئـــایینە ڕەســەنەکانی دواتــر وەک یارســان یــان عەلەوی لە کوردســتان دا بــوون، بــاز کــوڕی دۆســتەک (شــاباز)، دامەزرێـــنەری میرنشـــینی دۆســـتەک (یـــان مەروانیـــی) لە دواییەکـــانی ســـەدەی دەیەم دا، هەوڵـــی دا کە دەســـەڵاتی خەلـــیفە بەهێـــز بکـــاتەوە .(Zaki, 1931, 238) پاشـــان کوردەکـــان لە بـــاری سیاســـییەوە گەشـــەیان کـــرد و لە ســـەدەی دەیەمەوە بـــۆ ســـەدەی ســـێزدەیەم شانشـــین و میرنشـــینەکانی خۆیـــان پێکهێنـــایەوە.(٥) هەنـــدێ حکـــوومەتی کـــوردی لە ســـەردەمی خەلافەتی عەباســـییەکان و دوای ئەوە هەوڵیانــدا کە ســەربەخۆیانە بجــووڵێنەوە. ئەوان دراویــان لێــدەدا و لە نــوێژی هەینــی هەنــدێ شــوێندا لەگەڵ نــاوی خەلــیفە نــاوی ســوڵتان و دەســەڵاتدارە کوردەکــان، وەک هەنــدێ لە ئەمیــرە مەروانییەکــان، ئاماژەیـــــان پـــــێ دەکـــــرا (بـــــڕوانە ;Boyle, 1968, 23; Zaki, 1931, V. 2; Bitlisi, 1597/2005 : Bruinessen, 1992, 161-75; Jackson and Lockhart, 1986, 4).

لە هێرشی مەغۆلەکانەوە بۆ سەرهەڵدانی سەفەوی و عوسمانییەکان

بە داڕمانی عەباســـییەکان، کوردســـتان دیســـانەوە ڕووبەڕووی هێرشـــی ئیمپراتـــۆریەتێکی تـــر بـــووەوە. هێرشـــی مەغۆلەکـــان لە ڕۆژهەڵاتەوە و لە ڕێگـــای کوردستانەوە بـــۆ ســـەر بەغـــدا لە ١٢٥٨ دا بە ســـەرکردەیی فەرمـــانڕەوای مەغـــۆل هۆلاکو، بـــووە هـــۆی ڕووخـــانی خەلافەتی عەباســـی و هەروەهـــا ســـەڵتەنەتی کـــوردی ئەییوبییەکـــان. هەڵـــمەت و هێرشـــەکانی مەغۆلەکـــان نـــزیکەی هەمـــوو کوردســـتانی لەبەر گـــرت و دیســـانەوە پێکهـــاتەی سیاســـی کوردســـتان تێـــک چـــووەوە. وەکـــوو حکوومەتەکـــانی تـــری موســـڵمانان، میرنشـــینە کـــوردییە خودموختارەکـــانیش، وەک کـــوردانی شـــوانکارە، پـــاش زیـــاتر لە ١٠٠

ساڵ هەڵسووکەوتی کەم و زۆر سەربەخۆیانە، بە ناچاری ملکەچی مەغۆلەکان و دواتر تەیموور لەنگ بوون. لە سیستەمی ئیلخانی هۆلاکو دا، مەغۆلەکان حوکمڕانی کوردستانیان دەکرد. سەرەڕای ئەوەش، هەندێ بەشی بچووکی زنجیرە دەسەڵاتدارە کوردە گەورەکان، وەک پاشماوەی دەسەڵاتدارانی ئەییووبی و هەندێ زنجیرە دەسەڵاتداری بچووکتر و سەرۆک هۆز کە بەیعەتیان دا بە مەغۆلەکان، مانەوە. بۆ نموونە، مەغۆلەکان حکوومەتی ئەردەڵانیان هێشتەوە کە بە ئەگەرەوە لە کۆتایی خەلافەتی عەباسیدا دامەزرابوو.(٦) میرنشینی جزیر/بۆتان کە لە سەردەمی بووەیهییەکان دا (سەدەکانی دەیەم بۆ یازدەم) دامەزرابوو، پاش هێرشی مەغۆلەکان و پاشان تەیموور لەنگ لە سەرەتای دەیەی ١٤٠٠ دا بووژایەوە و تا ڕاپەڕینی بەدرخان بەگ لە ١٨٤٧ دا کاتێ کە لەلایەن عوسمانییەکان ەوە لەنێوچوو، مایەوە. لە سەردەمی سەلجووقییەکانەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان میرنشینی خیزان هەبوو. میرنشینی حەسەنکێف وەکوو پاشماوەی دەوڵەتی ئەییووبییەکان مایەوە. میرنشینی چەمشگەزک لە سەردەمی مەغۆلەکان، تەیموورییەکان و قەرەقۆیونلوکان دا خۆی ڕاگرت. ئەم نموونانەی سەرەوە پیشان دەدەن کە هەندێ حکوومەتی کوردی لە سەردەمی هێرشی مەغۆلەکان دا، لە ڕێگەی بەیعەتدان بەوان، مانەوە. هەروەها، وەک هۆزە کۆچەرییەکانی مەغۆلەکان، تورکەکان، هتد، هۆزە کوردەکانیش بەشێک لە هێزی سەربازی ئیلخانەکانییەکانیان پێک دەهێنا (بڕوانە Boyle, 1968, 78, 347-392 and 514; Zaki, 1931, 153 and V.2). لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیلخانییەکان، تەیموورییەکان، قەرەقۆیونلوکان و ئاق قۆیونلوکان کە هێرشیان کرد و ناوچەگەلێک لە کوردستانیان داگیرکرد، یان دەسەڵاتیان ئەوێی لەبەر دەگرت، تا سەرهەڵدانی سەفەوییەکان و عوسمانییەکان، میرنشینە کوردییەکان دیسانەوە وردەوردە گەشەیان سەند.

بەم شێوەیە، لەکاتێکدا کە گۆڕانکارییە سیاسییە گرنگەکان لە ئاستی هێزە زاڵەکاندا لە ئارادا بوو، زۆر میرنشینی کورد لە قەبارەی بچووکتردا بە بەڕێوەبەرایەتیی و هەڵسووڕانی خۆیانەوە لە کوردستان دا هەبوون. ئەوان بەشدارییان لە سیاسەتدا کرد و هەندێکیان هەوڵیاندا کە بازنەی حکوومەتەکانیان پەرە پێ بدەن و سەربەخۆیی بەدەست بهێنن. ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتە ئاماژەپێکراوەکان لە سەرەوە، چ بە هێرش و لەشکرکێشی، چ لە ڕێگەی پێوەندیی دووڵایەنە، ئەمەگداری میرنشینە کوردەکانیان بەدەست هێنا و بە ڕواڵەت کردیانیان بە پاشکۆی دەسەڵاتی خۆیان. بۆ نموونە، ئەمیر شەرەفەدین بدلیسی لەگەڵ تەیموور لەنگ ڕێکەوت بۆ ئەوەی میرنشینەکەی بپارێزێت. پاش تەیموور لەنگ، ئەمیر شەمسەدین بدلیسی یارمەتی قەرەقۆیونلوکانی دا بۆ دامەزراندنەوەی حکوومەتەکەیان کە دانپێدانانی میرنشینی بدلیسی لێکەوتەوە، گەرچی دواتر ململانێی نێوان کورد و قەرەقۆیونلوکان بە هۆی بیروباوەڕی ئایینیی پەرەی سەند .(Zaki, 1931, 1579) لەڕاستیدا، هەبوونی هەندێ باوەڕی نیمچە-شیعەیی لە نێو قەرەقۆیونلوکاندا بووە هۆی پێوەندیی نزیکیان لەگەڵ سەفەوییەکان، لەکاتێکدا کە زۆربەی کوردەکان پاڵپشتییان لە ئاق-قۆیونلوکان و پاشان عوسمانییەکان دەکرد. بەم جۆرە، بە سەرهەڵدانی عوسمانییەکان لە باکوور و سەفەوییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە و شەڕی ئایینیی نێوانیان، کوردستان دیسانەوە کەوتە نێوان دوو هێزی گەورەوە.

کوردستان لە نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان دا

بەپێچەوانەی عوسمانییەکان وەکوو تورکی سوننەی خاوەن مێژوویەکی حوکمڕانی لە سەرەتای سەدەی چواردەیەمەوە، هەندێ ئەفسانە جیاواز سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی سەفەوییەکان هەیە. (٧) هەرچۆنێک بێت، لە سەردەمی باپیرەیانەوە، شێخ سەفی، تاکوو شا ئیسماعیلی یەکەم (١٤٨٧-

١٥٢٣) وردەوردە هێڵــی ســـەفەوی لە ڕووی ئـــاینییەوە بـــوو بە شـــیعە و لە ڕووی ئێتنیکیـــیەوە تورکمـــان. بەوەشـــەوە، ئەوە لە ســـەردەمی ئیســـماعیلی یەکەم، وەک یەکەم ســـەرکردەی ســـەفەوی بـــوو کە شـــا بە ڕاشــکاوی بــاوەڕی ئــایینیی خــۆی وەک شــیعە ڕاگەیانــد. چ شــێخ ســەفی کــورد بووبێــت چ عەرەب، شــا ئیســـماعیل لە نێـــو تورکمانەکـــان و ئەریستۆکراســـی ســـەربازی و بەڕێـــوەبەرایەتیی ئەوانـــدا گەورە بـــوو. ســـــەفەوییەکان لەگەڵ قەرە و ئـــــاق قویونلوکـــــان پێوەنـــــدییان هەبـــــوو بە جـــــۆرێ کە ڕێبەرەکانیـــــان جونەیـــد و حەیـــــدەر لەگەڵ بنەمـــــاڵەی ئـــــوزون حەســـــەن - حـــــوکمڕانی زنجیـــــرە دەســـــەڵاتداری ئـــــاق قویونلوکـــان لە ســـەدەی پـــازدە دا هاوســـەرگیرییان کـــرد. لە نێـــو ژمـــارەیەکی کەم لە قەرەقۆینلوکـــان و کوردەکـــان هەنـــدێ هاوشـــێوەیی ئـــایینیی لەگەڵ شـــیعەکان لە ئەنـــادۆڵ/ئاناتۆلیـــا، ئازەربایجـــان و کوردســـتان هەبـــوو، ئەمەش ڕێگـــای خـــۆش کـــرد بـــۆ گۆڕانکـــارییەک لە هێڵـــی ئـــایینیی ســـەفەوییەکان دا. هەروەهـــا، پاڵپشـــتی کەمیـــنەی شـــیعە لە بـــاکوور و پاشـــان بەشـــەکانی تـــری ئێرانـــی ئەوڕۆکە بـــۆ شـــا ئیســـماعیل لەو گـــۆڕانەدا کـــاریگەر بـــوو. بەم جـــۆرە، ڕێبـــازی عیرفـــانیی ســـەفەوییەکان بە تێپەڕبـــوونی کـــات بیروبـــاوەڕی شـــیعەی دوانـــزە ئیمـــامەی لەخـــۆگرت تـــاکوو ســـەرنجی جەمـــاوەرە پێوەندیـــدارەکان بـــۆ لـــــــدی خۆیـــــــان ڕاکێشـــــــ. (Jackson and Lockhart, 1986, 135-200, 306-345, 620 & 631). لەڕاســتیدا، بە وتەی زەکــی "شــا ئیســماعیل پــێگەی شــێخیەتی/مەعــنەوی گــۆڕی بە تــاجی ســەڵتەنەت " (1931)، 257).

هەرچۆنێــک بێــت، بــۆ گەیشــتن بە دەســەڵات ســەفەوییەکان وردەوردە ئایینەکەیــان گــۆڕا و شــیعەیان کــرد بە ئــایینی دەوڵەت .(Kedouri, 1992, 338) ئەم گۆڕانکــارییە هێــزی سیاســی-ســەربازی قزڵباشــی بۆخــۆی ڕاکێشــا کە پێویســتی بە ڕەواییەکــی ئــایینیی جیــاواز بــوو لە بەرانــبەر خەلافەتی ســوننەی نــوێ کە لە گەشەســـەندندا بـــوو.(٨) ئەوان پێویســـتیان هەر بەو جـــۆرە هێمـــا و ڕەمـــزانەی ڕەوایـــی پێـــدان هەبـــوو کە عوســـمانییەکان بەکاریـــان دەهێنـــان. بەڵام نە بـــاوەڕی قزلباشـــەکان و نە ڕاهێنـــان بە شـــێوازی

سـوننه بـۆ کەسـایەتییە دیارەکـانی نـاوچەکە توانسـتی دابینکردنـی پاسـاوێکی ئایینییـان نەبـوو بـۆ بەهێزکردنـی بناغەکـانی ئیمپراتـۆریەتی سـەفەوی. بـۆیە، سـەفەوییەکان هەوڵیانـدا نە تەنیـا ئـایینی باوەڕمەنـدانی سـوننە بگـۆڕن، زۆرتـر بە مەبەسـتی سیاسـی، بەڵکـوو فیرقەیەکـی تـایبەتی شـیعە ڕاهـاتوو لەگەڵ سیاسـەت پێشـکەش بـکەن. لە سـەردەمی شـا ئیسـماعیل دا، زۆریـنەی خەڵکـانی بندەسـتی دەسـەڵاتی سـەفەوی سـوننە بـوون؛ ئەو زۆر و هێـزی بەکارهێنـا بـۆ گـۆڕینی ئـایینی خەڵـک و خـۆی وەک کەسـێ لە نەوە ڕاسـتەوخۆکانی ئیمامـانی شـیعە و بەرگریکـاری ئـایینی شـیعە ناسـاند. لە بەرانـبەر ئـایینی سـوننەی عوسـمانی دا، ئەو شـیعەی دوانـزە ئیمـامەی کـرد بە ئـایینی فەرمـی خـاکی بندەسـتی خـۆی و کـردی بە زۆرەملـێ. بـۆ برەودانـی ئـایینی شـیعە لە خـاکی بندەسـتیاندا، سـەفەوییەکان زانایـانی ئـایینیی شـیعەیان بەهێـز کـرد لە ڕێـگەی هێنـانی مەلا دوازدە-ئیمامییەکـان، بەتـایبەت لە کەمیـنەی شـیعەی عەرەب لە عێـراق و بەحـرەین و سـووریاوە. بـۆ پێکهێنـانی ئـایینێکی تـایبەت بە یـارمەتی مەلا دوازدە-ئیمامییەکـان، شـا ئیسـماعیل تیشـکی خسـتە سـەر زانایـانێکی تـایبەت لە جەبەل عـاملی سـووریا (باشـووری لوبنـانی ئەوڕۆکە)، کە ناسـراوبوون بە عاملییەکـان. ئەمـانە بیردۆزیـی سیاسـی شـیعەیان دەسـکاریی و چاکسـازی کـرد بـۆ ئەوەی کە شـیعەی نەریتیـی و ناسیاسـیی بـاو پێوەنـد بـدەن بە دەسـەڵاتەوە و بـیکەن بە ئایینێـک کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێـوە ببردرێـت. عاملییەکـان کە خۆیـان نە تەنیـا لە ڕووی ئـایینییەوە بەڵکـوو لە ڕووی سیاسیشـەوە کەمیـنە بـوون لە نـاو شـیعەکاندا،(٩) بە تونـدی لە دژی عوسـمانییەکان بـوون و داکۆکییـان لە ئیمپراتـۆریەتی شـیعە دەکـرد (بـڕوانە: Farrokh, 2011, 10-22; Newman, 2006, 2-24, 65 & 107; Abisaab, 2004, 139).

لەم نێـوانەدا، عوسـمانییەکان وەک سـەرکەوتووان بەسـەر قوسـتەنتەنییەدا خۆیـان بە شـیاوی دانیشـتن لەسـەر کورسـی خەلافەتی ئیسـلامی دەزانـی و حـوکمڕانی خۆیـان ڕاگەیانـد. بە گـوتەی ڕۆدز مـورفی (1999، 146)، جیـاوازیی نێـوان ئـایین و دەمـارگرژیی ئـایینیی لە سـەردەمی ئیمپراتـۆریەتی

عوسمانی دا گرنگتر بوو لە خەلافەتەکانی پێشتر. لەڕاستیدا، بەکارهێنانی ئایین لە ئایدۆلۆجیای دەوڵەتیدا و کەڵکوەرگرتن لە هەستی ئایینیی بۆ پاساوی پەرەپێدانی سنوورەکانی خاکی بندەستی، پاڵنەری ناوخۆیی خەلافەتەکە بوو. بە کەڵکوەرگرتن لە ناسێنەی ئایینیی، ئیمپراتۆریەتەکە پێداویستییە سیاسییەکانی دابین کرد کە جیاواز بوون لە باوەڕی ئایینیی تاکێک. گەشەسەندنی دەوڵەتی شیعە مەترسی بوو بۆ خەلافەتەکە، لەبەر ئەوەی کە سەفەوییەکان وەها دەوڵەتێکیان بۆ پووچەڵ کردنەوەی هێز و دەسەڵاتی عوسمانییە-سوننەکان دامەزراندبوو. کەواتە، لە جیهانی ئیسلامیدا، بەکارهێنانی بانگەشەی ئایینیی لەلایەن خەلیفەی عوسمانییەوە سەرەتا سەفەوییەکانی کردە ئامانج. بەم جۆرە، بێجگە مەیل بەرەو پەرەپێدانی سنووری خاکی بندەستیان، ئایین هۆکارێکی سەرەکی بوو کە بووە هۆی گرژی لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان دا. عوسمانییەکان وەک بەرگریکارانی ئایینی سوننە، سەفەوییەکان بە بانگەشەی شیعەبوون و میراتگرانی عەلی و پێغەمبەر، خۆیان بەو کەسانە دەزانی کە دەبێ حوکمڕانی موسڵمانەکان بکەن. ڕکەبەرییەک لە نێوان خەلیفە/سوڵتان وەک جێگری خوا و شا وەک سێبەری خوا هەبوو. بۆ عوسمانییەکان، ئایینی شیعە فیرقەیەکی لادەر و داهێنراو بوو کە وای لێ کردن شەڕی پیرۆز (جیهاد) لە دژی سەفەوییەکان ڕابگەیەنن. ئایینی شیعەش بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ هاندانی هێزەکانی سەفەوی لە دژی عوسمانییەکان. لە کۆتاییدا هەردوو لایەنەکە لە کوردستان دا شاخ بە شاخ بوون (Howard, 2017, 86; Jackson and Lockhart, 1986, 135-200, 306-345 & 620 631).

کاتێک شا ئیسماعیل دەستی کرد بە گۆڕینی زۆرەملێی ئایینی خەڵک و مەلا سوننەکانی کوشت یان دووری خستنەوە(Ward, 2009, 43) ، سوڵتانی عوسمانی، بایەزیدی دووەم، ئامۆژگاری کرد کە واز لە تێکدانی پەرستگەکانی موسڵمانە سوننەکان بهێنێت. بەوەشەوە، شا ئیسماعیل وەک دژە سوننەیەک درێژەیدا بە بڵاوکردنەوەی شیعە بە زەبری هێز. ڕاپەڕینی قزڵباشەکانی

ئەنـــادۆڵ/ئاناتۆلیـــا و هـــاتوچۆی ڕێـدیەنگرانی ســـەفەوی لە ســـنووری نێـــوان دوو دەســـەڵاتەکەدا، نـــاڕەزایەتی عوســـمانییەکانی بەدواوە بـــوو. پـــاش بایەزیـــدی دووەم، ســـوڵتان ســـەلیم کە زۆرتـــر دژە شـــیعە بـــوو، هەڵســـوکەوتی لەگەڵ تورکمـــانە شـــیعەکان تونـــدوتیژتر بـــووەوە (Ward, 2009, 44; Jackson and Lockhart, 1986, 219 & 223). لە ئاکامـــدا گـــرژی نێـــوان دوو هێـــزەکە شـــەڕێکی درێژخـایەنی لـێکەوتەوە. بەپێـی فەتـوای مـوفتییە سـوننەکان لە دژی بێبـاوەڕان و لادەرەکـان، سـوڵتان سـەلیم هێرشـی کـردە سـەر سـەفەوییەکان و لە شـەڕی چاڵـدێران لە کوردسـتان شـا ئیسـماعیلی بەزانـد (Howard, 2017, 89). لە نـــاو ئیمپراتۆریەتەکەشـــدا، دەســـەڵاتدارانی عوســـمانی، بەپێـــی فەتـــوای فەقـیهە سـوننەکان، عەلەوییەکانیـان وەک ڕێـدەر و بێبـاوەڕ دەناسـاند (Vorhoff, 2003, 94). لە ١٥٤٨ دا شێخولئیسـلام ئەبـو سـعوود ئەفەنـدی ئەوانـی وەک ڕێدەر ڕاگەیانـد، بەم جـۆرە کوشـتنیان بەپێـی یاســای ئیســلام ڕێگەپێــدراو بــوو. کــوردان و تورکــانی عەلەوی/قزڵبــاش کەوتــنە بەر ئــازاردان. بەپـێچەوانەی کەمیـنە ناموسـڵمانەکان، هـیچ ڕێسـایەکی یاسـایی تـایبەت بە عەلەوییەکـان نەبـوو، بـۆیە وەک سوننەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا (Kehl-Bodrogi, 2003, 55).

ئەم گۆڕانکاریـــانە بە تونـــدی لەســـەر کوردســـتان کـــاریگەر بـــوون، کە دیســـانەوە وەک ســـەردەمی ئیمپراتـــۆریەتە دێرینەکـــان بـــوو بە نـــاوچەیەک لە ژێـــر هێرشـــی دوو ئیمپراتـــۆریەت و دوو ئاییـــندا. لە ســـەردەمی ســـەرهەڵدانی ســـەفەوییەکانەوە، بەشـــگەلێک لە کوردســـتان بـــوو بە شـــوێنی ڕکەبەریـــی لە نێـوان عوسـمانی و سـەفەوییەکان دا. بە لەنێوچـوونی ئـاق-قویونلـووە سـوننەکان، زۆربەی کوردسـتان سـەرەتا کەوتە بندەسـتی سـەفەوییەکان. کاتێـک سـەفەوییەکان دوای خەڕـدفەتی عوسـمانی نەکەوتـن، کەوتـــنە بەر هێرشـــی عوســـمانییەکان. وەک ئاکـــامی شـــەڕی نێـــوان ئیمپراتۆریەتەکـــانی عوســـمانی و ســـــەفەوی لە ١٥١٤دا، کوردســـــتان لە نێوانیانـــــدا دابەش کـــــرا. ئەم دابەشـــــکردنە بە پەیماننـــــامەی زەهـــاو/قەسرشـــیرین لە ١٦٣٩ دا بـــوو بە فەرمـــی و بەشـــی گەورەتـــری کوردســـتان کـــرا بە پاشـــکۆی

ئیمپراتـــۆریەتی عوسـمانی. بەم شـێوەیە، هەر بەشـێکی کوردسـتان کەوتە بەر کـاریگەری سیاسـەتی ئـــایینی ئیمپراتـــۆریەتی پێوەندیـــدار) بـــڕوانە ,Ghassemlou, 1993, 104; Hassanpour, 2003 : 118; Newman, 2006, 76; al-Khalil, 2011, 235). ئەم شـەڕە ئـایینی-سیاسـییە کـاریگەریی زۆر نەرێنـی لەسـەر داهـاتووی کوردسـتان و یەکێتیـی کـورد هەبـوو. دوای دابەشـکردنەکە، هەرکـام لەو ئیمپراتۆریەتـانە ئـایینزای ئیسـلامیی پێوەندیـداری بەکارهێنـا بـۆ پێکهێنـانی یەکێتییەکـی نـاوخۆیی لە نێـوان خـاک و نەتەوە جیاوازەکانـدا. لەلایەکەوە، سـەرکردە کوردەکـان بە هـۆی ئایینەکەیـانەوە سـەر بە خەلافەتی سـوننە بـوون؛ لەلایەکی تـرەوە، ئەوان هەنـدێک جـار بەرژەوەنـدی سیاسـییان لەگەڵ سەفەوییەکان هەبوو، گەرچی لە ژێر گوشاردا بوون کە ببنە شیعە.

پـاش شـەڕی چاڵـدێران، عوسـمانییەکان بە هاوکـاری سـەرۆک هـۆزە کوردەکـان کـۆنترۆڵی زۆربەی ناوچەکـانی کوردسـتانیان بەدەسـت هێنـا؛ دیـاربەکر، مـاردین، موسـڵ، هتـد .(Howard, 2017, 90) ئەوان بـۆ ڕازیکردنـی کوردەکـان دوو فێڵیـان کـرد: یەکەمیـان ئـایینی بـوو بە بەکارهێنـانی هەسـتی ئـایینیی هـاوبەش، و دووەمـی سیاسـیی بـوو لە ڕێـگەی بە فەرمـی ناسـینی خودموختـاری حکـوومەتە کوردییەکـان. بـوونی زۆرینەیەکـی کـوردی سـوننە لەم پاشـکۆکردنەدا یارمەتیـدەریان بـوو. بـۆ نمـوونە، بە یـارمەتی ڕێبەرێکـی ئـایینی کـورد، مەلا ئیـدریس بدلیسـی (١٤٥٥-١٥٢٠)، ئەوان لە هەسـت و هەڵوێسـتی ئـایینی کوردەکـان کەڵکیـان وەرگـرت بـۆ بەرفـراوان کردنـی دەسـەڵات/سـەروەریی بە سـەر بەشـــگەلێک لە کوردســـتان دا .(al-Khalil, 2011, 247) دوابەدوای ڕووخـــانی حکـــوومەتی ئـــاق-قۆیونلـو، بدلیسـی پێوەنـدیی بە عوسـمانییەکانەوە کـرد لەبەر ئەوەی کە لە ڕووی ئـایینییەوە لە دژی شـا ئیسـماعیل بـوو. ئەو بە هـۆی خزمەتەکـانیی لە شـەڕی دژ بە سـەفەوییەکان، ڕێزێکـی زۆری لـێ گیـرا و گەیشـتە بەرزتـرین پلەوپـێگەی ئـایینیی لە دەوڵەتـی عوسـمانی دا. لە ڕێـگەی وێژمـانی ئـایینییەوە، ئەو هـانی خەڵکـی ئازەربایجـان و کوردسـتانی دا کە پشـتیوانی عوسـمانییەکان بـکەن.(١٠) لە ١٥١٥ دا

سـولّتان سـەلیمی یەکەم بڕیاریـدا کە ئەو دەبـێ بنێردرێـت بـۆ کوردسـتان کە سـەرکردە کوردەکـان، سـەرۆک هۆزەکـان و حـوکمڕانە خۆجێیەکـان لە دژی شـا ئیسـماعیل و خەڵکـی شـیعە هـان بـدات. بدلیسـی بەڕاسـتی کـاریگەر و قـایلکەر بـوو و زۆر سـەرکردەی کـورد و میرنشـینەکان پاڵپشـتییان لە سـوڵتانی عوسـمانی کـرد و دەسـەڵاتی خەلافەتی عوسـمانییان قبـووڵ کـرد. وەک خـاوەن تەشـەنە و کـاریگەرێکی کـورد و سـوننە، ئەو زۆرتـرین سـەرکەوتنی لە کوردسـتان دا هەبـوو، بە ڕاکێشـانی ٢٣ سـەرکردەی کـورد لە دیـاربەکر، مـاردین، موسـڵ، شـنگال، حەسـەنکێف، ئامێـدی، جزیـرە، کەرکـووک و هەولێـر، هتـد. بـۆ نمـوونە، دوای دیـاربەکر، کاتێـک عوسـمانییەکان دەیانویسـت کە مـاردین بگـرن، بدلیسـی بڵاوۆکێکی بانگەشـەی بـۆ هاووڵاتییـانی ئەوێ نـارد و ئـایەتێکی قورئـانی بەکارهێنـا بـۆ کاریگەریـدانان لەسـەریان. خەڵـک کەوتـنە بەر کـاریگەریی و شـارەکە بە ئاشـتییانە گیـرا. وەک یەکگرتـوویەک لەسـەر بنەمـای ڕێککەوتنێـک لە ١٥١٤ لە نێـوان عوسـمانییەکان و کوردەکـان دا، دەسـەڵاتی ڕواڵەتیـی دەوڵەتـی عوسـمانی قبـووڵ کـرا بە مەرجـێ کە خودموختـاری کوردەکـان لە ژێـر حـوکمڕانی میراتیـدا بپارێزرێـت، بـاجی سـاڵانە بـدەن و لە شـەڕەکاندا پاڵپشـتی لە یەکتـر بـکەن. بەم شـێوەیە، بدلیسـی یـارمەتی عوسـمانییەکانی دا کە بە ئاسـانی زاڵ بـبن بە سـەر زۆربەی بەشـەکانی کوردستان دا.(al-Khalil, 2011, 232; Zaki, 1931, 161-167)

لە بەرانـبەردا، سـەفەوییەکان گرووپێکـی کـوردی شـیعە یـان نـیمچە-شـیعەیان بەکارهێنـا کە بەشـێک لە قزڵباشـەکانیان، لایەنگرانی سـەفەوییەکان، پێـک دەهێنـا. هەنـدێ هـۆزی کـورد لە نـاوچەی دێرسـیم/تـونجەلی پێڕەوانـی ڕێبـازی سـەفەوی بـوون کە دواتـریش بە قزڵبـاش ناسـران (White, 2000, 45). ئەمەش ئەوانـی خسـتە دۆخـی جۆلانە لە نێـوان دوو هێـزەکەدا. سـەفەوییەکان لە پێوەنـدیی هاوسـەرگیریش کەڵکیـان وەرگـرت تـاکوو دانیـان پێـدا بنرێـت لەلایەن میرنشـینە کوردەکـانەوە، وەک هاوسـەرگیری خۆشـکی شـا ئیسـماعیل لەگەڵ میرێکـی کـورد لە کوردسـتان.

سیاسەتی کردەوەیی لە رێگای هاوسەرگیرییەوە بەردەوام بوو، بۆ وێنە کاتێ کە هاوسەرگیریی نێوان بنەماڵەکانی سەفەوی و ئەردەڵان ڕاگەیندرا. هەروەها، ئەوان حوکمڕانی هەندێ پارێزگایان بە سەرکردە کوردەکان سپارد تاکوو لە کوردستان دووریان بخەنەوە، وەک گەنج عەلی خان فەرمانڕەوای سەربازی و حوکمڕانی کرمان لە ١٥٩٦ بۆ ١٦٢١ و قەندەهار لە ١٦٢٢ بۆ ١٦٢٤. بۆ تواندنەوە لە ناو خۆیانیشدا، هەندێ جار پۆستە فەرمییە بەرزەکانیش بە سەرکردە کوردەکان دەدرا وەک وەزیر، بۆ وێنە شێخ عەلی خان زەنگەنە (١٦١١-١٦٩١) کە وەزیری گەورە بوو لە ١٦٧٣ بۆ ١٦٩٠، و کوڕەکەی شاقولی خان زەنگەنە (م. ١٧١٥) لە سەردەمی دەسەڵاتی شا حوسێن دا (١٦٩٤-١٧٢٢). بە ئەگەرەوە سەفەوییەکان لە وەها پێوەندیگەلێکی تاکەکەسیی لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و هاوپەیمانی بە هاوسەرگیری کەڵکیان وەرگرتبێت بۆ پێوەندیی لەگەڵ کوردەکان و بۆ پووچەڵکردنەوەی کاریگەریی ئایینی هاوبەشیان لەگەڵ عوسمانییەکان) بڕوانە : Farrokh, 2011, 10-22; Ward, 2009, 3 & 42; Newman, 2006, 2-24 & 65 & 107; Jackson and Lockhart, 1986, 135-200, 306, 342-345, 620 & 631).

وێڕای هەبوونی دوو ئیمپراتۆریەت، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هیچ کامیان حوکمڕانی ڕاستەوخۆیان لە دوو بەشەکەی کوردستان دا نەبوو. دەسەڵات لە رێگای سەرۆکە کوردەکانەوە جێبەجێ دەکرا. لە ناوەڕاستی سەدەی شازدە دا، وەک ئاماژە کرا، کوردەکان زۆربەی خاکی خۆیان بەڕێوە دەبرد. دەوڵەتانی عوسمانی و سەفەوی هەبوونی میرنشینە کوردەکانیان وەک دەوڵەتانێکی بچووک یان ویلایەتە خودموختارەکان قبووڵ کردبوو .(Hassanpour, 2003, 111) بنەمای دەسەڵاتی سەرۆکە کوردەکان لە هاوپەیمانییان لەگەڵ یەکێک لە ئیمپراتۆریەتەکان سەرچاوەی دەگرت. زۆربەیان لایەنگری عوسمانی و هەندێکیش لایەنگری سەفەوی بوون (Farrokh, 2011, 25).لە نێو خاکی سەر بە عوسمانی دا، زۆر ویلایەت هەبوون) بڕوانە (Inalcik, 2000, 105-107 : بریتی لەوانەی کوردستان وەک دیاربەکر، وان، شارەزوور، هتد. وەک سەردەمی سەلجووقییەکان،

لە ١٥٢٧ دا تەنانەت ویلایەتێک هەبوو بە ناوی "کوردستان" خۆیەوە، کە لە ئەنجامی دانوستانەکان بەدی هات. هەروەها زۆر ناوچەی خودموختار و نیمچە-خودموختار هەبوون. بۆ نموونە، میرنشینی وان کە لە ١٥٤٨ دا دامەزرا ژمارەیەک سەنجەقی لەبەر دەگرت (Imber, 2019, 147, 156, 165 & 192). لە نێوان دەوڵەت و میرنشینە کوردییەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دا، رێککەوتن و رێکخستنی فەرمی هەبوو. دوای پاشکۆکردنی کوردستان، حکوومەتی عوسمانی دانی نا بە دەسەڵاتی میر و سەرۆکە کوردەکان بە سەر خاکەکەیاندا وەک موڵکی میراتیی. "پەیمانی کورد-عوسمانی" بە فەرمی دانی نابوو بە شانزە میرنشینی خودموختار بە قەبارەی جۆراوجۆر، نزیکەی پەنجا سەنجەقی کورد و ژمارەیەک سەنجەقی عوسمانی. لە بەرانبەر خودموختاریدا، میرنشینەکان دەبوا یاسای عوسمانی بپارێزن، باج بدەن، هێزی چەکدار بۆ خەلافەتی عوسمانی دابین بکەن، لە دژی خەلافەت رانەپەڕن و لەگەڵ سەفەوییەکان پیلان نەگێڕن و سنووری ویلایەتەکان نەگۆڕن یان دەستدرێژیی نەکەنە سەر هەرێمە خودموختارەکانی تر (Nezan, 1993, p 14; Bruinessen, 1992, 42; Barkey & Fuller, 1998, 7).

گەرچی بە شێوەی ئاسایی هەردوولایەنەکە –کورد-دیتران– رێزیان لەو دۆخ و رەوشەی سەرەوە دەگرت، تا دەیە سەرەتاییەکانی سەدەی نۆزدەم،(١١) هەندێ گرژی و هەوڵی سەربەخۆیی هاتەئاراوە، لەوانە لە دوو میرنشینی گرنگدا بە سەرکردایەتی کوری جانپۆلاد،(١٢) هەروەها ئەمیرخان لەپ زێرین.(١٣) لە قەڵای "دمدم"دا لە ١٦٠٨، ئەمیرخان لە دژی شا عەباس راپەری. پێش ئەوە، کاتێک عوسمانییەکان لە خاکی سەفەوی دا تەشەنەیان کرد، هۆز و خێڵە کوردەکانی ناوچەکە بەیعەتیان بە عوسمانییەکان دا و ملکەچ و گوێڕایەڵی سەفەوییەکان نەبوون. شا محەمەد، بەگێکی برادۆست، بوو بە میری برادۆست. سەرەرای ئەوەش، ئەمیرخان گوێڕایەڵی نەبوو و لەگەڵ میرە گەورەکانی تری کورد وەک عومەر بەگ، حوکمرانی سۆران، پێوەندیی هەبوو. لە بەرانبەر عوسمانییەکان دا، سەفەوییەکان بە فەرمی دانیان نا بە ئەمیر خان دا وەک میری

برادۆست و سەنجەقی مێرگەوڕ و تەرگەوڕ و ورمێ و شنۆ. پاشان ئەمیر خان لە بەشەکانی تری کوردستان یشدا لە نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دا تەشەنەی کرد. بەمەش لە نێو حوکمڕانە کوردەکاندا ناوبانگی دەرکرد. زۆرێک لە میر، سەرۆک هۆز و هۆزە کوردەکان لە ناوچەکەدا، لەوانە عەبدالْ خان موکری، خزمەت و پشتیوانییان لێ دەکرد، ئەمەش بووە هۆی تێکۆشانی بۆ سەربەخۆیی لە سەفەوییەکانیش. ئەوان هەروەها دژایەتییەکی ئایینییان لەگەڵ ئەمیرە شیعە/قزلباشەکان هەبوو، بەجۆرێ کە یەکێک لە هۆیەکانی عەبدالْ خان بۆ پەیوەندیکردن بە ئەمیر خان، دژایەتی ئایینیی ئەو لەگەڵ سەفەوییەکان بوو. سەفەوییەکانیش ئەم خانانەیان بە دەست و پێوەندی ڕۆم/عوسمانییەکان دەزانی و بە ناوی ئایینەوە و بە یارمەتی ئەو گرووپانەی کە لە دژی عوسمانییەکان بوون، لە ١٦٠٨ دا هێرشیان کردە سەریان، گەمارۆیانیان دا و کوشتنیان. لەڕاستیدا، سەفەوییەکان پاڵپشتییان لە گرووپە ڕاپەڕیوەکان لە دژی عوسمانییەکان دەکرد. ئەم گرووپانە بە جەلالی ناسرا بوون، وەک عەلەوییەکان لە ئاناتۆلیا کە لە شەڕدا بوون لەگەڵ عوسمانییەکان لە سەدەکانی شازدە و حەڤدە دا. پاش ئەوەی کە عوسمانییەکان بە سەرکردایەتی محەمەد پاشا جەلالییەکانیان بەزاند، ئەوان هێنرانە نێو خاکی سەر بە سەفەوی بە جۆرێ کە سەفەوییەکان لەگەڵ هێزەکانی قزلْباش لە دژی کورد لە قەڵای "دمدم"دا بەکاریان هێنان. بەوەشەوە، قوباد خان موکری، برازای عەبدالْ خان، بەپێچەوانەی باوکی واتە شێخ حەیدەر موکری، لە ململانێیەکی سیاسی لەگەڵ سەفەوییەکان تێوەگلا. بەهۆی دژایەتی ئێتنۆ-ئایینیی، ئەو لە سەفەوییەکان لە دژ قەڵای دمدم پشتگیریی نەکرد. دوای ڕاپەڕینی دمدم سەفەوییەکان هێرشیان کردە سەر هۆزە کوردە-سوننەکانی موکریش (Monshi, 2003, V. 2, 792-811; Zaki, 1931, v. 1, 180-5 and V.2). هەندێ نووسەر وەک ئەمین زەکی (1931, 186)، وەک تۆڵەی شیعە لە سوننەکان باسی ئەم ڕووداوانە دەکەن. لە شەڕی دژ بە کوردە سەربەخۆییخوازەکان، هەردووک، عوسمانییەکان و سەفەوییەکان، کوردیان بە دوژمن دەزانی. ئەوان متمانەیان بە کوردەکان نەبوو

و له زاراوه ئیسلامییەکان لە دژیان کەڵکیان وەردەگرت، لەوانە "غازی/شەرکەرە پیرۆزەکان" و "فەتح" کە لە بنەڕەتدا لە دژی ناموسڵمانەکان بەکار دەبران.

بە کورتی، بە هۆی سەرهەڵدانی ئایینی شیعە لە دەسەڵاتی سیاسیدا، سەردەمی عوسمانی-سەفەوی لووتکەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئایینی-سیاسیی بوو لە ناو جیهانی ئیسلامدا، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێشوو و دواتر، کە بە توندی کاریگەریی لەسەر کوردستان هەبوو. هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە بە ناوی ئایینەوە ئامانجە سیاسییەکانیان بەدواداچوون دەکرد و بازنەی تەشەنەی خۆیان پەرە پێ دەدا. عوسمانییەکان هەوڵیاندا کە ئایینزای سوننە بپارێزن و سەفەوییەکان هەوڵیاندا کە ئایینی خەڵک بگۆڕن. ناکۆکی و ململانێیەکان لە کوردستان دا کێشەی زۆری لێکەوتەوە.

کاریگەریی ناکۆکییەکان لەسەر کوردستان

لە هەڵمەت و لەشکەرکێشییەکان لە دژی سەفەوییەکان، عوسمانییەکان هەر جارەو بەشێک لە کوردستانیان دەخستە سەر خاکی بندەستی خۆیان. پاش شەڕی چاڵدێران، لە ١٥١٦ دا میرنشینگەلێک وەک دیاربەکر و بدلیس خرانە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. کاتێک حوکمڕانی سەفەوی لە دیاربەکر پاشەکشەی کرد سیاسەتی زەوی سووتاوی جێبەجێ کرد. پاش گرتنی تەورێز/تەبریز لە ١٥٣٤ دا، عوسمانییەکان دەستیان بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستادا گرت و لە ڕێگەی هەمەدان ـەوە بەرەو بەغدا چوون. کاتێکیش سەفەوییەکان لە ١٥٥٣ دا هێرشیان کردە سەر کوردستان، عوسمانییەکان لە ١٥٥٥ دا وەڵامیان دایەوە و دیسانەوە هەندێ ناوچەیان گرتەوە. لە ماوەی هێرشی عوسمانییەکان دا بۆ سەر سەفەوییەکان لە نێوان ١٥٧٨ بۆ ١٥٩٠ دا ناوچەکانی

تـری کوردسـتان کەوتـنە دەسـتیان. لەو کـاتەدا، زنجیـرە ڕاپەڕینەکـانی کـورد لە نـاوچە سـنوورییەکانی ئیمپراتــۆریەتی ســەفەوی لە بەرژەوەنــدی عوســمانییەکاندا بــوو. بەڵـام دیســانەوە لە 1623-4 دا لە مـاوەی هەڵمەتـی سـەفەوییەکان بەرەو شـوێنە پیرۆزەکـانی شـیعە، کەربەلا و نەجەف، کە بـووە هـۆی گرتنـی بەغـداش، ئەوان نـاوچە کوردییەکـانی داقـوق، کەرکـووک، شـارەزوور و دیاربەکریـان خسـتەوە ژێـر کـۆنترۆڵی خۆیـان. لە 1629-30 دا، عوسـمانییەکان بـۆ گـرتنەوەی بەغـدا لە ڕێـگەی کوردستان ـەوە هێرشـیان کـردە سـەر سـەفەوییەکان و بە سـەرکەوتنیان لە ماهیدەشـتی کرماشـان دا، بەرەو هەمەدان پێشـڕەوییان کـرد. گـرژی و ئاڵۆزییەکـان بەردەوام بـوون تـاکوو پەیمـانی ئاشـتی زەهـاو لە ١٦٣٩ دا، کـاتێ کە عوسـمانییەکان بەغـدا و تەواوی مێزۆپۆتامیایـان کـۆنترۆڵ کـردەوە) بـڕوانە : Jackson and Lockhart, 1986, 224-285; Newman, 2006, 28-43).

بەم شـێوەیە، زۆربەی میرنشـینە کوردەکـان پاشـکۆی عوسـمانی کـران و هەنـدێکیش کەوتـنە بندەسـتی سـەفەوییەکان، لەکاتێکـدا کە هەنـدێکی تـر وەک ئەردەڵـان دابەش کـران یـان وەک هەکـاری لە نێـوان هەردوو ئیمپراتـــۆریەتەکەدا مـــایەوە. لە ملمالـــدنێی نێـــوان ســـەفەوییەکان (جێگرەکانیشـــیان) و عوسـمانییەکان دا، میرنشـینە کـوردییە سـوننەکان بە هـۆی تـرس لە زاڵبـوونی شـیعەی سـەفەوی بە دوای وەرگرتنـــی یـــارمەتی لە عوســـمانییەکان بـــوون، هەر لەو کـــاتەدا هەنـــدێکیان کـــاتێ کە دەکەوتـنە ملمالـدنێی سیاســی لەگەڵ ئیمپراتــۆریەتی عوســمانی بە دوای وەرگرتنــی یــارمەتی لە ســەفەوییەکان بــوون، تەنــانەت هەشــیان بــوو کە بە ڕواڵەت ئــایینی خــۆی گــۆڕی. میرنشــینگەلێک وەک بــدلیس و هەکــاری لە ئەمەگــداری و بەیعەتیــان لەگەڵ عوســمانییەکان و ملمالــدنێی هەردوو ئیمپراتــۆریەتەکە کەڵکیـان وەرگـرت بـۆ بەرفراوانکردنـی هەرێـمەکەی خۆیـان. سـەرەڕای ئەوەش، ئەمەگـداری سـەرکردە کوردەکـان بـۆ هەرکـام لە ئیمپراتۆریەتەکـان دەبـووە هـۆی سـەرکەوتنی ئەو یەکەیـان، بە جـۆرێ کە پێـڕەوی هەنـدێ لە سـەرکردە کوردەکـان لە سـەفەوییەکان بـوو کە بـووە هـۆی سـەرکەوتنی شـا عەبـاس لە شـــەڕی ســـاڵی ١٦٠٥ لە نزیـــک گـــۆلی ورمـــێ دا (Bruinessen, 1992, 142; Imber, 2019, 156;

بەوەشـــەوە، کاتێـــک بە هـــۆی پرســـە سیاســـیی-ئایینییەکـــانەوە هەنـــدێ Howard, 2017, 140). میرنشـینی سـنوورەکان وەک حکوومەتەکـانی ئەردەڵـن، مـوکری، لـوڕی بچـووک، بابـان، هتـد، زیـاتر بایـــان دەدایەوە بەرەو یەکێـــک لە ئیمپراتۆریەتەکـــان، لەلـایەن ئەوی تریـــانەوە هێـــرش دەکـــرایە سـەریان. بـۆ هەنـدێ مـاوەی درێژخـایەن نـاوچەگەلێکی کوردسـتان وەک موکریـان، ناوچەکـانی نێـوان ورمـێ و گـۆلی وان، کەرکـووک، شـارەزوور بـۆ موسـڵ، کرماشـان، هەمەدان و ئەردەڵـن تـاو نە تـاو لەلایەن یەکێک لەو دەسەڵاتانەوە داگیر دەکرا.(Farrokh, 2011, 6, 66-82)

سـەبارەت بە گـۆڕانی گـوێڕایەڵی بـۆ سـەفەوییەکان یـان عوسـمانییەکان، دەکـرێ ئامـاژە بەو نموونـانەی خـــوارەوە بکرێـــت. یەکەم، ئەردەڵانەکـــان دوای مـــاوەیەک ســـەربەخۆیی،(١٤) ئەمەگـــداریی سیاســـییان گـۆڕی،(١٥) گەرچـی سـەربەخۆیی ناوخۆییـان تـا کۆتـایی دەسـەڵاتی خـان ئەحـمەد خـان پاراسـت. پاشـان وردەوردە تەشـــەنەی سیاســـی ســـەفەوییەکان زیـــاتر بـــوو. بـــۆ وێـــنە، لە میرنشـــینی ئەردەڵـن لە دەیەی ١٥٥٠ دا کێشـــە و گـــرژی هەبـــوو: "لە ١٥٥١ دا، خـــانی ئەردەڵـن بەیعەتـــی خـــۆی لە عوسـمانییەکانەوە گـــۆڕی بـــۆ ســـەفەوییەکان .(Imber, 2019, 192) "بەڵـام لە کۆتاییـــدا میرنشـــینەکە دابەش کـــرا و لە ١٥٦١ دا شـــارەزوور لە ئەردەڵـن دابـڕا .(al-Khalil, 2011, 233) دووەم، حکـــوومەتی مـــوکری لە ژێـــر دەســـەڵاتی ســـارم خـــان دا بەیعەتـــی دا بە عوســـمانییەکان. بەڵـام دوای ئەو، شـــێخ حەیـــدەری ئـــامۆزای، بەیعەتـــی دا بە ســـەفەوییەکان. بـــۆیە، ســـولتان ســـولەیمان عوســـمانی ئەمیـــرە کوردەکـــانی ئامێـــدی، هەکـــاری و، برادۆسـتی نـارد بـۆ شـەڕ لە دژی حکـوومەتی مـوکری. حـوکمڕانی دواتـر، ئەمیـر بەگـی حـاجی عـومەری سـارم، بەیعەتـی دا بە عوسـمانییەکان. کەواتە، لە مـاوەی ڕاپەڕینـی ئەمیـر خـانی برادۆسـت دا، وەک پێشـتر ئامـاژە کـرا، عەبـداڵ خـان پاڵپشـتی لە ئەمیـر خـان کردبـوو لە بەرانـبەر شـێخ حەیـدەر دا. دوای شـێخ حەیـدەر، ئەمیـر بەگـی مـوکری شـەڕی نەکـرد لە دژی ڕاپەڕینـەکە. سـێیەم، شـاوێردی، سـەرکردەی لـوڕی بچـووک، نمـوونەیەک لەو حـوکمڕانە کـوردانە بـوو کە زۆر جـار بەیعەتـی خـۆی لە عوسـمانییەکان

بۆ سەفەوییەکان دەگۆڕی، بەپێچەوانەوەش (بڕوانە: Zaki, 1931, V.2). چوارەم، لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا، لە ناوچە سوننەکاندا لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی سەفەوی دا، چەندین ڕاپەڕین ڕوویدا. کوردەکان چیتر پاڵپشتییان لە سەفەوییەکان نەدەکرد و بە دوای دەستێوەردانی عوسمانییەوە بوون (بڕوانە: Farrokh, 2011, 72-5). لە دەیەی ١٧١٠ دا هەندێک ڕاپەڕینی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، لەوانە لە ١٧١٧ دا لە هەمەدان، کە زۆرینەی دانیشتووانی هێشتا کورد بوون، ئەوان بەشی ناوەندی خاکی بن دەسەڵاتی سەفەوییان تا دەوروبەری ئەسفەهان گرت (Newman, 2006, 107 & 116; Jackson and Lockhart, 1986, 318).

کەواتە، سەرۆکە کوردەکان لە سەدەی شازدەم بۆ حەڤدەم بە شێوەی خودموختار حوکمڕانیان دەکرد، بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتەکانی عوسمانی و سەفەوی کە ناوبەناو بەیعەت و ئەمەگدارییان بۆ ئەو دووانە بە ئارەزووی خۆیان دەگۆڕی (Imber, 2019, 149). میرنشینە کوردەکان کە پلەیەکی جیاواز لە گرێدراوێتی بە عوسمانییەکان یان سەفەوییەکانیان هەبوو، وەک شەرگە و ناوچەی پارێزەر و نێوەندگیر بەکاردەهێنران (Romano, 2006, 3). بەوەشەوە، ئەوە ئایین بوو کە بە توندی لەسەر ئەمەگداری و بەیعەتیان کاریگەر بوو. لەڕاستیدا، دوو ئیمپراتۆریەتەکە ئایینیان بەکارهێنا لە بەرژەوەندی سیاسەتەکانی خۆیان و بۆ پەرەپێدانی سنوور و بازنەی دەسەڵاتیان. بە هۆی سیاسەتی ئایینی عوسمانییەکان، هەندێ کوردی عەلەوی/قزلباش لە نێو خاکی سەفەوی دا پەنای سیاسییان گرت. دەوڵەتی عوسمانی ئەوانەی بە بەشێک لە دژبەران/ئۆپۆزیسیۆن، ناسراو بە جەلالییەکان، دەزانی کە پێشتر ئاماژەیان پێ کرا. لە نێو خاکی ئیمپراتۆریەتی سەفەویشدا، زۆر کورد ڕاگوێزرانەوە لە نێو کوردستان دا و لە کوردستانەوە بۆ شوێنەکانی تر، لەبەر ئەوەی کە گوێڕایەڵی دەسەڵاتی سەفەوی نەبوون. ئەوان لەبەر سوننەبوون زۆربەیان مەیلیان بەرەو عوسمانییەکان یان بەدەستهێنانی سەربەخۆیی

تەواو هەبوو. شا تەهماسب و پاشان شا عەباس (١٥٧١-١٦٢٩)، دوای سەرکەوتنی لە دەوروبەری ئەرزڕۆم دا، ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە کوردییەکانیان لە کوردستان ـەوە گواستەوە بۆ خۆراسان، بەتایبەت بۆ دەوروبەری خابوشان (قووچان). ئەم سیاسەتە لەلایەن ئەفشارییەکان و پاشان قاجارەکان ـەوە درێژەی پێ درا. نادر شا هەندێ هۆزی لە کوردستان ـەوە گواستەوە بۆ بەشەکانی تری خاکی بن دەسەڵاتی –وەک هەندێ لە شکاکەکان، عەمارلوو، زەند، خواجەوەند (لە گەڕووسەوە)، لوڕ، هتد، بۆ خۆراسان، مازەندەران و گیلان) بڕوانە : Farrokh, 2011, 55-89; Zaki, 1931, 190; Avery et al, 1991, 4 and 514-5). سەفەوییەکان و جێگرە ناکوردەکانیان، ئەفشارییەکان و قاجارەکان، دوو مەبەستیان هەبوو: یەکەم، ڕەنگە گۆڕینی دیمۆگرافی و کەمکردنەوەی جەماوەری کورد کە بە هۆی ئایینەکەیان و/یان بەرژەوەندی سیاسییانەوە توانستی ئەوەیان هەبوو ئەمەگداری و بەیعەتیان بگۆڕن بەرەو لای خەلافەتی عوسمانی. دووەم، بۆ بەکارهێنانیان لەبۆ بەرگیری لەو هێرش و لەشکەرکێشیانەی کە لە لایەنەکانی ترەوە هەڕەشەیان لە دەسەڵاتیان دەکرد. بەم شێوەیە، هەندێ کۆمەڵی کورد لە خاکی سەرەکی خۆیان دابڕێندران و لە شوێنەکانی تردا بڵاوەیان پێ کرا، وەک دانیشتووانی پارێزگای خۆراسانی باکووری ئێستا لە ئێران.

عوسمانییەکان و جێگرەکانی سەفەوییەکان (ئەفشارەکان-زەندەکان)

سەفەوییەکان لەلایەن غەلزاییە سوننەکانی ئەفغانەوە لەنێو بران کە بە سەرکردایەتی شا مەحموود ئەسفەهانیان گرت. سەرەتا، هەندێک لە کوردەکانی خۆراسان ـیش ملکەچی ئەفغانەکان بوون (Avery et al, 1991, 19-23). لە ئاکامدا، عوسمانییەکان قووڵتر و زیاتر لە ڕابردوو لە خاکی پێشتر بندەستی سەفەوییەکان دا، تەشەنەیان کرد (Howard, 2017, 188-9). لەو کاتەدا، کوردستان زۆرتر لە ژێر کۆنترۆڵی کورد دا بوو، لەکاتێکدا کە عوسمانییەکان بە ڕواڵەت بۆ

پشتیوانی لە تەهماسبی دووەم هاتبوونە ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کوردەکان بەرگرییان لە سوپای عوسمانی کرد، گەرچی هەندێک دژایەتی هەبوو بەتایبەت لەلایەن ئەوانەوە کە پێشتر لە خاکی بندەستی عوسمانییەوە هاتبوون. بە هۆی یارمەتی لوڕەکان و گرووپە کوردەکانی تر کە ئەو کات دانیشتووانی سوننەی خۆجێیی بوون، لوڕستان، کرماشان و هەمەدان، ئەردەڵان و ورمێ لە کوردستان و بەشگەلێک لە ئازەربایجانی ئێستا تا ئەردەبیل لە 1723-4 دا کەوتە دەست عوسمانییەکان (Farrokh, 2011, 83; Newman, 2006, 125; Jackson and Lockhart, 1986, 327; Avery et al, 1991, 20 and 298-9). وەک لایەنگرانی ئیسلامی سوننە، ئەفغانەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە دانیان پێدانرا و لە ١٧٢٧ دا لە هەمەدان پەیمانی ئاشتییان واژۆ کرد (Farrokh, 2011, 84; Avery et al, 1991, 300). بەپێی پەیمانەکە، ئەشرەف خان وەک حوکمڕان ڕاگەیەندرا. لەڕاستیدا، هەندێ لە کوردەکانیش پشتیوانییان لە ئەفغانەکان کرد، لەبەر ئەوەی کە ئەوان لەلایەکەوە دژایەتی سیاسییان لەگەڵ عوسمانییەکان هەبوو، لەلایەکی ترەوە ئەفغانەکان بەپێچەوانەی سەفەوییەکان سوننە بوون. تەنانەت سەرۆکە لوڕەکان شازادەی سەفەوی، سەفی میرزایان، لە ١٧٢٧ دا کوشت، دوای ئەوەی کە لە ئەسفەهانەوە هەڵاتبوو بۆ هەمەدان و کرماشان. بەوەشەوە (Avery et al, 1991, 47). پاش پەیمانی ئاشتیی، ئەفغانەکان، ئەمیرە کوردە دژبەرەکانی عوسمانییان ڕادەستی عوسمانییەکان کردەوە (Zaki, 1931, 201). ئایینی هاوبەشی ئەفغانەکان و عوسمانییەکان لە بەرژەوەندی عوسمانییەکان بوو لە بەرانبەر دژبەرە کوردەکانیاندا. سەرەڕای ئەوەش، دەسەڵاتی ئەفغانەکان کورت بوو.

نادر خانی ئەفشار کە وەک فەرماندەری پاشماوەی سوپای سەفەوی بە سەرکردایەتی شا تەهماسبی دووەم ئەفغانەکانی لە دەسەڵات وەلانا، هەوڵیدا بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ کوردەکانی خۆراسان بەتایبەت لە ڕێگەی پێوەندی هاوسەرگیریی لەگەڵ سەرۆک هۆزە کوردەکان. ئەوان

بەرەنجــام پەیوەنــدییان پێــوە کــرد و دەســەڵاتەکەیان بەهێزتــر کــرد. لە شــەڕی نــادر خــان لە دژی عوســـــمانییەکان لە ١٧٣٠ دا، ڕۆژهەڵـــاتی کوردســـــتان بریتـــی لە لوڕســـــتان، کرماشـــــان، هەمەدان، ســـنە/ئەردەڵان و ورمـــێ کەوتـــنە ژێـــر دەســـەڵاتی نـــادر خـــان. بەڵام زۆر زوو دوای ئەوە هێزەکـــانی عوســـمانی لە ١٧٣١ دا دیســـان ئەو ناوچـــانەی کوردســـتانیان گـــرتەوە. بە وەلانـــی شـــا تەهماســـبی دووەم، نـــادر خـــان هێرشـــی کـــردە ســـەر عوســـمانییەکان و ئەو ناوچـــانەی گـــرتەوە و بەشـــێک لە خـــاکی بندەســـتی عوســـمانی (لە باشـــووری کوردســـتانی ئێســـتاکە)، بریتـــی لە کەرکـــووک، دێرنـــێ/دێـــرنە، شـــارەزوور، هتـــد، گـــرت. لە ١٧٣٣ دا، نـــادر خـــان لە ڕێـــگەی کەرکووک ـەوە هێرشـــی کـــردە ســـەر بەغـــدا. هەر لەو ســـاڵەدا، عوســـــمانییەکان ئەو خاکەیــــان گــــرتەوە. لە مــــاوەی ململانێیەکەدا هەنــــدێ نــــاوچەی کوردســــــتان، لە هەمەدان بـــۆ کەرکـــووک بـــوون بە شـــەڕگەی نێـــوان دوو ئیمپراتـــۆریەتەکە (Avery et al, 1991, 19 32 and 302-4; Zaki, 1931, 201; Farrokh, 2011, 107-112).

هەرچۆنێـــک بێـــت، لە ١٧٣٥ دا پەیمـــانێکی ئاشـــتیی لە نێـــوان عوســـمانییەکان و نـــادر خـــان دا پەســـەند کـــرا. پاشـــان نـــادر خـــان لە ١٧٣٦ دا لە جێـــی عەباســـی ســـێیەمی ســـەفەوی، خـــۆی بە شـــا ڕاگەیانـــد. بەم شـــێوەیە، دەســـەڵاتی زنجیـــرە دەســـەڵاتدارانی ســـەفەوی بە تەواوی کۆتـــایی هـــات. نـــادر خـــان ئـــایینی بەکارهێنـــا بـــۆ گەیشـــتن بە دەســـەڵات. ئەو ســـوننە بـــوو بەڵام سیاســـەتێکی ئـــایینیی جیـــاوازی هەبـــوو و وەک یەکێـــک لە مەرجەکـــانی پـــۆپە/تـــاج لەســـەرنانی خـــۆی، لە کۆبـــوونەوەکە داوای کـــرد کە ڕێـــز لە بیروبـــاوەڕی ســـوننە بگـــرن و ئـــازار و بەدواداچـــوونی ســـوننەکان ڕاگـــرن. گەرچـــی ئەو ویســـتی ئـــایینزای ســـوننە جێـــی شـــیعە بگـــرێتەوە، بەڵام بەهـــۆی دەســـەڵاتی درێژخـــایەنی ســـەفەوی ئەو داواکـــارییەی هەرگیـــز جێبەجـــێ نەکـــرا (بـــڕوانە .Farrokh, 2011, 115: بەو بـــۆنەوە کە عوســـمانییەکان لە لایەن دەرەوە ی و بیـــدعەی ســـەفەوییەکان بـــۆ پاشـــکۆکردن و دەســـتێوەردان لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان کەڵکیـــان وەرگرتبـــوو، نـــادر ویســـتی کە ئەو بیـــانووە ئـــایینییە چارەســـەر بکـــات. بەهـــۆی نـــاڕەزایەتی مەلاکانی شـــیعەکان، ئەو نەیدەویســـت ڕاشـــکاوانە ســـوننە وەک ئـــایینی دەوڵەت ڕابگەیەنێـــت. ســـەرەڕای ئەوەش، بـــۆ بە ئاســـانی دانپێـــدانانی لەلایەن

عوسمانییەکان ـەوە، بەتایبەت لە سەرەتاوە و بە جێی ئەفغانە سوننەکان، ئەو هەوڵیدا پیشان بدات کە ئیسلامی ئۆرتۆدۆکس گەڕاوەتەوە بۆ ئەو خاکە. ئەمە واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاشتیی ئاسانتر کردەوە. جگە لەوەش، ئەو ویستی پشتیوانی هۆزە کورد، تورکمان و ئەفغانە سوننەکان لە سوپاکەیدا و ئەمەگداری موسڵمانە سوننەکان لەو وڵاتانەی تردا کە دەیویست هێرش بکاتە سەریان بەدەست بهێنێت، هەروەها ڕێگایەک بکاتەوە کە پاوانخوازی سوڵتانی عوسمانی لە جیهانی ئیسلامدا تووشی ئاڵنگاری بکات. هاوکات، هەوڵیشیدا باوەڕمەندانی شیعە لەگەڵ ئایینی سوننە ئاشت بکاتەوە بۆ ئەوەی وەک ـ ـدیەنگرانی ئەو بمێننەوە (Ward, 2009, 51; Jackson and Lockhart, 1986, 328 and 648-654; Avery et al, 1991, 45, 306-8 and 706-9).

هەرچۆنێک بێت، شیعە وەک ئایینێکی کاریگەر لە سیاسەتدا مایەوە. تەنانەت دواتر لە ١٧٤١ ـەوە نادر شا وەک بیانوویەک بەکاری هێنا بۆ هێرشکردنە سەر عوسمانییەکان. کاتێک نادر بوو بە شا، خەڵکی شیعە لە خاکی بندەستیدا داوایان لێ کرد کە داوا لە سوڵتانی عوسمانی بکات کە دان بە ڕەوایی شیعەی جەعفەری/دوانزە ئیمامی وەک پێنجەمین قوتابخانەی ئۆرتۆدۆکسی ئیسلام بنێت و لە دەوروبەری کەعبەی پیرۆز لە مەککە دا شوێنێکی تایبەتیش بۆ ئەوە ڕەچاو بکرێت. لە دانوستانەکانی لەگەڵ عوسمانییەکان دا لە دەیەی ١٧٣٠ دا، نادر شا پێشنیارەکەی هێنایە ئاراوە (Howard, 2017, 192; Avery et al, 1991, 307). خەلیفە لەسەر ویستی زانایانی ئایینیی سوننە پێشنیارەکەی نادری ڕەت کردەوە. پاشان، دوای هەوڵی سەرنەکەوتووانەی نادر لە ١٧٤١ دا بۆ بەکارهێنانی سیاسەتە ئایینییەکەی لە دژی سوڵتان بۆ بەدەستهێنانی بەیعەت و ئەمەگداری موسڵمانەکانی تر، هەڕەشەی لە عوسمانی کرد و لە ١٧٤٢ دا شەڕ دەستی پێ کردەوە. گەرچی لە باری بەڕێوەبەرایەتیی و ڕێکخراوەییەوە نادر شا دامودەزگای سەفەوی درێژە پێ دا، ئایدۆلۆجیا و پێکهاتەی سوپای جیاواز بریتی لە ئەفغانەکان، تورکمانەکان، کوردەکان کە هاوئایینی نادر شا بوون (Avery et al, 1991, 46 & 308-9; Ward, 2009, 52)، لەسەر کوردەکانی کوردستان ـیش

کـاریگەر بـوو. هەروەهـا، کوردسـتان لەسـەر ڕێگـای زیـارەتکەرانی شـیعە لە هەنـدێ نـاوچەی ئێرانـی ئێسـتا و ئاسـیای ناوەنـدی بـوو. ئەمە بیـانووی دا بە دەسـت نادر ـەوە. ئەو بە ئاسـانی لە ڕێگـای کوردستان ـەوە هێرشـی کـردە سـەر عوسـمانییەکان. لە ١٧٤٣ دا، لە ڕێگـای کەرکووک ـەوە هێرشـی کـردە سـەر بەغـدا و پاشـان موسـڵ. سـوپای نـادر شـا هەنـدێ نـاوچەی لە باشـووری کوردسـتانی ئێسـتاکەدا بریتـی لە کەرکـووک، هەولێـر و شـنگال گـرت (Ward, 2009, 55-59, Avery et al, 1991, 46-49, 303 & 309). لە شـەڕ لەگەڵ کـوردانی ئێـزدی دا، هێزەکـانی نـادر شـا چەنـد هەزار ئێـزدی و ڕێبەرەکەیـان، یەزیـد، لە شـنگال لە ١٧٤٣ دا کوشـت. شـەڕ لە نێـوان ئەفشـارەکان و عوسـمانییەکان تـا دانوسـتانەکان و ڕێککەوتنێـک لە ١٧٤٦ دا بەردەوام بـوو کە لە کۆتاییـدا بـووە هـۆی وازهێنـانی نـادر شـا لە هەمـوو داواکارییەکـانی. گەرچـی کوردەکـان یارمەتییانـدا کە بگـاتە دەسـەڵات، بەڵـام بەهـۆی کردەوەکـانی هەنـدێ جـار دژایەتییـان دەکـرد. دواجـار لە ١٧٤٧، لە ڕێگـای چـوون بـۆ سـەرکوتی کوردەکـانی خۆراسـان لە خابوشـان نـادر شـا لەلایەن هێزەکـانی خـۆیەوە کـوژرا (Avery et al, 1991, 5 & 51-59, 309 and 709; Zaki, 1931, 207; Farrokh, 2011, 124-125).

پـاش تیـاچوونی نـادر شـا، ململانێی هۆزەکـان شـەڕی نـاوخۆیی لـێکەوتەوە. دەسـەڵاتێکی سـەرەووتر بـوونی نەبـوو و زۆر دەسـەڵاتی نـاوچەیی و میرنشـینەکان بە شـێوەی خودموختـار ناوچەکـانی خۆیـان بەڕێـوە دەبـرد. ئەمە هەلێکـی بـۆ گرووپێـک لە کوردەکـان بـۆ گەیشـتن بە دەسـەڵات ڕەخسـاند؛ واتە زەنـــدەکان کە هـــۆزێکی لەک لە باشـــووری ڕۆژهەڵـــاتی کوردســـتان بـــوون و لە ســـەردەمی سـەفەوییەکاندا ببـوون بە شـیعە. لە سـەرەتادا کە دەیانەویسـت دەسـەڵاتەکەیان پـتەو بـکەنەوە، شـەڕێکی نـاوخۆییش لە نێـوان کوردەکـان خۆیـان لە ئەردەڵـان، هەمەدان، کرماشـان و لوڕسـتان (زەنـد، وەنـد، فەیلـی، بەختیـاری، زەنـگەنە، کەلهـوڕ، هتـد) هەڵگیرسـا. لەم پێوەنـدییەدا، ململانێی سـوننە و شـیعە بە ئەگەرەوە کـاریگەر بـوو. لە کۆتاییـدا، زەنـدەکان بە سـەرۆکایەتی کەریـم خـان، "وەکیـل ڕەعایـا"، سـەرکەوت. کوردەکـان یارمەتییانـدا بـۆ زاڵ بـوون بە سـەر هـۆزە ناکوردەکـان دا بە جـۆرێ کە

له شەڕی نێوان زەندەکان و قاجارەکان دا، محەمەد حەسەن خان قاجار لەلایەن کوردێکەوە له سوپاکەیدا لێی درا.

پێگەی کۆمەڵایەتی سەرەکی ئیمپراتۆریەتی زەند (1747-94) ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، واتە بەشی سەرەکی خاکی مادی باوباپیرانیان بریتی له مادەکان، ساسانییەکان، کاکوییەکان، هەزار ئەسپان،(١٦) هتد. هەروەها، ئەوان بە سەر زۆرێک لەو خاکەی پێشتر له ژێر دەسەڵاتی ئەفشارییەکان دا بوو حوکمیان کرد. بەپێچەوانەی ناکۆکییە سەرەتاییەکان، زۆربەی کوردەکان پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ کەریم خان هەبوو. هێزە سەرەکییەکانی ئەوان زۆرتر له کۆمەڵێکی تێکەڵ له کوردەکان بریتی له لوڕ، لەک، هتد، پێکهاتبوون کە گرنگترینیان لەکەکان بوون. کەریم خان بۆ بەهێزترکردنی دەسەڵاتەکەی هەندێ هۆزی کوردی وەک هۆزی ئەحمەدوەند گواستەوە بۆ شیراز، پێتەختەکەی. کوردەکان هاوکات کە وەک پارێزەر بەرگرییان له خاکی خۆیان دەکرد، له سوپای زەندەکان ـیشدا خزمەتیان دەکرد. کۆنترۆڵ بە سەر هۆز و میرنشینە کوردەکان دا ڕواڵەتی بوو و وەکیل دانی نابوو بە هەندێ سەرۆکی دیفاکتۆ وەک والی ئەردەڵان و سەرۆکی هۆزی زنگەنە له کرماشان) بڕوانە: (Avery et al, 1991, 64-81, 515-6; Zaki, 1931, V. 1, 208 & V. 2).

زەندەکان بۆ دابینکردنی هێمنایەتی ناوخۆیی و پەرەپێدانی خاکی بندەستیان هێرشیان کردە سەر عوسمانییەکان. ئەوان دوو بیانوویان بۆ دەستێوەردان و بەدواداچوونی سیاسەتێکی هێرشبەرانە له دژی عوسمانییەکان هەبوو. یەکەم، بوونی کورد و بەشێکی گەورەی خاکی کوردستان له بن دەستی عوسمانییەکان، کە لەوێدا میرە کوردەکانیش خەباتیان دەکرد. بۆ وێنە، پاش دەرکردنی محەمەد پاشای بابان (١٧٦٥-١٧٧٨) حوکمڕانی لایەنگری زەندەکان لەلایەن والی بەغدا، زەندەکان دەستێوەردانیان کرد بۆ پاڵپشتی لەو. بۆیە، پێوەندیی زەندەکان لەگەڵ عوسمانییەکان تێکچوو.

لەڕاستیدا، دەوڵەتە جیاوازەکان لە سەردەمی سەفەوی یەوە لە ڕێگەی کوردستان ەوە هێرشیان دەکردە سەر بەغدا، بەتایبەت لە ڕێگەی میرنشینە کوردییەکانی عوسمانی بابان و زەهاوەوە کە لە رووی ستراتیجییەوە بۆ گەیشتن بە بەغدا گرنگ بوون. کەریم خان تەشەنەی خۆی لەم ناوچانەدا لە ڕێگەی میرنشینی ئەردەڵان ەوەش پەرە پێ دا. هەروەها، ڕێگای زیارەتکەرانی شیعە بۆ مەزارگە و شوێنە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا لە کوردستان ەوە تێدەپەڕی. دووەم، بە کەڵکوەرگرتن لەو هەڵسوکەوتە خراپەی کە گوایە لەگەڵ زیارەتکەرانی شیعە لە ڕێگای کەربەلا دا کراوە، کەریم خان هەوڵی کۆنترۆڵی بەغدای دەدا. باج گرتن لە زیارەتکەران لەلایەن والی بەغداوە بوو بە بیانکێک درا بە دەست کەریم خان. بۆ ڕاکێشانی هێزی پێویست، دەوڵەتی زەند هەوڵی دا بۆ ڕازیکردن، هاندان و هەڵخڕاندنی خەڵکی شیعە لە ڕێگەی هێنانە ئارا و پاساودانی شەڕی پیرۆزی (جیهادی) شیعە بۆ گرتنی شوێنە پیرۆزەکانیان و ڕێگە خۆشکردن بۆ زیارەتکەرانی شیعە. ئەمە بووە هۆی دەرچوونی فەتوایەک لەلایەن زانا ئاینییە سوننەکانی عوسمانی یەوە لە دژی کەریم خان، هەروەها توند و سەخت گرتن لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی یەوە. عوسمانییەکان لە قورسایی ئاینی سوننە بۆ بەهێزترکردنەوەی تەشەنەیان لە ناوچەکەدا کەڵکیان وەرگرت. بەمجۆرە، بە هۆی ململانێی ئاینیی، تەشەنەی زەندەکان لە نێو بابانەکان دا بەردەوام نەبوو. لە بەرژەوەندی عوسمانییەکان دا، ڕووبەڕووبوونەوەی ئاینیی بە سەر پێوەندیی و نزیکایەتی ئێتنیکیدا زاڵ بوو) بڕوانە: Avery et al, 1991, 311, 710; Zaki, 1931, 208; Farrokh, 2011, 155).

شەڕێکی جێگرەوانە لەلایەن میرنشینە کوردەکان ەوە لە دژی یەکتر هەڵگیرسا بوو، بەجێی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە. بۆ نموونە، دەکرێ بگوترێت کە ململانێی نێوان بابانەکان و ئەردەڵانەکان لە سەدەی هەژدە دا بە ئەگەرەوە لە ژێر کاریگەریی جیاوازیی ئاینیی حوکمڕانەکاندا بووە.(١٧) ئەم دوژمنایەتییە لە ڕۆژئاواوە، دوژمنەکانی تریش لە ڕۆژهەلاتی هەرێمی دەسەڵاتەکیانەوە لەوانە ئازاد خانی ئەفغان، بووە هۆی ئەوەی کە ئەردەڵانەکان ببنە

هاوپەیمـــانی سیاســـی لەگەڵ هـــۆزی قاجـــاری تورکمـــان، ڕکـــابەری کەریـــم خـــانی زەنـــد، لە شـــەڕە ناوخۆییەکـــانی ســـەرەتادا. بـــۆیە، کەریـــم خـــان لە ســـەرەتادا پاڵپشـــتی لە ئەردەڵانەکـــان نەدەکـــرد. کاتێـــک کەریـــم خـــان قاجارەکـــانی بەزانـــد و مـــحەممەد حەســـەن خـــانی قاجـــار کـــوژرا، والـــی ئەردەڵان خەســـرەو خـــانی دووەم (١٧٥٥-١٧٩٣) ناچـــار بـــوو ملکەچـــی کەریـــم خـــان بێـــت کە وەک والـــی ئەردەڵان دانـــی پێـــدا نـــرا. بەپـــێچەوانەی ســـەردەمی نـــاکۆکییەکەی پێشـــووتر، لەم کـــاتەدا زەنـــدەکان پشـــتگیریی ئەردەڵانەکانیان دەکرد لە دژی بابانەکان.

بە هەر حـــاڵ، دیســـانەوە کوردســـتان بـــوو بە شـــەڕگەی دوو دەســـەڵاتە گەورەکە. وێـــڕای ئەوەی کە وەک ئامـــاژە کـــرا، زەنـــدەکان پشـــتگیرییان لە مـــحەممەد/حەمە پاشـــای بابـــان کـــرد لە ١٧٧٤-١٧٧٥ دا، ئەو دیســـانەوە لەگەڵ والـــی نـــوێی بەغـــدا هاوکـــاری کـــرد. لە ١٧٧٦ دا عوســـمانییەکان هێزەکانیـــان جووڵانـــد بەرەو زەنـــدەکان. مـــحەممەد پاشـــا هێرشـــی کـــرد و ئەردەڵانەکـــانی لە ١٧٧٧ دا لە مەریـــوان تێـــک شـــکاند. لە دژکـــردەوەدا، زەنـــدەکان لە ڕێـــگەی شـــارەزوورەوە هێرشـــیان کـــرد و عوســـمانییەکان و هاوپەیمـــانە کوردەکانیـــان، بابانەکـــان، تێـــک شـــکاند (بـــڕوانە; Kurdistani, 1946 114-117; Farrokh, 2011, 158 : Jackson and Lockhart, 1986, 329; Avery et al, 1991, 91 138; Zaki, 1931, V.2).بەم شـــێوەیە، میرنشـــینە کوردەکـــان بـــۆ پاراســـتنی دەســـەڵاتەکانیان، بە یـــارمەتی یەکێـــک لە دوو دەســـەڵاتە گەورەکە کەوتنە گیانی یەکتر یان بوون بە هاوپەیمانی هۆزە ناکوردەکانی وەک قاجارەکان.

عوسمانییەکان و قاجارەکان

دوای کەریـــم خـــان، لەگەڵ دابەزینـــی دەســـەڵاتی زەنـــد بەهـــۆی شـــەڕی نـــاوخۆیی لە نێـــوان جێنشـــینەکانی کەریـــم خـــان و پێشـــڕەویی قاجارەکـــان، دەوڵەتـــی زەنـــد لە ســـەدەی هەژدەم دا ڕووخـــا. دوژمنەکەیـــان،

هـۆزی تورکمـانی قاجـار، لە دۆخەکە کەڵکـی وەرگـرت بـۆ گەیشـتن بە دەسـەڵات. ئەوان وەک دوایـین قزڵباشـەکان خۆیـان بە میراتـداری سـەفەوی دەزانـی. هەنـدێ هـۆزی کـورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانی ئێسـتاکەوە بە زۆر سـەرکوت کـران و دوور خـرانەوە بـۆ مازەنـدەران و خۆراسـان؛ ئەوانـی تـر، بـۆ پاراسـتنی پـێگەی سیاسـی خۆیـان، بە ئاشـتییانە ملکەچیـان بـوون و مـانەوە.(١٨) ململانێی هـۆزە کوردییەکـان لەگەڵ قاجارەکـان بـۆ مـاوەیەکی دووروردرێـژ بەردەوام بـوو. بـۆ نمـوونە، سـەرۆک هـۆزی شـکاک، سـادق خـان، لە کوشـتنی ئاغـا مـحەمەد خـان دامەزرێـنەری دەسـەڵاتی قاجـار دەسـتی هەبـوو. دوژمنایەتییـان درێـژەی هەبـوو و شـکاکەکان خودموختـاری خۆیـان بە جۆڵانەکردن لە نێـوان عوسـمانییەکان و قاجارەکـان دا پاراسـت، بە جـۆرێ کە عوسـمانییەکان ئەوانیـان بە سـوننە و هاوپەیمانێـک لە دژی قاجارەکـان دەزانـی. لە بەرانـبەردا، قاجارەکـان هەوڵیانـدا کە هەنـدێ لە کوردەکـان، وەک کـوردانی مـوکری، لە کوردسـتان دوور بـخەنەوە (Ward, 2009, 60; Avery et al, 1991, 106 and 132-137).

لە سـەردەمی قاجارەکـان، سـەرنجی سـەرەکی لەسـەر شـەڕ لەگەڵ ڕووسـیا بـوو، وەک گرنگتـرین هەڕەشـە. هەردووک، عوسـمانییەکان و قاجارەکـان، ئایینیـان بەکارهێنـا بـۆ ڕاکێشـانی کـورد بـۆ شـەڕ لەگەڵ دوژمنێکـی ناموسـڵمان. سـوپای نـوێی قاجـار پێـک هـاتبوو لە هێزەکـانی هـۆزە جیاوازەکـان بریتـی لە کوردەکـان لەوانە شـکاکەکان، دونبلییەکـان، هتـد، لە دژی ڕووسـەکان. مەلاکـانی لایەنگری دەسـەڵاتی قاجـار شـەڕی پیـرۆز یـان جیهادیـان، بـۆ وێـنە لە ١٨١٠ دا، ڕاگەیانـد. بەوەشـەوە، هەنـدێ گـرژی بریتـی لە ململانێی ئـایینی هەبـوو و لە سـەدەی نـۆزدەم دا هەنـدێ شـەڕ لە نێـوان دوو دەسـەڵاتەکەدا هەڵگیرسـا کە هەردووکیـان خـاکی کوردسـتان و کوردیـان لە دژی یەکتـر بەکارهێنـا. بە هـۆی زیـارەتی شـوێنە پیرۆزەکـانی شـیعە، لەم سەردەمەشـدا هەنـدێ نـاوچەی کوردسـتان، بەتـایبەت کرماشـان، کەوتـنە بەر هێـرش و داگیرکـاریی هەردوو دەسـەڵاتەکە (Ward, 2009, 64-75; Avery et al, 1991, 151-169).

هەر کام لە عوسمانییەکان و قاجارەکان لە ڕاپەڕینی کورد لە دژ ئەوی تر کەڵکی وەردەگرت. کوردە سوننە و دژبەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر چاویان لە دەست میرنشینە کوردەکان و خەلافەتی عوسمانی هەبوو، لەکاتێکدا کە کوردە دژبەرەکان لە نێو سنووری عوسمانی دا چاویان لە دەست میرنشین و حوکمڕانە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بندەستی دەسەڵاتی قاجار بوو. لە ١٨٠٤ دا، قاجارەکان پێشڕەوییەکی سەرنەکەوتووانەیان بەرەو بەغدا لە ڕێگەی کرماشان ـەوە هەبوو، لە ١٨٠٦ دا، حاکمی بابان، میر عەبدولڕەحمان، کە دەیویست سەربەخۆ بێت لە عوسمانییەکان، لەلایەن والی بەغداوە دەرکرا و لەگەڵ لایەنگران و خزمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون. لە 1812-13 دا، لە شەڕی نێوان بابان و بەغدا، بابانەکان داوای یارمەتییان لە قاجارەکان کرد و ئەوانیش دەستێوەردانیان کرد. لەو سەردەمەدا، ئەفسەرە بیانییەکان یارمەتی هەردوو ئیمپراتۆریەتەکەیان دەدا لە هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان. بۆ نموونە، لە لەشکەرکێشی بۆ کوردستان لە ١٨١٤ دا، ئەفسەرە بەریتانییەکان فەرماندەری سوپای قاجار بوون. لە 1817-8 دا، قاجارەکان بە یارمەتی هۆزە کوردەکان لە ڕێگەی وان و کرماشان ـەوە هێرشیان کردە سەر کوردستانی بندەستی عوسمانی. پێشڕەوییان بووە هۆی ڕاگەیاندنی شەڕ لەلایەن عوسمانییەکانەوە کە لە ساڵانی 1820-22 دا بەردەوام بوو و زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی لە کرماشان و خۆی بۆ بدلیس و دیاربەکر و بەرەو ئەرزڕۆم گرتەوە. هێزەکانی قاجار بە یارمەتی کوردە فەیلی و لوڕەکان، وەک کوردی شیعە، لە ١٨٢١ دا، سلێمانی‌یان داگیر کرد، کەڵکیان لە ململانێی نێوان کورد و عوسمانییەکان لە ناوچەکەدا وەرگرت. لەم شەڕانەدا، قاجارەکان ئامانجە ئایینییەکانیشیان بەدواداچوون دەکرد، بە جۆرێ کە لە ١٨٢٣ دا کاتێ کە پەیمانی ئاشتی ئەرزڕۆم واژۆ کرا، داوایان لە بەرپرسانی عوسمانی کرد کە زیارەتکەرانی شیعە لە کاتی ڕۆیشتن بۆ مەزارگەکانی خۆیان یان مەککە ئازار نەدەن. لە شەڕەکانی دەیەی ١٨٣٠ و سەرەتای دەیەی ١٨٤٠ دا، سوپای قاجار دیسان سلێمانی گرتەوە. بەوەشەوە، پاش دانوستانەکان لە ١٨٤٥ دا، قاجارەکان

سلێمانی‌یان دا بە دەستەوە و ناوچەی زەهاو لە نێوان دوو دەوڵەتەکەدا دابەش بوو) بڕوانە :
Farrokh, 2011, 202-205; Avery et al, 1991, 163, 312-3, 388, 465; Zaki, 1931, 209).

دوایین جار کە عوسمانییەکان هێرشیان کردە سەر خاکی بندەستی قاجارەکان لە ١٩٠٧ دا بوو کە ناوچە کورد و سوننەنشینەکانی دەوروبەری ورمێیان داگیر کرد. لە لەشکەرکێشییەکەیاندا، عوسمانییەکان هەستی ئیسلامییان لە دژی ڕووسیا و قاجارەکان بەکارهێنا، گەرچی لە کۆتاییدا ڕووسیا لە ١٩١١ دا ئەوانی دەرکرد .(Farrokh, 2011, 224) پاشان لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، کوردستان بوو بە شەرگەی نێوان عوسمانییەکان و هاوپەیمانەکان (هێزەکانی ڕووسیا، بەریتانیا و فەرەنسا). سەرەتا عوسمانییەکان بە فەرمی "جیهاد"یان ڕاگەیاند (Howard, 2017, 303). تورکەکان دیسانەوە هەستی موسڵمانانی کوردیان بەکارهێنا بۆ بەرەپێشبردنی سیاسەتی خۆیان لە دژی سوپای ڕووسیا، بۆ کز و لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی کورد (Ghassemlou, 1993, 105). کورد "زۆربەیان وەڵامی پاساودانە ئایینییەکەی خەلیفە و بانگەوازی بۆ چەک هەڵگرتنیان دایەوە(Nezan, 1993, 29) "، بەتایبەت کاتێک دەنگۆی ئەوەیان بیست کە شەش ویلایەت -ئەرزڕۆم، قارس، بدلیس، ئەرزەنجان، مووش و وان- پاشکۆی ئەرمەنستان دەکرێن کە دەوڵەتێکی مەسیحییە(Ibid., 45-6). بە یارمەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، عوسمانییەکان لە ڕێگەی خۆی و ورمێوە لە ١٩١٥ دا تەورێزیان گرت. بەڵام ئەوان هەر زوو لەلایەن ڕووسەکانەوە دەرکران.

بەپێچەوانەی کوردە سوننەکان لە سنوورەکانی سەرەوەدا، کوردە شیعەکان لەسەر سنوورەکانی خوارەوە لە کرماشان سەرەتا یارمەتی فارسەکانیان ("ملیون") دا بۆ پاشەکشێ پێ کردنی سوپای عوسمانی لە ١٩١٥ دا. بەوەشەوە، هێزەکانی عوسمانی پشتیوانییان لە کۆمیتەی بەرگری کرد و حکوومەتێکی جێگرەوە لەلایەن نوێنەرانی لایەنگری ئەڵمانیا و سەرکردەکانی حیزبی دیمۆکرات کە

هەڵچبوون بۆ کرماشان پێک هات. سوپای "ملیون" کوردیان وەک "موجاهیدین"ی چەکدار بەکارهێنا، بەتایبەت هۆزە کوردە جیاوازەکان لە ناوچەی نێوان کرماشان و قەسرشیرین لە نزیک سنووری دەسەڵاتی عوسمانی. عوسمانییەکانیش بە هێزەکانیان کە زۆرێکیان کورد بوون یارمەتی ئەوانیان دا. لە ساڵی ١٩١٦ دا هێزەکانی عوسمانی بە پاڵپشتی ئاڵمانیا، بۆ یارمەتیدانی سوپای "ملیون" کرماشانیان گرت. هێزەکانی عوسمانی-ملیون، وەک هاوپەیمانییەکی کورتی عوسمانییەکان لەگەڵ هێزێکی شیعە، ناوچەکەیان تا هەمەدان گرت. بەڵام هەر لەو ساڵەدا عوسمانییەکان بە ناچاری گەڕانەوە و پاشەکشێیان کرد و کرماشان دیسان کەوتەوە دەست هاوپەیمانەکان. جارێکی تر لە ١٩١٨ دا سوپای عوسمانی لە ژێر دروشمی 'سوپای ئیسلام'دا لە ڕێگەی کوردستان ـەوە چووە ناو تەورێز/تەبریز. کورد و تورکە ئازەرییەکان پشتیوانییان لێیان کرد. عوسمانییەکان ئیسلامیان بەکارهێنا بۆ ڕاکێشانی کورد، ئیسلام و پان-تورکیزمیش بۆ ڕاکێشانی تورکە شیعەکان. لە کۆتاییدا، دوای ئاگربڕ هەر لەو ساڵەدا ناوچەکەیان بەجیهێشت (Farrokh, 2011, 233-240; Ward, 2009, 113 & 120; Avery et al, 1991, 208).

کەواتە، لە سەرتانسەری سەدەی نۆزدەم دا عوسمانییەکان هەستی ئایینیی پان-سوننەیان بەکارهێنا بۆ وەجووڵەخستنی موسڵمانەکان لە دژی دوژمنەکانیان. موجاهیدە کوردەکان (شەڕکەرانی ئیسلامی) و خاکی کوردستان لە شەڕەکانی ڕووسیا-عوسمانی (1828-30, 1877-78)، ڕووسیا-قاجار و عوسمانی-قاجار دا بەکارهێنران. قاجارەکانیش بۆ ئامانجە سیاسی-ئایینییەکانیان هەوڵیاندا لە ڕاپەڕینەکانی دژە-عوسمانی لە نێو کورد دا پشتگیریی بکەن. ئەمە بووە هۆی ئاستێکی بەرز لە وێرانکردن و تاڵانکردن لە کوردستان دا (Nezan, 1993, 15 & 17; Zaki, 1931, 228). کورد و کوردستان بوونە قوربانی لە شەڕە ئایینییە-سیاسییەکانی نێوان قاجارەکان و عوسمانییەکان دا. تەنانەت لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کوردستان بوو بە شەڕگەیەک لە دژی هاوپەیمانەکان (بەریتانیا و ڕووسیا) و هەستی ئیسلامی خەڵکی کورد

بەکارهێنرا. ئەمە شەڕی نێوان زلهێزەکان بوو، بەڵام زۆرێک خۆبەخش و شەڕکەر لە سەرتانسەری کوردستان لە ژێر ناوی ئیسلام و تۆقاندن لە زاڵیەتی نا-موسڵمانەکان بوون بە قوربانی. بەرەنجام، بەشی گەورەی کوردستان و خەڵکی کورد لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دا دیسانەوە لە نێوان سێ دەوڵەتی دەسکردی نوێدا، واتە تورکیا، عێراق و سووریا دابەش کرا.

ناوەندخوازیی عوسمانی-قاجار؛ بەکارهێنانی ئایین لە دژی ڕاپەڕینەکانی کورد

لە سەدەی نۆزدەم دا، عوسمانییەکان و قاجارەکان هاوکات کە ئایینیان لە دژی یەکتر بەکاردەهێنا، لە کردەی سیاسی ئایینیش لە دژی کورد وەک دوژمنی هاوبەشیان کەڵکیان وەردەگرت. بێجگە لە دەسەڵاتدارانی پێشووی کورد لەوانە ئەییوبییەکان و زەندەکان، زۆر میرنشین و ویلایەتی کوردی هەبوون کە وەک ئاماژە کرا هەندێکیان ڕادەپەڕین و هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆییان دەدا. لووتکەی ڕاپەڕینەکان لە سەدەی نۆزدەم دا بوو .(Vali, 2003, 82) دەسەڵاتدارانی عوسمانی و سەفەوی-بۆ-قاجارەکان بەتەنیا دەسەڵاتێکی ناڕاستەوخۆیان لە ژێر ناوی خەلیفەکان یان سێبەرەکانی خوا دا هەبوو. بەڵام پاش هەڵمەتی پتەوکردنی دەسەڵاتەکانیان لە سەدەی نۆزدە دا هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە وردەوردە هەوڵیان دا بۆ بەناوەندی کردن و پەرەپێدانی کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی خۆیان بە سەر میرنشینەکاندا، واتە "لێرە بەدواوە بەڕێوەبردن، نەک حوکم کردن " .(Yavuz, 2007)هەندێک چاکسازیی لەلایەن هەردوو ئیمپراتۆریەتەکەوە جێبەجێ کرا کە پێگەی قبووڵکراوی خودموختار و نیمچە-خودموختاری میرنشینە کوردەکانی لاواز کرد (McDowall, 1992, 14).گەرچی ئایینی هاوبەش لە ناو هەر کام لەم ئیمپراتۆریەتانەدا یارمەتیدەری ئەم ڕەوتە بوو، بەجۆرێ کە هەندێک میرنشین لەوانە میرنشینی ئەردەڵان وردەوردە و بە ئاسانی لە ژێر کاریگەریی پێوەندییە ئایینیە-سیاسیی و هاوسەرگیرییەکانی دەسەڵاتدار و حوکمڕانەکانیاندا کە

ڕاکێشـــرابوون بـــۆ نـــاو حکـــوومەتە ناوەنـــدییەکان هەڵوەشـــانەوە، مەیلـــی ناوەنـــدخوازیی حکـــوومەتی ناوەنـــدیی و نەتەوەی باندەســـت دژایەتـــی زۆرێـــک لە میرنشـــینەکانی لـــێکەوتەوە و کـــوردیش کەوتە جووڵە و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو.

لە ســەردەمی ئیمپراتــۆریەتی عوســمانی دا، بەتــایبەت تــا ســەدەی نــۆزدەم، هێشــتا خەیــاڵی پەرەپێــدانی خـــاکی ئیســـلام (دار الاســـلام) هەبـــوو. لەڕاســـتیدا، ئەمە ئەرک و کردەیەکـــی نـــاوخۆیی هەبـــوو و عوســـمانییەکان کەڵکیـــان لە تەشـــەنەی ئـــایینی لە نێـــوان زۆریـــنەی موســـڵمانەکان دا وەرگـــرت بـــۆ ڕدوازکردنی قەڵشـــت و دابەشـــبوونە کۆمەڵایەتییەکـــان و ســـڕینەوەی ســـەرچاوەکانی نـــاکۆکی سیاســـی (Murphey, 1999, 30; Inalcik, 2000).گرێـــــدراوێتی ئـــــایینی پـــــێگەی یاســـــایی و سیاســـــی و کۆمەڵدیەتی نەتەوە و کەمیــنە ئێتنیکیــیە جۆراوجۆرەکــانی لە خەڕدفەتی عوســمانی دا دیــاریی دەکــرد. هەمـــوو کـــۆمەڵگە موســـڵمانە ســـوننەکان بە ئەنـــدامەتی تەواوی ئـــوممەتی ئیســـلامی هەژمـــار دەکـــران (Moaz, 1999, 5).خەلیفەکـــان ئیســـلامیان بەکارهێنـــا بـــۆ پاراســـتنی بـــارودۆخی هەبـــوو. بـــۆ نمـــوونە، نووســـەرەکانی ســـەدەی حەڤـــدەمی عوســـمانی زۆرتـــر بەپەرۆش بـــوون لەســـەر دوژمـــنە نـــاوخۆییە شـــاراوەکانی ئیســـلام، ئەو موســـڵمانانەی کە بە نهێنـــی بیروبـــاوەڕی وەرگەڕاو و جیاوازیـــان هەبـــوو. ئەوان لە ژێـــر نـــاوی ملکەچـــی و گـــوێڕایەڵی بـــۆ خـــوا و پێغەمـــبەر و ســـوڵتان، چ بە شـــێوەی ناڕاســـتەوخۆ و چ بە ڕوونی بانگەشەی وێنەیەک لە حوکمڕانی ئیمپریاڵیان دەکرد.(Shafir, 2019)

ئـــایینی هـــاوبەش، وەک گرنگتـــرین فـــاکتەری یەکگرتـــوویی، یـــارمەتی عوســـمانییەکانی دا لە دژی دوژمنـــان و دژبەرانیانـــدا. هەرچەنـــدە بەجێهێنـــانی شـــەڕی پیـــرۆز (جیهـــاد) وەک ئەرکێکـــی ئـــایینیی هەمـــوو موســـڵمانەکان ئەرکێکـــی بەردەوامـــی بـــێ ســـنووردارێتی نەبـــوو، بەڵدم خەلیفەکـــان لەبەر ئەوەی کە فەرمـــانی جیهـــاد، بەتـــایبەتی لە دەســـتی ئەوانـــدا بـــوو، بە ئـــارەزووی خۆیـــان کەڵکـــی نالەباریـــان لـــێ

وەردەگـرت. جـگە لەوەش، ئیمـان و پابەنـدبوونی ئـایینیی هێـزە چەکـدار و شـەڕکەرەکانی عوسـمانی سـەرچاوەی گیـانبەختکردنی ئەوان بـوو. عوسـمانییەکان ئەوەیـان بەکارهێنـا بـۆ هانـدان و بەهێزترکردنـی ورەی هێزەکانیـان لە بەرانـبەر دوژمنەکانیانـدا بریتـی لە دژبەرانـی نـاوخۆیی لەوانە کـورد. ئـایین و ڕەمـزی خەلـیفەت ئەو بیـانووانەی بـوون کە زۆریـنەی کوردیـان گـرێ دابـوو بە عوسمانییەکانـەوە، بە جـۆرێ کە وەک هاوپەیمانەکـان و دەوڵەتە باجـدەرەکانی ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی، بەگە کوردەکـان و میرنشـینە نـیمچە-سـەربەخۆکان بە شـێوەی دوولـایەنە ڕێککەوتبـوون لەسەر مەرجگەلێک بۆ هاوکاری) بڕوانە.(Murphey, 1999, 32 and 141 :

بەوەشـەوە، هەوڵەکـانی سـوڵتان مەحمـوودی دووەم (1808-1839) بـۆ بەناوەنـدیکردن، بـارودۆخەکەی گـۆڕی و گوشـاری زیـاتری خسـتە سـەر میـرە کوردەکـان. ئەمە بـووە هـۆی ئەوەی کە بـۆ مـاوەیەک دەسـەڵاتی عوسـمانی کـۆنترۆڵی کەمتـری بە سـەر میرنشـینەکاندا هەبێـت (Aubrey, 1937, 176).بە دەسـپێکردنی "تەنزیمـات" (کۆمەڵێـک ڕێکخسـتن و چاکسـازی) بە فەرمـانی سـوڵتان لە ١٨٣٩ دا کێشـەکە خراپتـر بـوو. لە سـەردەمی تەنزیمـاتدا، سـاڵانی 1839-71، عوسـمانییەکان ئامانجیـان پێکهێنـانی دەوڵەتێکـی یەکپـارچەی ملهـوڕی خـاوەن بەڕێـوەبەرایەتی بەناوەنـدیکراو بـوو. بـۆیە، لە نێـوان ١٨٣٧ و ناوەڕاسـتی دەیەی ١٨٥٠ دا دەوڵەتـی عوسـمانی خودموختـاری میرنشـینە کوردەکـانی هەڵوەشـاندەوە و دەسـەڵاتی خـۆی بە سـەریاندا سـەپاند. وەک دژکـردەوە ڕاپەڕیـن و شـۆڕش لە کوردسـتان دا زیـادی کـرد. بـۆ نمـوونە، ڕاپەڕینەکـانی سـاڵانی 1826، 1834، 1853-١٨٥٥، 1880. ڕاپەڕینـی زۆر هەبـوو لە دژی دەوڵەتـی عوسـمانی کە بەناوبانگترینیـان ڕاپەڕینەکـانی مـحەمەد پاشـای ڕوانـدز و بەدرخـان بەگـی جزیـرە بـوون (Olson, 1989, 4; Barkey & Fuller, 1998, 7 and 101; Howard, 2017, 247; al-Khalil, 2011, 236; White, 2000, 55-63).

تــاکوو ناوەڕاســتی ســەدەی نــۆزدەم، بەشــێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردســتانیش لە نێــوان میرنشــینە خودموختارەکانــدا دابەش کرابــوو.(١٩) وەک ڕابــردوو، لە ســەرەتای دەســەڵاتی قاجارەکــان دا شــا زۆرتــر فەرمــانڕەوایەکی ڕواڵەتیــ بــوو کە ئەمە بەڕێــوەبەرایەتییەکی ناناوەنــدیکراو و شانشــینێکی نایەکدەســتی لێکەوتبــووە و لە زۆربەی شــوێنەکاندا دەســەڵاتی شــا ناڕاســتەوخۆ لە ڕێگــای ســەرکردەکانی گــرووپ و هــۆزە خودموختارەکــانەوە جێبەجــێ دەبــوو. بەوەشــەوە، لە ســەدەی نــۆزدەم دا وردەوردە قاجارەکــان، وەک عوســمانییەکان، سیاســەتێکی بەناوەنــدیکردنیان دەســت پــێ کــرد کە بــووە هــۆی هەڵوەشــاندنەوەی میرنشــینە کوردەکــان .(Koohi-Kamali, 1992, 171-2) لە نیــوەی دووەمــی ســەدەی نــۆزدەم دا، بەناوەنــدیکردن زیــادی کــرد کە بــووە هــۆی دژەکــردەوە لەلایەن کورد ـەوە. بەم شــێوەیە، ئیمپراتــۆریەتی قاجــاریش کــۆنترۆڵێکی کەمــی بە ســەر ســەرۆک هۆزەکانــدا هەبــوو. گەرچــی هەنــدێ هــۆزی کــورد گرێــدراوێتی ئــایینی-سیاســییان لەگەڵ دەســەڵاتی هــۆزی قاجــار هەبــوو، ئەوانــی تــر لەوانە شــکاک و جــاف تەنــانەت تــا ســەرەتای ســەدەی بیســتەم ملکەچــی دەســەڵاتی قاجــــار نەبـــــوون.(٢٠) بەوەشـــــەوە، لەگەڵ پەرەســــەندنی بـــــزووتنەوەی کــــورد لە دژی هەردوو ئیمپراتــۆریەتەکە، عوســمانییەکان هەوڵیــان دا کە بە بەکارهێنــانی مەیلــی پــان-ئیســلامی و دژە-شــیعە، ویســـت و داخوازییەکـــانی بـــزووتنەوەی کـــورد بەرەو قاجارەکـــان ئاڕاســـتە بـــکەن، قاجارەکـــانیش هەوڵیان دا بۆ بەکارهێنانی دژبەرە کوردەکان لە بەرانبەر عوسمانییەکان دا.

وەک ئامــاژە کــرا، زۆر میرنشــینی کــورد هەبــوون. هەنــدێکیان، لە دەوروبەری ســنووری نێــوان دوو ئیمپراتــۆریەتەکە، هاوپەیمــانی خۆیــان لەمیــانەوە بــۆ ئەویــان دەگــۆڕی، بەپێــی گرێــدراوێتی سیاســییان، بەبــێ ڕەچــاوکردنی ئــایین .(Bruinessen, 1992, 50) بەوەشــــەوە، ئــایین بەکــارهێنرا لە دژی هەمــوو میرنشــینەکان، بەتــایبەتی لە ســەردەمی ڕاپەڕینــی چەنــدین ئەمارەتــدا کە لە ســەدەکانی ١٧ بــۆ ١٩ بە هیــوای ســەربەخۆیی بــوون.(٢١) وێــڕای ڕاپەڕینــی میرنشــینەکان، دوڵەت-نەتەوەیەکــی کــورد پێــک

نەهات. پاساودانی ئایینیی بۆ سەرکوتی ئەوانە فاکتەرێکی گرنگ بوو. بۆ وێنە، پاشای کۆرە (میر محەمەد)، حاکمی میرنشینی سۆران، پاش کۆکردنەوە و تەیارکردنی هێزەکانی، سەربەخۆیی حکوومەتی ڕواندزی لە دەیەی ١٨٣٠ دا ڕاگەیاند. ئەو زۆر ناوچەی دەوروبەری بریتی لە برادۆست، حەسەنکێف، شنگال، کۆیە و ڕانیەی خستە سەر حکوومەتەکەی. پاشای کۆرە ئایینیی بوو و هیچ کارێکی بێ فەتوا و حوکمی زانا ئایینییەکان نەدەکرد. یاسای قورئان و شەریعەی بەڕێوە دەبرد. لە بەرانبەر میر محەمەد دا، عوسمانییەکان پەنایان بردە بەر ئایین و داوایان لە میر کرد کە شەڕ ڕاگرێت و ئاشتی لە نێوان موسڵمانەکان دا بپارێزێت. ئەم داواکارییە کاریگەر بوو لە سەر مەلاکان کە تەشەنەی مەعنەوی بەرچاویان لە ناو جەماوەری خەڵکدا هەبوو. مەلایەکی بەناوبانگ، مەلای خەتێ، کە زۆر لەلایەن میر محەمەد ـەوە ڕێزی لێ دەگیرا، لە وتاری هەینی دا لەسەر ناڕەوابوونی شەڕ لە دژی خەلیفە قسەی کرد و هێزەکانی میری دڵسارد کردەوە. مەلاکە فەتوایەکی دەرکرد کە دەبوا هەموو ئیماندارانی جێبەجێ بکەن: "ئەو کەسەی کە لە دژی هێزەکانی خەلیفە شەڕ دەکات کافرە. (Nezan, 1993, 20; Zaki, 1931, V. 1 218-222 and V.2) "بەم جۆرە، کاتێک عوسمانییەکان هێرشیان کردە سەر دەسەڵاتەکەی، بڕوای ئایینیی بووە هۆی ئەوەی کە لە دژی خەلیفە شەڕ نەکات. لەسەر گەڕەنتی مەلاکە و بۆ بەرگیری لە خوێنڕشتن لە نێوان موسڵمانان دا، ئەو خۆی دابەدەستەوە. بەوەشەوە، ئەو لە سێدارە درا.(٢٢) بە وتەی زەکی، ئەگەر ئەو بە ڕادەی شەریعەت، سیاسەتیشی ڕەچاو بکردایە، دەیتوانی سەرکەوێت.(Zaki, 1931, 220-3)

عوسمانییەکان تەنانەت ئایینەکانی تریشیان بەکارهێنا. بۆ نموونە، کاتێک هەندێک میر، وەک بەدرخان بەگ، دەستیان کرد بە پتەوکردنی دەسەڵاتەکەیان، عوسمانییەکان بە دوای بیانوویەکدا بوون بۆ دەستێوەردان. بە گوتەی موری ڤان بێرگ (٢٠١٠)، دەقە سریاکەکان (١٥٠٠-١٨٥٠) هەبوونی هەندێ کەمینەی ئایینیی لە نێو کورد دا لەوانە مەسیحییەکان، ئێزدیەکان و عەلەوییەکان پیشان

دەدات. بـۆیە نـاکۆکی و ململانێ لە نێوانیانـدا بە قـازانجی ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی بـوو. ململانێیەکە لە سـەدەی نـۆزدە دا بەوپەڕی گەیشـت کاتێـک مەسـیحییەکان لە بـزووتنەوەی فیوداڵیسـتی کـورد لە دژی "بـابی عـالی" بەشـدارییان نەکـرد و ڕەتیشـیان کـردەوە کە لە جێـی بـابی عـالی بـاج بەوان بـدەن (بــــڕوانە .Murre-van den Berg, 2010, p 35-36; Nezan, 1993, 21): شــــەڕی بەدرخــــان لە دژی مەسـیحییە نەسـتۆرییەکان لە ١٨٤٣ و ١٨٤٦ دا ڕێـگەی خــۆش کـرد بــۆ دەسـتێوەردانی عوسـمانی لەکاتێکـدا عوسـمانییەکان پێشـتر میـر بەدرخان‌یـان هانـدابوو بـۆ هێـرش کـردنە سـەر نەسـتۆرییەکان ئەگەر ڕەتـی بـکەنەوە کە باجەکەیـان بـدەن، لە کـاتی ڕاپەڕینەکەیـدا کـاردانەوەی بـۆ ڕەتکردنەوەکەیـان بـووە هـۆی دەسـتێوەردانی سیاسـی ئەوروپـا. پاشـان بـابی عـالی لەوە لە دژی میـر کەڵکـی وەرگـرت.(Zaki, 1931, 226) (٢٣) لەڕاسـتیدا، بـانگخوازە بیانییەکـان نەتەنیـا لەبەر ئامـانجی ئـاییینی بەڵکــوو لەبەر ئامــانجە سیاســییەکانیان پشــتگیرییان لە مەسـیحییەکان لە کوردسـتان دا دەکـرد تـاکوو ڕێگـایەک بـۆ تەشـەنەکردنی دەسـەڵاتە ئەوروپاییەکـان لە نـاوچەکەدا بـکەنەوە) بـڕوانە : Aubery, 1937, 178; Bruinessen, 1999).

سـەرکوتی ڕاپەڕینـی میرەکـان بـووە هـۆی بەهێزبـوونی ڕێـبەرە ئایینییەکـان و سـەرهەڵدانی بـزووتنەوە کوردییەکـــان بە ســـەرکردایەتی ئەوان .(Olson, 1989, 4) دوا بە دوای لەنێوچـــوونی میرنشـــینە کوردەکـان، بۆشـاییەکە لەلایەن شـێخە ئایینییەکـانەوە، ڕێبەرانـی تەریـقەتە عیرفانییەکـان، پـڕ کـــرایەوە کە لە سەرتانســـەری کوردســـتان دا بڵاوەیـــان کردبـــوو و لە ڕێـــگەی کاریزمـــای ئـــاییینی خۆیـانەوە سـنوورەکانی هۆزایەتییـان تێپەڕانـد بـوو و ئەمەگـداریی گشـتییان بـۆ کـردەوەی سیاسـی دەسـتەبەر کردبـوو. بەم جـۆرە، زۆربەی ڕاپەڕینەکـانی کـورد لە نێـوان ١٨٨٠ بـۆ دەیەی ١٩٧٠ لەلایەن ڕێـــبەرە ئایینییەکـــانەوە ســـەرکردایەتی کـــرا .(Bruinessen, 1992, 51; McDowall, 1992, 15) ئیـدی نـۆرەی کـورد بـوو کە بە بەکارهێنـانی ئـایین دەوڵەتێـک پێـک بهێنێـت. ئەوان لەڕاسـتیدا سیاسـەتی ئـایین لە بەرانـبەر ئایینیـان بەدواداچـوون کـرد. بەم شـێوەیە، قۆنـاغی ئـاییینی بـزووتنەوەی کـورد

دەستی پێ کرد. شێخەکان لە ڕایەڵەی ڕێبازە عیرفانییەکان لەوانە نەقشبەندی و قادری لە سەرتانسەری کوردستانی گەورەدا بۆ تەشەنەکردن و وەجووڵەخستنی خەڵک لە دژی دەسەڵاتە ناوەندییەکان کەڵکیان وەرگرت .(Bruinessen, 1992, 210-211) دوایین ڕاپەڕینی کورد لە سەدەی نۆزدە دا، بەڵام یەکەم بزووتنەوەی نوێی گرنگ بریتی لە کورد لە هەردوو دەوڵەتەکەدا، لە سەرەتای دەیەی ١٨٨٠ بە ڕێبەرایەتی ڕێبەری ئایینی مەزن شێخ عوبەیدوڵای نەهری سەری هەڵدا کە هەردووکی عوسمانییە سوننەکان و قاجارە شیعەکانی کردە ئامانج.

شێخ عوبەیدوڵا بە ڕاشکاوی ئامانجی خۆی بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ ڕاگەیاند. ئەو وتی: "نەتەوەی کورد، خەڵکێکی جیاوازن. ئایینیان جیاوازە، یاسا و دابونەریتیان جیاوازە "... .(Olson, 1989, 2)کەواتە، بێجگە لە ڕەهەندی ئێتنیسیتی، یەکێک لە توخمەکانی نەتەوەی کورد بۆ ئەو ئایینی جیاواز بوو؛ زۆرینەی سوننەی شافعی لەسەر ڕێبازی عیرفانیی. ململانێی ئایینی یەکێک لە سەرچاوەکانی ڕاپەڕینی شێخ بوو. وەکوو کوردێک، ئایینی خۆی لە دژی هەردووکی سوننەی تورک-تەوەری عوسمانییەکان و شیعەی قاجارەکان، هەروەها پاڵنە سیاسییەکانیان، پێناسە دەکرد. بۆ پاڵپشتی لەو لە موکریان دا شەڕی پیرۆزی (غەزای) لە دژی دەسەڵاتی شیعە ڕاگەیاند. هاوکات ئەم هەڵوێستە ئایینییەی ئەو لە دژی ڕووسیا بوو (Vali, 2003, 95; Hassanpour, 2003, 147; Zaki, 1931, 231-3; Avery et al, 1991, 730; Soleimani, 2018).بۆیە، گەرچی ئەو پەیوەندی کرد بە حوکمڕانە موسڵمانەکانی ترەوە لەوانە شەریفی مەککە و خەدیوی میسر بۆ بەدەستهێنانی پشتگیرییان(Nezan, 1993, 23) ، دەوڵەتانی عوسمانی، قاجار و ڕووسیا لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەری و لە کۆتاییدا ئەو گەمارۆ درا و شکست بە ڕاپەڕینەکەی هێنرا.

پــاش ســەرکوتکردنی بــزووتنەوەکەی شــێخ عوبەیــدوڵا، دەســەڵاتی عوســمانی لە بەرانــبەر قەیــرانە نوێیەکــانی لە ســەدەی نــۆزدەم دا، سیاســەتێکی پــان-ئیســلامی بــۆ یەکخســتنی هەمــوو موســڵمانان بــۆ پاراســتنی ئیمپراتــۆریەتی ئیســلامی دەســت پــێ کــرد. ســوڵتان عەبدولحەمیــدی دووەم (1876-1909) ســەرنجی تــایبەتی بە نــاوچە عەرەبزمانەکــان دا کە لەوێنــانەدا بووژانەوەخــوازە عەرەبەکــان چەمــکە ئیســلامییەکانیان بە قــازانجی ناســیۆنالیزمی عەرەبــی ڕاڤە دەکــردەوە. ئەو جەختــی خســتە ســەر تایبەتمەنــدییە ئیســلامییەکانی نووســینگەکەی وەکــوو خەلــیفەی موســڵمانان و گرنگــایەتی شــوێنە پیرۆزەکانی موسڵمانان.(Kedourie, 1992, 292; Soleimani, 2016)

سیســتەمی عوســمانی "هەرەشــەی مەســیحی" لە ژێــر نــاوی شــەڕ لەگەڵ ئەرمەنســتان و ڕووســیا بەکــار دەهێنــا. لە ١٨٩١ دا عەبدولحەمیــد هێزێکــی ســوارچاکی تــایبەتی کــوردی لە نێــو هۆزەکانــدا بــە نــاوی ســوپای ســوارەی حەمیــدییە پێکهێنــا کە نــزیکەی هەموویــان کــورد بــوون، بەڵام هەمــوو پلەدارەکــانی ســەرەوەی کۆلۆنێــل (ســەرهەنگ-عەقیــد) بــۆ تورکەکــان تەرخــان کرابــوو .(White, 2000, 60) لە درێــژەی سیاســەتی بەناوەنــدیکردن و تێکەڵکردنــدا و بــۆ جێخســتنیان لە سیاســەتی پــان-ئیســلامیی عەبدولحەمیــد دا، حکــوومەتی عوســمانی کەڵکــی زۆری لە بــانگەوازی پــان-ئیسلامیســتی وەرگــرت بــۆ ڕاکێشــانی هــۆزە کــوردە ســوننەکان، ســەرۆکەکانیان و ســەرکردە نەریتییەکــان بــۆ نــاو ســوپای حەمیــدییە. ســوپاکە ســەرەتا لە ناوچەکــانی هاوســنووری قەفقــازی ڕووســیا دا جێگیــر کــرا کە کــۆمەڵێکی بەرچــاو لە خەڵکــی مەســیحی-ئەرمەنــیش تێیــدا نیشــتەجێ بــوون .(Nezan, 1993, 25) بــێجگە ئەرکەکەی بــۆ ئەمەگــدارکردنی کــورد بــۆ خەلــیفە، ئامــانج لەوە کــۆنترۆڵی ڕۆژهەڵــاتی ئەنــادۆڵیش بــوو .(Bruinessen, 1992, 185-186) گەرچــی پێکهێنــانی ئەو ســوپایە کــاریگەرییەکی قــووڵی لەســەر قۆناغەکــانی تــری ناســیۆنالیزمی کــورد هەبــوو (Gunter, 2011, 4; Barkey & Fuller, 1998, 8)، بە پێکهێنــانی ئەوە حکــوومەت نەک هەر ویســتی هاوســەنگی نــاوخۆیی هێــز لە کوردســتان

دا بگۆڕێــت و تەشــەنەی ســەرکردە ئایینییەکــان کەم بکــاتەوە(Olson, 1989, 14) ، بەڵکــوو کــوردیش تێوەگلێنێـــت لە کۆمەڵکـــوژیی ئەرمەنییەکـــان لە ١٨٩٤ دا (Bruinessen, 1992, 42; Nezan, 1993, 13; Vali, 2003, 95).سیاســـەتوانەکانی عوســـمانی بە ئەنقەســـت کـــوردی ســـوننەیان لە دژی ئەرمەنییەکــان بەکارهێنــا (Olson, 1989, 9) بــۆ هەڵخرانــدنی ململانێی نێــوان هەردووالا، هەروەهــا بــۆ پێکهێنانی قەڵشتێک لە نێوان کورد خۆیدا.

جــگە لە ئەرمەنییەکــان، کــوردە عەلەوی و ســوننە نــا-حەمیــدییەکانیش هەر بەو شــێوەیە کــرانە ئامــانج (White, 2000, 61).لە ســەدەی حەڤــدەم تــا نــۆزدەم دۆخــی عەلەوییەکــان باشــتر بــوو، بەالام بە هــۆی سیاســـەتی ئیسلامیســـتی نـــوێی عەبدولحەمیـــدی دووەم بارودۆخیـــان خـــراپ بـــوو و هەنـــدێک بە زۆرەملـــێ تـــوانەوە و گـــۆڕدران. پێکهێنـــانی ســـوپای حەمیـــدییە دوژمنـــایەتی نێـــوان کـــوردە ســـوننە و عەلەوییەکـــانی زیـــاتر کـــرد. ســـوپاکە هێرشـــی کـــردە ســـەر هـــۆزە عەلەوییەکـــان و دەســـتیان بەســـەر زەوییەکانیانـــدا گـــرت. ئەم سیاســـەتە ئیسلامیســـتییە دژایەتـــی عەلەوییەکـــان لەگەڵ خەالـدفەتی لـــێکەوتەوە. بـــۆیە، عەلەوییەکـــان هاوســـۆزییان لەگەڵ کـــۆمیتەی یەکێتیـــی و پێشـــکەوتن(CUP) ، حیزبـــی تورکـــانی الو و کەمالیســـتەکان، هەبـــوو بـــۆ پشـــتگیری ســـێکولاریزم لە دژی خەالدفەت-Kehl) Bodrogi, 2003, 56; Olson, 1989, 11).ئەمە فیرقەخـــوازی یـــان ســـێکتاریانیزمی لە نێـــو کـــورد دا زیـــاتر کـــرد و بـــووە هـــۆی زۆر کێشـــە لە داهـــاتووی بزووتنەوەکـــان و سیاســـەتی کـــورد دا بە قـــازانجی تـــورک و حکـــوومەت. دوژمنـــایەتییەکە بـــۆ چەنـــدین دەیە درێـــژەی کێشـــا؛ کـــاتێ کـــوردە ســـوننەکان لە بەرەی حکوومەتدا بوون، عەلەوییەکان دژبەر بوون، بەپێچەوانەوەش.

لە دوو دەیەی دوایـــی ئیمپراتـــۆریەتی عوســـمانیدا، لەگەڵ الـدوازبوونی "بـــابی عـــالی" و خەالـدفەت، دەســـەڵات بە کـــردەوە لە دەســـت الوانی ناسیۆنالیســـتی تـــورک دابـــوو و کاتێـــک یەکێتییتیخوازەکـــان لە

١٩٠٨ دا گەیشتن بە دەسەڵات ئەنجوومەن، بڵاوکراوە و خوێندنگە ناتورکەکانیان داخست (Nezan, 1993, 13).بەرەنجام، شێخە کوردەکان لەوانە عەبدولسەلام بارزانی و نور محەمەدی دهۆک داوای بەڕێوەبەرایەتییەکی جیایان کرد کە بەرپرسانی کورد بن، زمانە فەرمیەکەی کوردی بێت، باج بۆ مەبەستە خۆجێییەکان خەرج کرێت و یاسا کارگێڕییەکەی بەپێی شەریعەت بێت. کاتێک داخوازییەکانیان پشتگوێ خرا، لە ١٩١٤ دا شێخ عەبدولسەلام، شێخ تەها نەهری، مەلا سەلیم و عەبدولڕەزاق بەدرخان لە دژی "بەرپرسانی مولحید" ڕاپەڕین و داوای گەڕاندنەوەی شەریعەتیان کرد) بڕوانە .(Macfie, 1998, 212: بەوەشەوە، شەڕی یەکەمی جیهانی دەرفەتێکی بۆ تورکەکان ڕەخساند کە لە ژێر ناوی بەرگری لە ئیسلام پاڵدنی کوردەکان پووچەڵ بکەنەوە. ئەوان لە ماوەی شەڕی سەربەخۆیی تورکیا ـشدا لە هەستی پان-ئیسلامیستی کەڵکیان وەرگرت. زۆربەی کورد، وەک موسڵمان، بە ڕاگەیاندنی جیهادی خەلیفە و پاشان بانگەوازی ئەتاتورک بۆ پاراستنی موسڵمانەکان جووڵێنران.(Bruinessen, 1992, 47)

لەو دوو شەڕەی سەرەوەدا، بە هۆی بانگەشەی پان-ئیسلامیستیی، ناوچەی کوردە عەلەوییەکان پڕ بوو لە ئاژاوە و بێ ئوقرەیی. بە هۆی بەڵێنییەکانی حکوومەت و ئەتاتورک لە ژێر ناوی برایەتی هەردوو گەلەکەدا و ڕەچاوکردنی خودموختاری بۆیان، کوردە سوننەکان لە شەڕەکاندا لەگەڵیان هاوکارییان کرد. لە یەکەم وتەبێژی خۆیدا لە پەرلەمانی نوێ لە ١٩٢٠ دا، ئەتاتورک باسی لەوە دەکرد کە پەرلەمان نوێنەری کۆمەڵگەی ئیسلامی یەکگرتوویە، نەک تەنیا تورک، یان تەنیا کورد، هتد. ئەو تەنانەت ئاماژەی بە حکوومەتی خودموختار بۆ کورد دەکرد لە هەر کوێ کە زۆرینە کورد بن .(Barkey & Fuller, 1998, 9) سەرەڕای ئەوەش، داواکارییەکانی کورد لەسەر بنەمای پەیمانی سیڤەر لە ١٩٢٠ دا، قبووڵکراو لەلایەن کەمپی سوڵتانەوە لە ژێر گوشاری هاوپەیمانانـدا، لەلایەن حکوومەتی نوێی تورکیا بە ڕێبەرایەتی ئەتاتورک پشتیوانی لێ نەکرا، هەرچەندە پێشتر بەڵێنی

جێبەجـێ کردنــی دابــوو .(Romano, 2006, 27) بــۆیە، ڕاپەڕینــی کــۆچگیری کــوردە عەلەوییەکــان، بە ســەرکردایەتی ســەرۆک هۆزەکــان، لە ١٩٢١ دا ڕوویــدا، کە لەلایەن ڕێبەرانــی ئایینییــانەوە لەوانە ســەید ڕەزا (ســەرکردەی ڕاپەڕیــنەکەی تــری دێرســیم لە ١٩٣٧ دا) پشــتگیری لــێ کــرا. لەکاتێکــدا هەنــدێ کــوردی ســوننە لەم ڕاپەڕیــنەدا بەشــدار بــوون، زۆربەیــان بە هــۆی کــاریگەری سیاســەتی پــان-ئیسلامیســتیی حکــوومەت، بەڵێنەکــانی ســەرکردە تورکەکــان و ملمــلانێی ســوننە-عەلەوی، ئامــاژەپێکراو لە ســەرەوە، لەو ڕاپەڕیــنە پشــتگیرییان نەکــرد. بــۆیە، ڕاپەڕیــنەکە ســەرکوت کــرا. کاتێــک لە ژێــر گوشــاری ئەتــاتورک دا مــافی کــورد لە پەیمــانی لــۆزان (١٩٢٣) ڕەچــاو نەکــرا، خەلافەتیش هەڵوەشــایەوە، ڕاپەڕینــی نــوێی کــوردی ســوننە بە ڕێبەرایەتــی شــێخ ســەعید لە ١٩٢٥ دا ســەری هەڵــدا. بە هــۆی هەبــوونی فەرمانــدەرە پێشــووەکانی ســوپای حەمیــدییە لە ڕاپەڕیــنەکەدا، نەتەنیــا زۆریــنەی عەلەوییەکــان پشــتگیرییان لــێ نەکــرد بەڵکــوو هەنــدێ هــۆزی عەلەوی لەڕاســتیدا لە بەرانــبەر ئەو ڕاپەڕیــنەدا ڕاوەســتان) بــڕوانە : (Olson, 1989, 12 & 31-35. وێــڕای ســەرکوتی ڕاپەڕینــی کــۆچگیری، ئەتــاتورک دیســانەوە لە ژێــر نــاوی ســێکولاریزمدا کە تێیــدا عەلەوییەکــان پــارێزراو بــوون، ئەوانــی بەرەو خــۆی ڕاکێشــا. بەرەنجــام، لە بەرانــبەردا، کــوردە ســوننەکانیش پشــتیوانیان نەکــرد لە ڕاپەڕینــی کــوردە عەلەوییەکــانی دێرســیم لە ١٩٣٧ دا.

کاریگەریی ڕووبەڕووبوونەوە ئایینییە-سیاسییە مێژووییەکان لەسەر کوردستان

بە درێژایــی ســەردەمی ئیســلام، ڕووبەڕووبــوونەوە ئــایینییە-سیاســییەکانی دەســەڵاتە سیاســییە جیاوازەکــان بە شــێوەی جۆراوجــۆر لەســەر کوردســتان کــاریگەر بــوون، بەتــایبەتی لە ڕێگــای بەکارهێنــانی سیاســی ئــایین وەکــوو ئامرازێــک بــۆ بەدەســتهێنان و پاراســتنی دەســەڵات. بە پێکهێنــانی خەلافەتی ئیســلامی، ســەرەتا عەرەبە موســڵمانەکان لە ڕێــگەی شــەڕی پیــرۆز (جیهــاد) لە دژی

ساسانییە زەردەشتییەکان و رۆمییە مەسیحییەکان زۆر وڵاتیان، بە کوردستان  ـیشەوە داگیر کرد. دوای گۆڕینی ئایینی گەلە جیاوازەکان، بێجگە لە سەردەمی مەغۆلەکان، کردەی شاراوەی ئیسلام یارمەتی خەلیفەکان و دەسەڵاتدارانی موسڵمانی دا بۆ یەکخستن و گرێدانی گەلە جۆراوجۆرەکان بە یەکترەوە لە ژێر ناوی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی لە بەستێنی ئوممەی موسڵمان وەک یەک کۆمەڵگەی خاوەن باوەڕی هاوشێوە. ئەوان چەترێکیان پێک هێنا کە لە ژێریا هێما و ڕەمزە ئیسلامییەکان لەوانە ئوممە و خەلافەت دەیتوانی هەموو وڵاتان لەبەرگرێت. ئەمە بە توندی لەسەر باروودۆخی چاندیی و کۆمەڵایەتی-سیاسیی هەموو نەتەوەکان کاریگەر بوو. لەڕاستیدا، مۆدێلی سیاسی ئیسلام لەسەر بنەمای "هەبوونی تاقە زمانێکی لەڕاستیدا پیرۆز" (Hastings, 1999, 200) بوو کە لە ڕێگەی قورئانەوە بەشداری لە گشتگیرکردنی زمانی عەرەبی دا دەکرد. گەرچی جەخت لەسەر بێ لایەنی لە قورئان دا دەکرا، ئیسلام بە شێوەی نەخوازراوانە ئامرازی تواندنەوە و تێکەڵکردن لە قازانجی عەرەب بوو. ئەمە بە کردەوە خزمەتی عەرەبەکانی کرد و لە کۆتاییدا بوو بە بەشێک لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە سەدەی بیستەم دا.

پاش سەردەمی دێرین، زۆربەی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی خەلافەت. بەوەشەوە، سەرەڕای کاریگەریی کۆمەڵایەتیی-سیاسیی، زۆربەی کورد زمان و چاند/کەلەپووری خۆیان پاراست. هەر لە قۆناغی یەکەمی خەلافەتی میراتییەوە، کورد وردەوردە بووژایەوە. حوکمڕانە کوردەکان و پاشان چەندین میرنشین و حکوومەتی کوردی لە کوردستان سەریان هەڵدا و پەرەیان سەند، بەتایبەت لە سەدەی دەیەمەوە کە دەسەڵاتی خەلیفەکان دابەزی. تەنانەت لە سەردەمی داگیرکاری مەغۆل دا هەندێ حکوومەتی کوردی مانەوە، بەتایبەت لە ڕێگەی بەیعەتدان بە داگیرکەرانەوە، هەندێ حکوومەتی نوێ پێکهاتن کە تا سەدەی نۆزدەم مانەوە. زۆربەی میرنشینەکان لە ژێر ناوی ئیسلام دا سەر بە خەلافەت بوون. بەوەشەوە، هەندێ حکوومەتی بەهێز ملکەچی هیچ سوڵتان و شایەک

نەبوون. ئەوان دراوی خۆیان لێدا و وتاری نوێژی هەینی بە ناوی حوکمڕانەکانیانەوە دەدرا. هەروەها، هەندێ جار کورد بەشدار بوون لە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی دا بۆ هەڵسووڕانی وڵاتانی تر بۆ نموونە دەوڵەتی سەربەخۆی ئەییوبییەکان. کورد هەبوونی سیستەمی پاشایەتی ئەزموون کرد، بۆ وێنە دەوڵەتی زەند (Bitlisi, 1597/2005; Nezan, 1993, 14; Bruinessen, 1992, 161-75; Jackson and Lockhart, 1986, 4).

لەگەڵ گەیشتنی ئیسلام تا سەردەمی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان، جیهانی ئیسلام و کوردستان گەرچی لە ژێر چەتری دەسەڵاتە سیاسییە جیاوازەکانی وەک خەلافەت و دواتر ئیلخانییەکان بوون، بەڵام دابەش نەکرابوون لە نێوان زلهێزەکانی خاوەن ئاینی جیاواز. پاش قۆناغێکی درێژخایەن، بە سەرهەڵدانی عوسمانییە سوننەکان و سەفەوییە شیعەکان، دۆخێکی هاوشێوەی سەردەمی دێرین و شەڕی نێوان ئیمپراتۆریەتەکانی ساسانی و ڕۆم دووپات بووەوە. ناکۆکییە ئاینییە-سیاسییەکان بە توندی کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی ناوچەکە و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی-سیاسیی کوردستان دانا. ئایین بەکارهێنرا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و پاشان بە یارمەتی هەستی ئاینیی، ڕێبەرانی ئاینیی و گۆڕینی ئاینی خەڵک، ئەوانە لە کوردستان دا تەشەنەیان کرد. حکوومەتە کوردییەکان بە ناچاری بەیعەتیان دەکرد لەگەڵ یەکێک لەو ئیمپراتۆریەتانە. زۆربەیان لە ڕێگەی ئاینەوە گرێدرابوون بە ئیمپراتۆریەتەکانەوە. عوسمانییەکان لە ئاینی هاوبەش واتە ئیسلامی سوننە کەڵکیان وەرگرت بۆ ڕاکێشانی زۆربەی خەڵکی کورد، کوردە سوننەکان و حکوومەتەکانیان. سەفەوییەکان و جێگرەکانیان لە ململانێی سیاسی نێوان کوردەکان و "بابی عالی" و ململانێی ئاینیی نێوان کەمینەی عەلەوی و عوسمانییەکان کەڵکیان وەرگرت. ئەوان هەوڵیاندا کە ئاینی سوننەی خەڵکەکە لە نێو سنووری دەسەڵاتی خۆیاندا بگۆڕن تاکوو ئەمەگدارییان بۆ خۆیان بەهێزتر بکەن و دیمۆگرافی کوردستان بگۆڕن. هەندێ جار، هەوڵیان دەدا کە لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە ئاینی والی میرنشینەکان بگۆڕن، وەک لە نموونە

میرنشینی ئەردەڵان دا ڕوویدا. هەندێ حوکمڕان دۆخەکەیان قبووڵ کرد بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان، تەنانەت ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێت. ناکۆکی، لەشکەرکێشی و شەڕی نێوان هەر دوو ئیمپراتۆریەتەکە کە کوردستانیان وەک شەڕگە بەکاردەهێنا، زیانی زۆری گەیاند بە خاکەکە و خەڵکەکەی. لە کۆتاییدا، سیاسەتی بەناوەندیکردنی هەردووڵا بە توندی پێکهاتەی سیاسی کوردستانی تێکدا.

دابەشکردنی کوردستان دواهاتی گرنگی شەڕەکان بوو. بەشی گەورەی کوردستان خرایە بندەستی عوسمانییەکان و هەندێ بەشیش بندەستی سەفەوییەکان، لەکاتێکدا کە هەندێکی تر لە نێوانیاندا دەستاودەستی دەکرد. ململانێیەکانی ئەو دوو دەسەڵاتە تەنانەت کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی نێوان میرنشینە کوردەکان هەبوو. ئەوانە لە دژی یەکتر شەڕیان دەکرد، یان لە یەکتر لە دژی ئەوانی تر پشتیوانییان دەکرد، یان پشتگیری یەکێک لەو دوو دەسەڵاتە گەورەیان هەبوو. بەوەشەوە، ئەم قۆناغەی میرنشینە کوردەکان، ناسراو بە سەردەمی زێڕین، ڕێگەی خۆش کرد بۆ بووژاندنەوەی چاند، زمان و نووسراوەی کوردی لەلایەن زانایانی ئایینییەوە. بەپێی بیردۆزیی هەیستینگز لەسەر نەتەوایەتی (١٩٩٩)، ناسیۆنالیزمی کوردی سەرچاوەی لەو سەردەمەدایە. هاوکات، حکوومەتە کوردییەکان گەشەیەکی بەرچاویان هەبوو. بەڵام لەگەڵ دامرکاندنی گرژییەکانی نێوان عوسمانییەکان و جێگرەکانی سەفەوییەکان، سیاسەتی بەناوەندیکردنیان دەست پێ کرد. لەگەڵ زۆربوونی بەناوەندیکردنەکە، ئەوان درێژەیان دا بە بەهێزترکردنی ئایینەکانیان بۆ داپۆشینی قەڵشتە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت قەڵشتە ئێتنۆنەتەوەییەکان. ئەمە زۆربوونی ڕاپەڕینی میرە کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لێکەوتەوە. هەردوو دەوڵەتەکە ڕاپەڕینەکانیان سەرکوت کرد. ئەوان مەلاکان و هەستی ئایینیی خەڵکیان لە دژی ڕاپەڕینەکان بەکارهێنا. لە بەرانبەردا، ڕاپەڕینی کورد بە ڕێبەرایەتی سەرکردە ئایینییەکان درێژەیان پێ درا.

لە کۆتـاییی سـەدەی نـۆزدەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـت دا، بە سـەرهەڵدانی ناسـیۆنالیزمی جۆراوجـۆر، دوژمنـــایەتی ئیمپراتۆریەتەکـــان جێـــی خـــۆی دا بە ڕووبەڕووبـــوونەوە ناسیۆنالیســـتییەکان کە بە شـێوازێکی جیـاواز ئایینیـان بەکـار دەهێنـا. نووسـەر لە نامیلکەیەکـدا ئـاورێکی داوەتەوە سـەر ئەم ڕووبەڕووبـوونەوانە. بەپـێچەوانەی قۆناغەکـانی پێشـتر کـاتێ کە سـەرکردە کوردەکـان بـۆ پتەوکردنـی دەسـەڵاتی خۆیـان زۆرتـر هاوپەیمـانییەتی چەکـداری و ئـایینی-سیاسـییان لەگەڵ یەکێـک لە ئیمپراتۆریەتەکـان پێـک دەهێنـا و هەنـدێ جـار هاوپەیمانییەکەیـان دەگـۆڕا، لە سـەدەی نـۆزدە بەتـایبەت لە دوایـین دەیەکانیـدا، ناسیۆنالیسـتە کوردەکـان بە دوای دەوڵەتێکـی سـەربەخۆوە بـوون. لەڕاسـتیدا، لە سـەرەتای سـەردەمی ئیسـلام دا تـاکوو سـەرهەڵدانی پـان-ئیسـلامیزمی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم و پاشـان پـان-تـورکیزم و سیاسـەتەکانی دژە کـوردی تـورکە لاوەکـان (١٩٠٨-١٩١٤)، گەرچـی هەلـی پێکهێنـانی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بـۆ زۆر نەتەوە، لەوانە کـورد، نەڕەخسـا، بەوەشـەوە هەنـدێ مـافی بەرابەری هاوو ڵاتێتی هەبـوو. (Bruinessen, 1992, 269) لە بەرانـبەر گۆڕانکارییەکانـدا، ئاگـایی ناسیۆنالیسـتیی کـورد زیـاتر پەرەی سـەند. هەروەهـا، سیاسـەتەکانی پـان-فارسیسـتی ڕەزا شـا لە ئێـران بـووە هـۆی زیـاتر گەشەسـەندنی ناسـیۆنالیزمی کـوردی. بـۆیە، پـاش ڵاوازبوون و ڕووخـانی خە ڵافەت و سیسـتەمی پاشـایەتی نەریتیـی، دواتـر سـەرهەڵدانی دەوڵەتە نـیمچە-مـۆدێرنە بەناوەنـدیکراوەکان، ململانێیەکـان بە شـێوەی ڕووبەڕووبـوونەوە ناسیۆنالیسـتییەکانی نێـوان میراتگرانـی ئیمپراتۆریەتەکـانی عوسـمانی و قاجـار لە کوردسـتان دا درێـژەی پـێ درا. ئـایینیش لە ڕووبەڕووبـوونەوە نوێیەکانـدا هەتـاکوو ئێسـتاکە ڕۆڵێکـی گرنگـی گێـڕاوە. سـەرنەکەوتن لە پێکهێنـانی دەوڵەتێکـی کـوردی دا بـووە هـۆی درێژپێـدانی بـزووتنەوەی کـورد بەتـایبەت بە شـێوەی نـوێ، سـەرەتا بە ڕێبەرایەتـی سـەرکردە ئایینییەکـان و دواتـر حیـزبە سیاسییەکان.

هەرچۆنێـک بێـت، ئەم تـوێژینەوەیە پیشـان دەدا کە لە مێــژووی ئیسـلام دا هەتـاکوو کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەم، سـێ ئێتنـۆنەتەوە -عەرەب، کـورد و تـورک- گرنگتـرین ڕۆڵیـان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا گێـڕاوە. ناکۆکییەکـان و ڕکـابەرایەتی سیاسـی سـەخت لە نێوانیانـدا سیاسـەتی نـاوچەکەی بـیچم دەدا. بەڵام لە کۆتاییـدا لەکاتێکـدا کە لە ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی دا عەرەبەکـان و تورکەکـان لە کـردەی سیاسـی ئـایین زیـاتر و سـەرکەوتووانە کەڵکیـان وەرگـرت، لە نێـو دەسـەڵاتی قاجـار دا بە هـۆی شـیعەگەرییەوە میراتـی سیاسـی قاجـارە تورکمانەکـان بـۆ ناسیۆنالیسـتە فارسـەکان بەجێمـا. پـاش زاڵیەتـی ناسیۆنالیسـتەکانی عەرەب، تـورک و فـارس (وەک پـاریزانێکی سیاسـی نـوێ لە نـاوچەکەدا)، لە گێـڕانەوەی مێـژووی سیاسـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت دا کە زیـاتر لە ژێـر کـاریگەریی ئەوانـدا بـووە، ڕۆڵـی کـورد، سـەرەڕای گرنگـایەتی مێژوویـی-سیاسـیی، ئەوەنـدە بە ئەرێنـی ڕەچـاو نەکـراوە -واتە وەک گەلـێ کە شـیاوی مـافی سیاسـی بێـت. بەوەشـەوە، نـاکۆکییە مێژووییەکـان لە پێکـدادانەکانی نێـوان ناسیۆنالیسـتە کوردەکـان و ئەوانـی تـردا ڕەنگـدانەوەی هەبـووە و لەسـەر سیاسـەتی هاوچەرخی ناوچەکە کاریگەر بووە.

پەراوێزەکان

(١) ئەم وتـارە وەرگێـڕدراوی وتـارێکە کە تـوێژینەوەکەی بە یـارمەتی دامەزراوەی هۆڵەنـدی بـۆ تـوێژینەوەی پێشـکەوتوو لە زانسـتە مرۆیـی و کۆمەڵایەتییەکانـدا (NIAS) لە سـاڵانی ٢٠١٩-٢٠٢٠دا جێبەجـێ کـراوە و پێشـتر لە گۆڤـاری ئینـدۆنیزیایی بـۆ مێـژوو و چانـدی ئیسـلامی بەو ناونیشـانەی خوارەوە بڵاو بووەتەوە، کە لێرەدا وێڕای پێداچوونەوە و دەسکاری کوردییەکەشی بڵاو دەبێتەوە:

Mofidi, S. (2021), “Studying the Impact of Religio-Political Confrontations of Islamic Empires in Kurdistan (From the Beginning until the End of the Islamic Caliphate),” Indonesian Journal of Islamic History and Culture, Vol. 2 No. 1, pp. 1-49, https://doi.org/10.22373/ijihc.v2i1.830

(٢) پێڕەوانی ئایینی ئێزدی، ئایینێکی ڕەسەنی کوردی، بە 'داسنی'ش ناسراون لەبەر ئەوەی کە لە دەوروبەری چیای داسنی ژیاون، هۆز و میرنشینێکیش بەوناوەوە هەبووە.

(٣) دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیووبییەکان، سوڵتان سەلاحەدین ئەییوبی بوو. ئەوان دەسەڵاتداری ناوچەیەکی بەرین بریتی لە سووریا و میسر بوون لە سەدەکانی ١٢ و ١٣ ز. دا. دواتر، نەوەکانیان دەسەڵاتداری میرنشینی حەسەنکێف بوون) بڕوانە Bitlisi, 1597/2005; Bruinessen, 1992, 135; Zaki, 1931, 143).

(٤) زنجیرەدەسەڵاتدارانی بوویهی و دەیلەمییەکان نەوەکانی خەڵکانێکی کۆنی کوردستان وەک کاردۆخییەکان بوون .(White, 2000, 44) لەڕاستیدا، هەرێمی دەیلەمی (نێوان زاگرۆس، تەبەرستان و گیلان) بەشێکی گرنگی کوردستانی کۆن بوو بەجۆرێ کە بە وتەی مینۆرسکی (1972, 21وەرگیراو لە (White, 2000, 45 ئەوێ بریتی لە ئامەد/دیاربەکر، لەلایەن عەزود ئەلدەولەی دەیلەمی لە زنجیرە دەسەڵاتدارانی بوویهی لە ٩٧٧ دا هێور کرایەوە. بە وتەی هەندێ توێژەر وەک مێهرداد ئیزەدی، هەندێک لە دەیلەمییەکان گەیشتن بە باکووری ئێرانی ئێستاکە. بۆیە ئەو ناوچەیە بە "دەیلەم"یش بانگ دەکرا .(Izady, 1992, 91) هەرێمی دەیلەم ناوچەیەک لە خاکی ماد بوو کە دواتر بە هۆی نیشتەجێبوونی تورکەکان لە ئازەربایجان، لە کوردستان دابڕا. تەنانەت زمانەکانی ئێستا لەوێ، گیلەکی و تاڵشی، بە کوردییەوە نزیکن. دەیلەمییەکانی کوردستانی کۆن بە

ئەگەرەوە باوبــاپیرانی کــوردانی زازا بــوون .(Gunes, 2012, 13) ئێســتاکە زازاکــان لە بــاکووری کوردســتان بە زاراوەی خۆیــان دەڵــێن دملــی کە ئەگەری پێوەنــدییەک لەگەڵ دەیــلەم پیشــان دەدات (Olson, 1989, 95; White, 2000, 44-5).هەروەهــا، بووەیهییەکــان خۆیــان پێوەنــد دەدایەوە بە ساسـانییەکان، کە لە باوبـاپیرانی کـوردان بـوون، پێوەنـدییەک لە نێـوان بووەیهییەکـان و کاکوییەکـان هەبـوو (بـڕوانە پەراوێـزی ژ. ٦) و هاوشـێوەتی ئـایینی لە نێـوان ئەوان و کـوردە کاکەییەکـانی ئێسـتادا هەیە.

(٥) بــۆ نمــوونە، میرنشــینییەکانی: شــەددادییەکان (٩٥١-١١٧٥) لە ئــاران و دڤــین لە مــادی ســەرەوە، حەســنەوەی/بەرزەکانییەکــان (٩٥٠-١٠١٥) لە هەمەدان و کرماشــان، ئانازییەکــان (٩٩١-١١١٧)، نەوەکــانی حەســنەوییەکان لە کرماشــان، ئیلـدم، دیــنەوەر و حەڵــوان، ڕەوادییەکــان (٩٥٥-١٠٧١ ز.) بنەمــاڵەیەکی بەکوردبــوو (لە ڕێــگەی تێکەڵبــوون و هاوســەرگیری لەگەڵ زنجیرەدەســەڵاتدارانی هەزەبــان) لە بەشـێکی مـادی سـەرەوە، واتە ئازەربایجـانی ئەوڕۆکە، کـوردانی هەزەبـان لە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی یــازدە دا لە ئادیــابین/هەزەبــانی دێرینــدا بریتــی لە گــۆلی وان و ورمــێ، مەروانییەکــان (٩٨٣-١٠٩٦) لە ئــامەد، ئەخلاـت و مەلەزگـر، عەیارییەکــان/شــازانجانییەکان (١٠٤٠)، ئەییووبییەکــان (بــڕوانە: پەراوێــزی ژ. ٣)، کاکوییەکـــان (١٠٠٧-١٠٥١) لە بەشـــەکەی تـــری خـــاکی مـــاد لە هەمەدان و دیـــنەوەرەوە بـــۆ ئەســپەهان/ئیســفەهان (بەپێــی پێوەنــدییان لەگەڵ بووەیهییەکــان و دەیلەمییەکــان، هاوشــێوەتی ئــایینی و نــاو لەگەڵ کــوردە یارســان/کاکەییەکــان و شــوێنی نیشــتەجێبوونیان، ئەوان ڕەنــگە پێوەنـدییان لەگەڵ کاکەییەکـان هەبێـت کە هێشـتا وەکـوو کـۆمەڵێکی ئـایینی لە کوردسـتاندا دەژیـن)، ئەتابەگەکـانی کـاکویی (١٠٥١ بـۆ ١١٤١) لە ئەسـفەهان و یەزد، فەزلەوییەکـان/کـوردانی شـوانکارە (١٠٣٠-١٣٥٥) لە شــوانکارانی لوڕســتان بە ســەرکردایەتی ئەمیــر فەزلــویە کە لە بنەڕەتــدا لە شام ـەوە هــاتبوو، ئەتابەگەکــانی لــوڕی گەورە/هەزار ئەســپان (١٠٩٥-١٤٢٤)، زەنگنەکــان/ئەتابەگەکــانی لــوڕی بچــووک

(ناســـراو بە خورشـــیدی بەهـــۆی دامەزرێـــنەرەکەیەوە شـــوجاعەدین خورشـــیدی) (١١٧٤-١٥٩٨) لە خورمـــاوا، لورســـتان (کە زۆر جـــار بەیعەتـــی خۆیـــان لە نێـــوان ســـەفەوی و عوســـمانییەکاندا دەگـــۆڕا بەجـــۆرێ کە لە کۆتاییـــدا شـــا عەبـــاس ســـەفەوی شـــاوێردی خـــانی ســـەرکردەیانی کوشـــت. دواتـــر نەوەکـــانی شـــاوێردی حکـــوومەتێکی بچووکتریـــان لە پشـــتکوی پاراســـت کە تـــا ســـەردەمی ڕەزا شـــای پەهـــلەوی مـــایەوە)) بـــڕوانە : Frye, 1975, 238-304; Boyle, 1968, 24-117 & 261; Zaki, 1931, v. 1, 131 140 and V. 2; Bitlisi, 1597/2005; Bruinessen, 1992, 161-75; Jackson and Lockhart, 1986, 4).

(٦) ڕێـــخەی زنجیرەدەســـەڵاتدارانی ئەردەڵـــن دەکـــرێ بگەڕێنـــدرێتەوە بـــۆ ســـەردەمی پـــێش ئیســـلام و هەروەهـــا مەروانییەکـــان. ئەوان بـــۆ مـــاوەی شـــەش ســـەدە و نیـــو تـــاکوو دەیەی ١٨٦٠ وڵـــاتی خۆیـــان بەڕێـــوەبرد. بـــۆ مـــاوەیەک تەنـــانەت ســـەربەخۆ بـــوون (لە دەوروبەری ســـەرەتای ســـەدەی چـــواردە لە کۆتاییەکـــانی ســـەردەمی ئیلخانییەکـــانەوە تـــا ســـەرەتای ســـەردەمی ســـەفەوییەکان نـــزیکەی ســـەرەتای ســـەدەی شـــازدە) و دراویـــان لێـــدا و وتـــاری هەینییـــان بە نـــاوی دەســـەڵاتدارانی خۆیـــانەوە خوێنـــد (بـــــــــــڕوانە .Kurdistani, 1946, 5-6; Bitlisi, 1597/2005; Zaki, 1931, V.2): حکـــــــــــوومەتی درێژخـــایەن و بەردەوامـــی ئەردەڵـــن پـــێگەی کـــوردی لە ڕۆژهەڵـــاتی کوردســـتان بەهێزتـــر کـــرد، بەتـــایبەت لە ســـەردەمی خەســـرەو خـــان و پاشـــان ئەمانوڵڵـــا خـــان ئەردەڵـــن، ســـەرکردەی بەهێـــزی کـــورد (١٨٠٠-١٨٢٤)، حکـــوومەتی قاجارەکـــان حەســـاوی بـــۆ دەکـــرد و بە گـــرنگییەوە ڕەچـــاوی دەکـــرد. ئەمانوڵڵـــا خـــان وەک کەســـایەتییەکی دیـــار هەوڵـــی دا شـــێوازە ئەوروپییەکـــان بـــۆ ڕاهێنـــانی هێزەکـــانی بەکاربهێنێـــت (Avery et al, 1991, 151 & 172). هەرچەنـــدە خەڵکـــی خـــاکی ئەردەڵـــن بە زۆریـــنە ســـوننە یـــان ســـەر بە ئـــایینە ڕەســـەنە کوردییەکـــان بـــوون، لە ســـەردەمی ســـەفەوییەکانەوە، بنەمـــاڵەی دەســـەڵاتدارانی ئەردەڵـــن وردە وردە، و لە ســـەرەتاوە بە ڕواڵەت، لەبەر پێوەنـــدی و هاوســـەرگیری سیاســـییان لەگەڵ

حکوومەتە ناوەندییەکاندا بوون بە شیعە. ئەمە وردە وردە کاریگەریی خستە سەر خودموختارییان.

(٧) بەپێی هەندێ گێڕانەوە، باپیرە گەورەی سەفەوییەکان، شێخ سەفیەدین ئەردەبێلی (١٢٥٢-١٣٣٤) کورد بوو و ئایینەکەی وەک زۆرێک لە کوردی ئەو سەردەمە سوننەی شافیعی بوو لەڕاستیدا(Bruinessen, 1992, 138). تا کاتی هاتنی تورکە سەلجووقییەکان لە سەدەی یازدە دا، خەڵکی "مادی ئاترۆپاتێن" (ئازەربایجانی ئەورۆکە) کورد بوون .(Farrokh, 2011, 10) دواتر، ئەوان وردەوردە لەوێ سڕدرانەوە. شێخ سەفی پێوەندیی لەگەڵ کەسایەتییە کورد و سوننە-سۆفییەکان لەوانە شێخ سەعدی هەبوو (بڕوانە پەراوێزی ژ. ١٦). ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەو و ڕۆڵەکانی پێوەندییان لەگەڵ کوردە یارسان/ئەهلی حەق/عەلیوڵڵاهی و عەلەوییەکان (هەروەها ناسراو بە قزلباش) هەبووبێت کە لەو کاتەدا کۆمەڵێکی گرنگی خاوەن ڕێبازی عیرفانی بوون. عەلی بن ئەبی تالیب، چوارەم خەلیفە لای سوننەکان و یەکەم ئیمامی شیعەکان، گرنگترین کەسایەتیی بووە بۆیان (ئایینی عەلەوی ئێستا لە باکووری کوردستان وێکچوونی لەگەڵ یارسان هەیە کە ئایینێکی ڕەسەنی کوردییە لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان. هەردووکی ئەمانە ئایینگەلێکی تێکەڵ و نیمچە-ئیسلامن. گەرچی هەندێ لایەنی ئیسلامی شیعەیان هەیە، ئەوانە فیرقەیەکی شیعە نین وەک شیعەی عەلەوی لە سووریا، کە نزیکترە لە سوننە تاکوو شیعەی دوانزە ئیمامی. ئەوان لەلایەن هەردووکی سوننە و شیعەوە قبووڵ نەکراون. تەنانەت لە ئێران دا ئەوان پێوەندی باشتریان لەگەڵ سوننەکان هەیە تاکوو شیعەکان). کوردانی بوویە، یارسان و عەلەوی بیروباوەڕ و زاراوەی کوردی – گۆران و زازا - تارادەیەک هاوشێوەیان هەیە. ئەوان پێوەندییان بە دەیلەمییەوە هەیە (بڕوانە پەراوێزی ژ. ٤). هەروەها بەپێی هەندێ گێڕانەوەی تر سەبارەت بە سەفەوییەکان، بەتایبەت لە سەردەمی شا ئیسماعیل دا، لەلایەکەوە، وەک 'سەیید' ڕەچەڵەکی

شێخ سەفی دەگەڕێتەوە بۆ عەلی و ئەو ڕەچەڵەکی عەرەبی هەبووە. لەلایەکی ترەوە، ئەو وەک تورکێک ناسێنراوە (بڕوانە: Jackson and Lockhart, 1986, 39, 195, 214, 620 & 630-3). ئەم جۆرە گێڕانەوانەی دوایی بە ئەگەرەوە زیاتر چیرۆکی سیاسین. بۆ نموونە، ئێسکەندەر بەگی مونشی لە پەرتووکەکەیدا سەبارەت بە مێژووی سەفەوییەکان، سەرەتا شێخ سەفی دەباتەوە سەر عەلی و پاشان وەک "تورکێکی گەنج/لاو" ئاماژەی پێ دەکات (Monshi, 2003, 9-12). دیارە مونشی وەک تورکمەنێک لە دیوەخانی سەفەویدا ڕوانگەیەکی سیاسی هەبوو.

(٨) قزڵباش باوەڕیان بە ئیمامەت و پاشایەتی ڕۆحی چوارەمین خەلیفە، عەلی و ڕۆڵە و نەوەکانی هەبوو. لەبەر ئەوەی کە سۆفییە سەفەوییەکان "پۆپە/تاجی حەیدەری"یان - تەقلەیەکی قووچەکی سووری جیاواز کە دوانزە چینی بە نیشانەی دوانزە ئیمامی شیعە هەبوو- دەکردە سەریان، بە "قزڵباش" ناسران. حەیدەر نازناوی عەلی و هەروەها ناوی باوکی شا ئیسماعیل بوو (بڕوانە: Howard, 2017, 78-9; Newman, 2006, 2; Jackson and Lockhart, 1986, 195 & 207; Abisaab, 2004, 8).

(٩) لەو کاتەدا، زۆرینەی شیعە لە سیاسەتدا بەشدارییان نەدەکرد و حوکمڕانی دەسەڵاتدارێکی شیعە لە سەردەمی نەبوونی ئیمامەکەیان ڕەت دەکردەوە. ئەوان هێما سیاسییە ئیسلامییەکانیان نەبوو، لەوانە وتاری هەینی کە لە سەرەتای ئیسلامەوە نیشانەی دەسەڵات و ڕەوایی/شەرعییەت بووە. سەفەوییەکان پێویستیان بە هێماکانی ڕەوایی پێدان هەبوو، لە چەشنی ئەوانەی کە دەسەڵاتدارە سوننەکان بەکاریان دەهێنان. بۆیە لە عاملییەکان کەڵکیان وەرگرت کە بەپێچەوانەی زانا شیعەکانی قەتیفی، بەحرەینی و عێراقی، هاوڕا بوون لەگەڵ شیعە وەک ئایینێکی دەوڵەتی. سەفەوییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی عوسمانییەکان پێویستیان بە وەها شێوەیەک لە ئایینی شیعە هەبوو. بۆ سەلماندنی پێکهێنانی دەوڵەت و سەروەریی ئیمپراتۆریەتی خۆیان، ئەوان داکۆکییان لە

ڕۆڵی کۆمەڵایەتی-سیاسیی توێژی مەلایان کرد و ڕێبازی عاملییەکانیان بەکارهێنا بۆ ڕاڤەی نوێ لە نەریت/سوننەت و دەرهێنانی ئاوەزمەندانەی فەرمانە یاساییەکان (ئیجتیهاد). ئیجتیهادی عاملییەکان لەسەر بەڕێوەبردنی وتاری نوێژی هەینی بووە هۆی برواداریی شیعە و سەروەریی و ڕەوایی دەسەڵاتدارانی شیعە. بەم شێوەیە ئایینی شیعە بۆ یەکەم جار کرا بە دامەزراوەیی و لەلایەن شاکانی سەفەوی سەرەتاییەوە گونجێندرا لەگەڵ دەوڵەتداریی (Abisaab, 2004, 4-21, 51, 139).

(١٠) بڕوانە:

“İdrisi Bitlisi kimdir?” Islamic Encyclopedia, retrieved 3/17/2020, at: https://sorularlaislamiyet.com/idrisi-bitlisi kimdir (2007/2016).

(١١) "دیتران/ئەوانی دی" بۆ کورد هەردووکی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان (جێگرەکانیان بێجگە زەندەکان) بوون.

(١٢) کوڕی جانپۆلاد (میر عەلی) کە کوڕی قاسم کوردی لە کوردانی ئەییوبی بوو، حکوومەتی سەربەخۆی خۆی لە حەلەب دامەزراند. ئەو هێز و چەکداری جێی سەرنجی هەبوو و بە ناویەوە وتاری هەینی دەخوێنرا و دراو لێ دەدرا. ئەو هەوڵیدا کە پەیماننامە و پێوەندییەکانی دەرەوەی هەبێت. بەڵام لە شەڕی عوسمانییەکان لەگەڵیدا، لە کۆتاییدا بەزی و لە ١٦٠٧ دا حکوومەتەکەی ڕووخا .(Zaki, 1931, 178-180) بەپێی گێڕانەوەی باو، گرنگترین زنجیرە بنەماڵە دەسەڵاتدارە دروزییەکانی ئێستا لە لوبنان و سووریا لەوانە خێڵی ''جونبەلات''، لە پاشماوەکانی ئەو کوردانەی ئەو کات بوون کە دواتر زمانیان گۆڕدرا بە عەرەبی. بە پێی هەندێ گێڕانەوەش کە وشەی 'درووز'

دەبەنەوە سەر وشەی 'دەرزی' لە کوردی (درز و هەروەها دەرزی بەرگدووری) و فارسی ("درز" و هەروەها بەرگدوور) لە پاشناوی دامەزرێنەری ئایینی درووزی واتە محەمەد بن ئیسماعیل دەرزی، ئەگەری پێوەندی دامەزرێنەری ئەم ئایینە بە کوردەوە هەیە. هەروەها، دیارە هەندێ هاوشێوەتیش لە نێوان ئایینەکەیان، ئایینی درووزی، وەک ئایینێکی تێکەڵ، لەگەڵ هەندێ ئایین لە کوردەواری لەوانە عەلەوی و یارسانەکان هەیە.

(١٣) ئەمیر خانی یەکدەست یەکێک لە میرە بەناوبانگەکانی زنجیرە دەسەڵاتدارانی/خانەدانی برادۆست، لە نەوەکانی حەسنەوییەکان، لە دەوروبەری ورمێ لە سەردەمی شا عەباس یەکەم دا (١٥٨٨-١٦٢٩)، بوو. ئەو لە شەڕێکدا کە بۆ یارمەتیدانی عومەر خانی سۆران چووبوو، دەستێکی پەڕی. پێش ڕاپەڕینەکەی، شا عەباس دەستێکی زێڕینی (لەپ زێڕین) پێدا، بۆیە بەوە ناوبانگی دەرکرد. چیرۆکی خۆڕاگری لە قەڵای 'دمدم'، ناوەندی دەسەڵاتەکەی، لە نێو کورداندا بەناوبانگە (Monshi, 2003, V. 2, 792; Zaki, 1931, 180).

(١٤) بڕوانە: پەراوێزی ژ. ٥.

(١٥) سووراو/سورخاب بەگی ئەردەڵان سەربەخۆیانە حکوومەتی کرد و هەندێکی تریان وەک تەیموور خان و هەڵۆ خان لەلایەن عوسمانییەوە پاڵپشتییان لێ کرا، لەکاتێکدا خان ئەحمەد خان لەلایەن سەفەوییەکانەوە پاڵپشتی لێ کرا.

(١٦) "هەزار ئەسپ" ناوی کوردی کوڕی دامەزرێنەرەکەیان بوو. وەک حوکمڕان، ئەوان ناوی حکومی "ئەتابەگ"یان هەبوو کە پێکهاتبوو لە وشەی کوردی "بەگ" واتە خوا/خاوەن، بە گوتەی

نەبەز (2004, 24)، لەگەڵ "ئەتـــا" وشـــەیەکی تـــورکی یـــان عەرەبـــی کە لە ســـەردەمی سەلجووقییەکان ـەوە سـەری هەڵـداوە. لە پێوەنـدی لەگەڵ ئەتابەگـانی بچـووک (بـڕوانە پەڕاوێـزی ژ. ٥)، هـۆزی زەنـگەنە هێشـتا لە کرماشـان دا دەژیـن. لەبەر ئەوەی کە هەنـدێ کـورد لە نێـوان پـارس و ئەهـواز دا ژیـاون، پـێش ئەتابەگەکـان و پـاش ئەوانـیش کوردەکـان هەنـدێ جـار حکـوومەتی شیراز یان بە دەسـتەوە بـووە. هەروەهـا، هەنـدێ چیـرۆک پێوەنـدیی کوردەکـان لە نـاوچەکەدا پیشـان دەدات، بـۆ نمـوونە چیرۆکـی شـێخ سـەعدی هەڵبەسـتوانی ناسـراو کە لە سـەردەمی ئەتابەگەکـان لە سـەدەی سـێزدەم دا دەژیـا) بـڕوانە .(Boyle, 1968, 594: گـوتراوە کە بـاوکی سـەعدی خەڵکـی گونـدی دەگاشـێخان لە نزیـک مەریـوان بـووە کە لە جـوانڕۆ مەڕد بـووە. یەکێـک لە ئەتابەگەکـان بـردوویە بـۆ شـیراز کە لەوێـدا سـەعدی لەدایـک بـووە. لە هەڵبەسـتێکدا بە پیتـی ئەبـجەد، ئەو ئامـاژە بە ڕەچەڵەک و کوردبـوونی خـۆی دەکـات. پەرتووکەکـانی "گولسـتان" و "بووسـتان" پیشـان دەدەن کە ئەو کـوردی دەزانـی. زۆرێـک لە هەڵبەسـتە کوردییەکـانی وردەوردە لەلایەن ئەوانەی پەرتووکەکـانی ئەویـان نووسـیوەتەوە گـۆڕدراون یـان پەرتووکەکـانی لەنێـو چـوون. هەروەهـا ئەو سـوننەیەکی شـافعی بـوو کە نازنـاوی 'شـێخ' بە ئەگەرەوە پێوەنـدی هەیە بە دانیشـتووانی گونـدە سـەرەکییەکەیانەوە کە زۆربەیـان شـێخ بـوون. پەرتووکەکـانی هێشـتاش لە حوجرەکـانی کوردسـتان دا دەگـوترێنەوە (نووسـەر ئەم زانیاریـانەی لە سـەرچاوەی جۆراوجـۆر بیسـتووە، بەتـایبەت توێژەرانێـک وەک مامۆسـتا مـحەمەد یوسـف و ڕەئـوف ڕەهنمـوون. مامۆسـتا مـحەمەد یوسـف لە ڤیدیۆیەکیشـدا ئەو باسـە دەکات).

(١٧) ئەوان شـەڕی یەکتریـان دەکـرد و خـاکی بـن دەسـەڵاتی یەکتریـان داگیـر دەکـرد. تەنـانەت لە دەیەکـانی ناوەڕاسـتی ئەم سـەدەیەدا حەسـەن عەلـی خـان والـی ئەردەڵان لەلایەن سـەلیم بەگ یەکێک لە سەرۆکە کوردەکانی بابانەوە کوژرا.

(١٨) میرنشـــینی ئەردەڵـــن، وەک ئامـــاژە کـــرا، گرنگترینـــی ئەمـــانە بـــوو کە وەک هاوپەیمانێـــک پێوەنـدییەکی کـۆنی لەگەڵ هـۆزی قاجـار هەبـوو. بە پیشـاندانی هێـزی خـۆی، سـەرەتا بە پەرەپێـدانی خـاکی بندەسـتی دەسـەڵاتی خـۆی بەرەو مەڕیوان و گوڵپایگـان و پاشـان ڕاگەیانـدنی گـوێڕایەڵی بـۆ قاجارەکـان، والـی ئەردەڵـن لەلایەن قاجارەکـانەوە پشـتگیری لـێ کـرا و بە سـپاردنی هەرێمێکـی دەسـەڵاتی گەورەتـر لە پـێش بریتـی لە ناوچەکـانی سـنوور/سـونقوڕ و کولیـایی دانـی پێـدا نـرا. هاوپەیمـانی قاجـار-ئەردەڵـن بەردەوام بـوو و لە ڕێـگەی پێوەنـدیی هاوسـەرگیرییەوە بەهێزتـر بـوو. لەڕاسـتیدا، ئەوان سیاسـەتی کـۆنی هاوپەیمانییـان بەدواداچـوون کـرد. هاوپەیمـانی سیاسـی حوکمڕانـانی ئەردەڵـن لەگەڵ سـەفەوییەکان، ئەفشـارییەکان، زەنـدەکان و قاجارەکـان، هەروەهـا، ئـاییی هاوبەشـیان، بـوو بە هـۆی مـانەوەی درێژخایەنیـان. هاوکـات، هـۆزێکی بە ڕەچەڵەک کـورد بە نـاو شـقاق (ئەگەری ئەوە هەیە کە بەشـێکی دابـڕاو و گـۆڕاو لە هـۆزی شـکاک بـووبێتن، ڕەنـگە لەوانەی زووتـر تێکەڵـی قزڵباشـەکان ببـوون)، بە سـەرکردایەتی سـادق خـان یـارمەتی قاجارەکـانی دا لە دامەزرانـدنی دەسـەڵاتەکەیاندا. بەوەشـەوە، دواتـر سـادق خـان لە دژی قاجارەکـان ڕاپەڕی، بەڵام لەلایەن فەتحعەلـی شا ـوە سـەرکوت کـرا. جـگە لەوەش، کوردەکـان لە خۆراسـان خـاکی خۆیـان کـۆنترۆڵ دەکـرد. ئەم ڕاگـرتن و دەسـەڵات پـێ سـپاردنانە لە ئاراسـتەی سیاسـەتی قاجارەکانـدا بـوو بـۆ دامەزرانـدنی تۆڕێـک لە لایەنگر و هاوپەیمانەکـانی لە نێـو هـۆزە ڕکابەرەکانیـدا. لەکاتێکـدا کە زەنـدەکان و ئەوانـی تـر لە باشـووری ڕۆژهەڵـاتی کوردسـتان دا و کـوردانی شـکاک لە بـاکووری ڕۆژهەڵاتـدا سـەرکوت کـران، سـەرۆک هـۆزی دونبـولی کـورد وەک حـوکمڕانی خـۆی و تەورێـز دیـاریی کرا (بڕوانە: Avery et al, 1991, 119-138 & 517; Kurdistani, 1946, 167; Zaki, 1931, 209).

(١٩) لە پـاڵ والییەکانـدا لە خۆرمـاوا، پشـتکۆ (ئەورۆکە بەشـێک لە پارێزگـای ئیلـام)، کرماشـان و ئەردەڵان و هتـد، هەنـدێک سـەرۆک هـۆزی کـورد پێگەیەکیـان هەبـوو تـاڕادەیەک هاوتـای والـی و حوکمڕانەکـان کە تـا سـەدەی بیسـتەم و پێکهـاتنی دەوڵەتـی نـیمچە-مـۆدێرنی ئێـران، خودموختـاری خۆیـان پاراسـت. لە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەم دا، بـێجگە دوایـین میرنشـینی کـورد، ئەردەڵان، کە تـا ١٨٦٥ مـایەوە (بـڕوانە: پەراوێـزی ژ. ٦)، لوڕسـتان لە سـەردەمی سـەفەوییەوە حکـوومەتی نـیمچە-سـەربەخۆی خـۆی پاراسـتبوو و لە ژێـر دەسـەڵاتی والـی کرماشـان دا بەردەوام بـوو؛ والـی پشـتکۆ لە سـەردەمی قاجـار دا هەتـاکوو ١٩٢٩ بە سـەربەخۆ و نـیمچە-سـەربەخۆ مـایەوە؛ بەشـێک لە کرماشـان تـا ١٩٠٧ لەلایەن ئیلخـانی کەلهـوڕەوە بەڕێـوە دەبـرا. گـرووپە کوردەکـانی دەوروبەری ورمـێ بە شـێوەی خودموختـار سـنوورەکانی نێـوان دوو دەسـەڵاتی عوسـمانی و قاجاریـان دەبەزانـد. لەڕاسـتیدا، لەو کـاتەوە کە کوردسـتان لە نێوانیانـدا دابەش کرابـوو، هـۆزە کوردەکـان دانیـان بە سـنووری دەسـکردەکانی ئەو دەوڵەتـانە لە کوردسـتان دا نەدەنـا و تـا سـەرەتای دەیەی ١٩٢٠ بـێ ڕەچـاوکردنی سـنوورەکان جموجـووڵ و هـاتوچۆی خۆیـان درێـژە پـێ دا. هەروەهـا، تـا ساڵەکانی ١٨٣١-١٨٣٢ گـرووپە کوردەکـانی خوراسـانیش گـوێڕایەڵی والـی خوراسـان نەبـوون و ئەمـارەتی قووچـان خۆسـەر/خودموختـار بـوو) بـڕوانە: Avery et al, 1991, 144, 468, 512-4 and 520-1; Koohi Kamali, 1992, 172; Ghassemlou, 1993, 105; Zaki, V.2).

(٢٠) سەبارەت بە پێگەی خودموختاری هۆزی جاف، بڕوانە: Mousavi, 2013.

(٢١) لە ١٧١٦ دا، بەکـر بەگ کـوڕی سـولەیمان لە دژی بەغـدا ڕاپەڕی و بەزی. لە ناوەڕاسـتی سـەدەی هەژدە دا، سـولەیمان پاشـا کـوڕی خالیـد پاشـا لە دژی بەغـدا ڕاپەڕی. عەبـدولرەحمان پاشـای بابـان چەنـدین جـار لە سـەرەتای سـەدەی نـۆزدە دا ڕاپەڕی و هەوڵـی دا کە حکـوومەتێکی سـەربەخۆی گەورە پێـک بهێنێـت. مـحەمەد دەروێـش پاشـا لە وان بە شـێوەی سـەربەخۆیانە هەڵسـوکەوتی لەگەڵ

دەکـرا و لە دەوروبەری ١٨١٨ دا دراوی لێـدا. سـمایل پاشـای بادینـان لە نـزیکەی ١٨٣٥ دا سـەربەخۆیانە حکـوومەتی کـرد، بەڵام گیـرا و خـرایە بەنـدیخانە .(Zaki, 1931, 213-224) ڕاپەڕینـی عەلـی خـان و جـافر خـانی شـکاک لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدە دا نموونەگەلێـک لە ڕاپەڕینـی کـورد لە دژی قاجارەکان بوون) بڕوانە.(Farrokh, 2011, 220 :

(٢٢) لە کـاتی ڕاپەڕینەکانـدا، هەنـدێ میـری کـورد پاڵپشـتییان لە سـەرکردە ڕاپەڕیوەکـان نەدەکـرد. بـۆ نمـوونە، سـمایل پاشـای بادینـان یـارمەتی پاشـای کـۆرەی نەدا، لەکاتێکـدا هێزەکـانی عوسـمانی دواتـر ئەویشیان لە نێو برد.(Zaki, 1931, 235)

(٢٣) بەدرخـان کە بـوو بە میـری جزیـرە و بۆتـان لە ١٨١٢ دا هەوڵـی دا کە کوردەکـان یەک بخـات و سـەربەخۆیان بکـات. سـەرەتا، ئەو عوسـمانییەکانی بەزانـد و سـەربەخۆیی ڕاگەیانـد. لە ١٨٤٢ دا بە نـاوی خـۆیەوە دراوی لێـدا و بە سـەر زۆر نـاوچەی کوردسـتان دا لەوانە وان، سـابلاغ، ڕوانـدز، موسـڵ، شـنگال، شـنۆ، ورمـێ و دیـاربەکر حـوکمی کـرد. بەرەنجـام، بە هـۆی خەیـانەتی یەکێـک لە خزمەکـانی، ئەمیـر عیـزەدین، ئەو دۆڕا و گیـرا. دواتـر، لە سـەردەمی شـەڕی نێـوان عوسـمانییەکان و ڕووسـیا دا، عوسـمانییەکان زۆر موجاهیـدیان لە کوردستان ـەوە کـۆکردەوە و دوو لە کوڕەکـانی بەدرخانیـان، عوسـمان و حوسـێن کەنعـان پاشـا، وەکـوو فەرمانـدەری ئەوانە دیـاریی کـرد. بە کەڵکـوەرگرتن لەم دۆخە، کاتێـک لە ١٨٧٩ دا گەڕانەوە کوردسـتان، ئەوان سـەربەخۆیی خۆیـان لە جزیـرە ڕاگەیانـد و لە شـوێنەکانی تـریش لەوانە جـوولەمێرگ، ئامێـدی، مـاردین، نوسـیبین تەشـەنەیان کـرد. عوسـمان بـوو بە ئەمیـر و وتـاری هەینـی بە نـاویەوە خـوێنرایەوە، بەڵام لە کۆتاییـدا، بە فێـڵ و پیلان لە دانوسـتانەکاندا ئەوانیش گیران.(Zaki, 1931, 226-228)

سەرچاوەکان

Abisaab, Rula Jurdi (2004), Converting Persia; Religion and Power in the Safavid Empire, London: I.B.Tauris & Co Ltd.

Al- Tabari, Abu Ja'far Muhammad ibn Jarir (1970), History of the Prophets and Kings (Tarikh al-Rusul wa al-Muluk), reviewed by: Muhammad Abul Fadil Ibrahim, V. 4, Cairo; Dar al-Maarif.

Al-Dinawari, Abu Hanifa Ahmad ibn Dawud (1960), al-Akhbar al-Tiwal, investigation: Abdel-Moneim Amer, reviewed by: Jamal Al-Din Al-Shayal, Cairo: Arab Books Revival House, First Edition.

Al-Khalil, Ahmad Mahmoud (2011), The history of Kurd in Islamic Civilization, translated into Kurdish by Zirar Ali, Sulaimaniyeh; Paywand.

Andrew J. Newman (2006), Safavid Iran; Rebirth of a Persian Empire, New York; I.B.Tauris.

Asatrian, G. (2009). Prolegomena to the Study of the Kurds, Iran & the Caucasus, Vol. 13, No. 1, pp. 1-57.

Aubrey R. Vine (1937), The Nestorian Churches, London: Independent Press.

Avery, Peter, Gavin Hambly and Charles Melville (ed.) (1991), From Nadir Shah to the Islamic Republic, The Cambridge History of Iran, in seven volume, volume 7, UK; Cambridge University Press.

Barkey, Henri J. and Graham E. Fuller (1998), Turkey's Kurdish Question, USA: Rowman & Littlefield.

Bitlisi, Prince Sharaf al-Din (2005), The Sharafnama or the History of Kurdish Nation, 1597, English Translation and commentaries by M. R. Izady, California; Mazda Publisher.

Boyle, J. A. (ed.) (1968), The Saljuq and Mongol Period,The Cambridge History Of Iran, in seven volume, volume 5, UK; Cambridge University Press.

Bruinessen, Martin Van (1992), Agha, Shaikh and State, The Social and Political structures of Kurdistan, London and New Jersey: Zed Books.

Bruinessen, Martin Van (1999), "The Kurds and Islam," Islamic Area Studies project, no. 13, Tokyo.

Cheriff Vanly, Ismet (1992), "The Kurds in Syria and Lebanon". In The Kurds; A Contemporary Overview, Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl (eds.), London; Routledge, pp. 143-170.

Colin Imber, The Ottoman Empire 1300-1650; the structure of power, third edition, RED Globe press, 2019.

Douglas A. Howard (2017), A History of the Ottoman Empire, UK; Cambridge University Press.

Farrokh, Kaveh (2011), Iran at War 1500-1988, UK; Osprey publishing.

Frye, R. N. (ed.) (1975), The Period from the Arab Invasion to the Saljuqs, The Cambridge History Of Iran, in seven volumes, volume 4, UK; Cambridge University Press.

Ghassemlou, A. R. (1993), “Kurdistan in Iran.” In Gerard Chaliand (ed.), A People without a country, The Kurds and Kurdistan, Olive Branch Press, 1993, pp. 95-121.

Gunes, Cengiz (2012), The Kurdish National Movement in Turkey; From Protest to Resistance, New York; Routledge.

Gunter, Michael M. (2011), The Kurds Ascending; the Evolving Solution to the Kurdish Problem in Iraq and Turkey, second edition, New York; Palgrave Macmilan.

Hassanpour, Amir (2003), “The Making of Kurdish Identity: Pre-20th Century Historical and Literary Discourses.” In Abbas Vali (Ed.), Essays on the Origins of Kurdish nationalism, Mazda Publisher, pp. 106-162.

Hastings, Adrian (1999), The Construction of Nationhood; Ethnicity, Religion and Nationalism, Cambridge University Press.

Inalcik, Halil (2000), The Ottoman Empire; the classical age 1300-1600, London; Phoenix.

Izady, Mehrdad (1992), The Kurds: A Concise Handbook, Russak, Washington.

Jackson, Peter and Laurence Lockhart (eds.) (1986), The Timurid and Safavid Periods,The Cambridge History of Iran, in seven volume, volume 6, Cambridge University Press.

Kedourie, Elie (1992), Politics in the Middle East, New York; Oxford University Press.

Kehl-Bodrogi, Krisztina (2003), “Ataturk and the Alevis: A Holy Alliance?” in Paul J. White and Joost Jongerden (eds.), Turkey’s Alevi Enigma; A Comprehensive Overview, Leiden; Brill, pp. 53-69.

Koohi-Kamali, Fereshteh (1992), “The development of nationalism in Iranian Kurdistan”. In Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl (eds.), The Kurds; A Contemporary Overview, London; Routledge, pp. 171-192.

Kurdistani, Mah Sharaf Mastoura, 1946, The History of Ardalan, reviewed by: Nasir Azadpour, Sine: Bahrami Publication.

Macfie, A.L. (1998), The End of the Ottoman Empire 1908-1923, London; Longman.

Maóz, Moshe (1999), Middle eastern Minorities between integration and conflict, The Washington Institute for Near East Policy.

McDowall, David (1992), “The Kurdish Question: A Historical Review”. In The Kurds; A Contemporary Overview, Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl (eds.), London; Routledge, pp. 10-32.

Mousavi, Mohammad Mehdi, The Memory of Ihtsham al-Saltaneh, Tehran: Zavar, 2013.

Munshi/Turkman, Iskandar Beyg (2003). The History of Shah 'Abbas the Great: Tarikh-e Alamara-ye Abbasi. Edited byIrajAfshar, Tehran; Amir Kabir Publication.

Murphey, Rhoads (1999), Ottoman Warfare 1500-1700, UK; UCL Press.

Murre-van den Berg, Heleen (2010), “Apostasy or a House Build on Sand; Jews, Muslims and Christians in East-Syriac Texts (1500-1850).” In Camilla Adang and Sabine Schmidtke (eds.), Contacts and Controversies between Muslim, Jews and Christians in the Ottoman Empire and Pre-Modern Iran, Wurzburg, 2010, pp. 223-244.

Nebez, Jemal (2004), The Kurds; History and Culture, Translated into English by: Hanne Kuchler, London: WKA Publications.

Nezan, Kendal (1993), "The Kurds under the Ottoman Empire." In Gerard Chaliand (ed.), A People without a country, The Kurds and Kurdistan, Olive Branch Press, 1993, pp. 11-37.

Olson, Robert (1989), The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880-1925, Austin; University of Texas Press.

Romano, David (2006), The Kurdish Nationalist Movement; Opportunity, Mobilization and Identity, Cambridge University Press.

Shafir, Nir (2019), "Moral Revolutions: The Politics of Piety in the Ottoman Empire Reimagined", Comparative Studies in Society and History, 61(3), pp. 595–623. doi:10.1017/S0010417519000185

Soleimani, Kamal (2016), Islam and Competing Nationalism in the Middle East, 1876-1926. New York: Palgrave.

Soleimani, Kamal (2018), "A Kurdish Sufi Master and His Christian Neighbors." Zanj: The Journal of Critical Global South Studies, vol. 2, no. 1, pp. 6–21.

Vali, Abbas (2003), "Genealogies of the Kurds: Constructions of Nation and National Identity in Kurdish Historical Writing." In Abbas Vali (Ed.), Essays on the Origins of Kurdish nationalism, Mazda Publisher, pp. 58-105.

Vorhoff, Karin (2003), “The Past in the Future: Discourses on the Alevis in Contemporary Turkey,” in Paul J. White and Joost Jongerden (eds.), Turkey’s Alevi Enigma; A Comprehensive Overview, Leiden; Brill, pp. 93-109.

Ward, Steven R. (2009), Immortal; A Military History of Iran and Its Armed Forces, Washington D.C; Georgetown University Press.

White, Paul J. (2000), Primitive Rebels or Revolutionary Modernizers? The Kurdish National Movement in Turkey, Zed Books.

Yavuz, M. Hakan(2007), “Five Stages of the Construction of Kurdish Nationalism in Turkey”, in Charles G. MacDonald and Carole A. O’Leary, Kurdish Identity; Human Rights and Political Status, University Press of Florida, pp. 56-76.

Zaki, Muhammad Amin (1931), Kurd and Kurdistan, 3 volumes, Baghdad; Dar al-Salam publication.